# دوو سەد ساڵ بێدەنگی



خوسرەو جاف

# ناسنامەی کتێب


❁ **ناوی کتێب:** دوو سەد ساڵ بێدەنگی

❁ **بابەت:** ڕۆمان

❁ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❁ **بەرگ:** زێڕین جاف

❁ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❁ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە





# دوو سەد ساڵ بێدەنگی

**و: خوسرەو جاف**

چاپی: یەکەم


٢٠٢٠



# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| **- ١ - فەرمانڕەوایانی سارا** | **١٤** |
| ڕۆژانی ئارام | ١٤ |
| سارانشینان | ١٤ |
| حیرە | ١٨ |
| بەني لەخم | ٢٠ |
| هاماوەران | ٢٥ |
| شاکانی حەمیەر | ٢٧ |
| کێبڕکێی بازرگانی | ٢٨ |
| یارانی ئخدود | ٢٩ |
| خاوەن فیلەکان | ٣١ |
| زییەزمان | ٣٦ |
| سەیف زیٖیەزەن | |
| وەهرز دەیلەمی | ٣٩ |
| ئێرانیەکان لە یەمەندا | ٤٠ |
| **- ٢ - باهۆزی لم** | **٤٣** |
| پەیامی محەمەد | ٤٣ |
| ئایینی تازە | ٤٣ |
| عەرەبی تالآنکەر | ٤٥ |
| لەشکەر ئارایی بۆ شەڕ | ٤٦ |
| لە قادسیەدا | ٤٩ |
| ئاکامی شەڕی قادسیە | ٥٣ |
| شاری مەداین | ٥٤ |
| گرتنی مەداین | ٥٥ |
| شەڕی جەلەولا | ٥٦ |

| | |
|---|---|
| شوشتەر و شوش | ٥٧ |
| دەربارەی خەیانەت | ٦٠ |
| دوا شەر | ٦١ |
| فەتحی نەهاوەند | ٦٣ |
| **- ٣ - سەرەتای تراژیدیایەك** | **٦٥** |
| ململانیەکان | ٦٨ |
| کوشتنی حەزرەتی عومەر | ٧٠ |
| رەفتاری داگیرکەران | ٧٣ |
| خوسرەو پەروێز دەربارەی عارەب وتوویەتی | ٧٦ |
| مەوالی و بەنی ئومەیە | ٧٧ |
| لێزانی ئێرانیەکان | ٧٨ |
| راپەرینی موختار | ٨٠ |
| حەجاج | ٨٥ |
| عەبدولرەحمان | ٨٧ |
| راپەڕینی زەیدی کوڕی عەلی | ٩٠ |
| یەحیای کوڕی زەید | ٩٢ |
| روخانی دەسەڵاتی ئەمەوی | ٩٤ |
| **- ٤ - زمانی ون بوو** | **٩٧** |
| ئاوازە کۆنەکان | ٩٧ |
| پەیامی تازە | ٩٨ |
| زمانی گوم بوو | ٩٩ |
| کیتاب سوتاندن | ١٠٠ |
| وەرگێڕانی دیوان | ١٠٢ |
| سەرەتای بێدەنگی | ١٠٣ |
| ناڵەی بێدەنگان | ١٠٤ |
| ئاهەنگی پارسی | ١٠٥ |





| | |
|---|---|
| گۆرانیەک لە بەسرەوە | ١٠٦ |
| سروودیک لە بەڵخ | ١٠٧ |
| **- ٥ - ئاڵای رەش** | **١٠٩** |
| بەرەبەیانی راپەڕین | ١٠٩ |
| دەقەکە شێوا | ١١١ |
| ئەبومسلم | ١١٣ |
| تیاچوونی عەرەب | ١١٥ |
| رەش پۆشەکان | ١١٧ |
| شەڕی زاب | ١١٨ |
| بەها فەرید | ١١٩ |
| نیگەرانی مەنسوور | ١٢٠ |
| سەرئەنجامی ئەبوموسلیم | ١٢٢ |
| تۆڵەی ئبوموسلیم | ١٢٤ |
| راوەندیەکان | ١٢٦ |
| سنباد | ١٢٧ |
| ئوستاد سیسی | ١٣٠ |
| نەفرەت و کینە | ١٣١ |
| **- ٦ - لەوپەڕی جەیحونەوە** | **١٣٣** |
| ئەوبەری رووبار | ١٣٣ |
| خاتون بوخارا | ١٣٥ |
| قوتەیبەی کوڕی موسلیم | ١٣٦ |
| گردنی سەمەرقەند | ١٣٦ |
| ئیسحاق تورک | ١٣٨ |
| پەیامبەری دەمامکدار | ١٣٩ |
| **- ٧ - شاری بەغدا** | **١٤٢** |
| شاری هەزار و یەک شەوە | ١٤٤ |

| | |
|---|---|
| خەلیفەی بەغدا | ١٤٥ |
| دەوڵەتی عەباسی | ١٤٦ |
| بەرمەکیەکان | ١٤٧ |
| تالآن و لەناو بردنی بەرمەکیەکان | ١٤٩ |
| مەیمونەکەی زوبیدە | ١٥١ |
| بەرمەکیەکان و عەلەویەکان | ١٥٢ |
| عەلی کوڕی عیسا | ١٥٣ |
| حەمزەی کوڕی ئازەرەک | ١٥٤ |
| لە دەرو دەروازەی خەلیفەدا | ١٥٥ |
| بنەماڵەی سەهل | ١٥٦ |
| شۆرشی هەموو جێگیر | ١٥٧ |
| گەڕانەوە بۆ بەغدا | ١٥٧ |
| **- ٨ - بانگی سەرفرازی** | **١٥٩** |
| سەرفرازی ئێران | ١٥٩ |
| خوڕەم دینەکان | ١٦١ |
| داستانی جۆراوجۆر | ١٦٢ |
| بابەک | ١٦٤ |
| داستانە دەست هەڵبەستەکان | ١٦٥ |
| راپەڕینی بابەک | ١٦٦ |
| ئەفشین و مازیار | ١٦٧ |
| تورکەکانی بەغدا | ١٦٨ |
| ململانێی نێو میرەکان | ١٦٩ |
| دەربارەی بابەک و ئەفشین | ١٧٠ |
| شەرەکانی بابەک | ١٧٠ |
| شەڕو فێڵ | ١٧١ |
| بەدیل گرتنی بابەک | ١٧٢ |

| | |
|---|---|
| ئاكامی بابەک | ١٧٣ |
| ئەفشین | ١٧٤ |
| ئەشروسنە | ١٧٥ |
| لە خزمەتی خەلیفەدا | ١٧٧ |
| خوراسانی ئەو دەمە | ١٧٧ |
| ململانێ لەگەڵ تاهیریەکاندا | ١٧٨ |
| گومانی خەلیفە | ١٧٩ |
| مازیار و تاهیریان | ١٨٠ |
| یاری ئەفشین | ١٨١ |
| دوژمنانی ئەفشین | ١٨٣ |
| لەناوچونی ئەفشین | ١٨٥ |
| دادگایی ئەفشین | ١٨٦ |
| رووبەروو بوونی ئەفشین و مازیار | ١٨٨ |
| تاهیریەکان | ١٩١ |
| **- ٩ - شەڕی بیر و ڕا** | **١٩٣** |
| شەر لە رۆشنائیدا | ١٩٣ |
| ئایینی زەردەشت | ١٩٤ |
| ئایینی مانی | ١٩٦ |
| مزدەک | ١٩٦ |
| زەندەقە | ١٩٧ |
| زروانی | ١٩٨ |
| گومان و سەرسامی | ١٩٩ |
| ئایینی مەسیحیەت | ٢٠٠ |
| ئایینی بودائی | ٢٠١ |
| دەمەقاڵەی فەلسەفی | ٢٠٢ |
| فەلسەفەی خێر و شەڕ | ٢٠٣ |

| | |
|---|---|
| زەنادیقە | ٢٠٥ |
| عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع | ٢٠٧ |
| بەشاری کوڕی بورد | ٢٠٨ |
| بڵاوکردنەوەی زەندەقە | ٢٠٩ |
| مەئموون و کۆڕی گفت و گۆ | ٢١٢ |
| هەواڵی راستەقینە | ٢١٥ |
| شعوبیەکان | ٢١٧ |
| **- ١٠ - پایانی شەوێك** | **٢٢٣** |
| دوا ساڵەکان | ٢٢٣ |
| تورک هاتە مەیدانەوە | ٢٢٤ |
| سەرچاوەکان | ٢٣٣ |



# پێشەکی

چـڵ سـاڵ بەسـەر خوێنـدنەوەی یەکەمـی کتـاوی [دو قـرن سـکوت]دا گوزەرابـوو، لە کتاوخانەکەمـدا بە دوای کتـاوی تەشەیوعی شەهید [ئەحـمەدی کەسـرەوی]دا دەگەڕام کتـاوی "دو قەڕن سـکوت"ی دکتـور عەبدولحوسـەینی زەریـن کـوبم هـاتە دەستەوە و بڕیارمدا دووبارە بیخـوێنمەوە هەر وامکـرد و بە وردی بە عەقڵیەتـی ئێسـتام هەڵمسـەنگاند، ڕوانـیم ئەم کتـاوە نایـابە حەیفە خوێندەواری کوردی لێ بێوەری بێت، لەوانەیـش گوزەشـتە بەشێکی زۆری ڕووداوەکـانی لە بـاژێڕ و دەڤەرەکـانی کوردسـتاندا ڕوویـان داوە و ئـێمەی کـوردیش لێـی بێئاگـاین و وەک هەمیشـە نەیـارانی کـورد بە وردی کۆشـاون ئەوەی پەیوەنـدی بە کـورد و جوگرافیای کوردستانەوە بێت بەلایەوە نێن، ناشوکری خوا نەبێـت زۆربەی زوری باووبـاپیرە گەورەکـانی ئـێمەی کـورد لە دونیـای مەعریفییەوە بە دووربوونە و ئەگەر کوردێکیش لەو تاریکستانەیدا هەڵکەوتوو بێت و قەڵەمی لەسـەر کـاغەز دانابێـت بە عـارەبی یـا فارسی یا تورکی نووسیویەتی و نـانی بە نرخـی رۆژ خـواردووە و چاوی لە دەرو دەروازەی دەربار و دەسەڵاتەکانی ئەملاولا بـووە و نموونەشیان زۆر بە دەستەوەیە.

بەنـدە بە ئەرکـی خـۆمم زانـی ملـی پێـوە نـێم و ئەم کتـاوە

وەرگێڕمە سەر کوردیە حەیاتەکە تا خوێندەوارانی میللەتەکەم لەو بیگرەو بەردە و تالآن و چەپاوی عارەبە ئاگادار کەمەوە.

ئەوی سەرنجراکێشـــە لەم کتاوەیـــدا گەلێـــک لە شـــاراوەکان خـــراونەتە بەرچـــاو، ئـــێمە و گەلانـــی دوور و نزیـــک بە زمـــانە جۆراوجۆرەکـــانی جیهـــان ســـەدان و ڕەنـــگە هەزاران کتاومـــان دەربـــارەی فتوحـــاتی ئیســـلامی خوێنـــدوبێتەوە بە دەگـــمەن لە ناڕەواکـانی شمشـێر بە دەسـتان دوابـن و وەدەریـان نەخسـتووە لەکوێرا "فتح" و ئالیەتی فتوحات گوڕاونەتە سـەر [غـزو] شمشـێر بە دەســـتەکان ســـەر و مـــاڵی تـــازە بە ئیســـلامبوویان بە ئیســـلامکراوەکانیان بە هـــی خۆیـــان زانیـــوە، بە تـــایبەت لە هێرشـبردنە سـەر وڵاتـی ئێرانـدا دەتـوانین تـا شـەری [قادسـیە و جەلەولا] بە فەتـــح ناویـــان بـــبەین، بەڵام لە دوای شـــەڕی نەهاوەندەوە چۆنیەتی شەڕ و پەلامارەکان گـوڕاونەتە سـەر غەز و تالآن و چەپـاو هەتـاوەکوو لەنـاو شمشـێر بە دەستەکاندا لەسـەر ئافرەتێک یا ئەسـپێک دەسـت بە شمشـێر لەیەک وەسـتاونەتەوە، ئەو تالآن و پەلامارە بێ ئامانـانە زۆرتـر لە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەمەویەکاندا پەرەی سەندووە و گەیشـتووەتە پـۆپە و بە غەیـری عارەبیان وتووە "موالی" ئەو مەوالیانە بەلای دەسەڵاتی عـارەبەوە هێندە سووک و ترۆ سەیر کراون مافی سـواربوونی ئەسـپیان پـێ نەدراوە و دەبوا سواری هێستر یا گوێـدرێژ بانـا، بە دوای ئەوانـدا دەسـەڵاتی عەباسـی هـاتوونەتە سـەر کـار، ئەوانـیش لە هەمـان

قوماش بوونه.

میللەتانی ئێران بەرانبەر ئەو زوڵـم و زۆرە بێسـنوورە بێـدەنگ نەبوونە بە تـایبەت دوای کوشـتنی ئەبوومسـلیمی خوراسـانی کە بە رەگەز کورد بووە و شاعیرە کاسەلێسەکانی عـارەب وەک تـانە کوردبوونیان تۆمار کردووە، خوێنی ئەو قارەمانە کـوردە بـووە بە هەوێنی زۆربەی زۆری راپەڕینەکـانی گەلانـی ئێـران و ئەو ملمـلانە خوێناویانە دووسەد ساڵی کێشاوە تا گەلانی ئێرانی توانیویـانە لە دەستبەسەریی عارەب خۆیان ڕزگار کەن.

بە دڵنیاییەوە دەیڵـێم: ئەم کتـاوە رۆشـنایی خسـتووەتە سـەر ڕووداوەکـانی پشـتی پەردەی دەسـەڵاتی عـارەب و چـونییەتی ململانی گەلانی ئازادیخوازی ئێرانی.

بە تەئکیـد ئەم کتـاوە خـوێنەرەکەی لە زۆر ڕووداوی راسـتەقینەی مێژوویـی ئاگـادار دەکـاتەوە کە لە کتاوەکـانی تـردا وەدی نـاکرێن ڕەنـگە ئەو بـاس نەکـردنە لە ڕووی دەمـارگرژی ڕەگەزایەتی یان ئایینییەوە بووبێت.

بە هەرحاڵ، ئومیدەوارم توانیبێتم لەم کتاوەیدا تیشک بخەمە سـەر ئەو حەقـیقەتە شـارەوانە و ئەرکـی ویژدانـی و نەتەوایەتـی خۆمم ئەنجام دابێت.

## - ١ -
## فەرمانڕەوایانی سارا

**رۆژانی ئارام**

ئەو سەردەمانەی دەوڵەت و دەسەڵاتی ساسانییەکان ترس و تۆقیانی خستبووە دڵ و دەروونی ئیمپراتۆر و فەرماندەکانی رۆمەوە و بەترس و لەرزەوە لە پشتی شوورە و دەروازەکانی شاری قوستەنتنیەوە بە نیگەرانی رۆژگاریان دەگوزەراند، عەرەبەکانیش دەستی نیاز و داوایان ڕوو بە دەرباری خوسرەوان و شەهریارەکانی ئێران درێژ کردبووەوە و چاوەڕوانی رەحمەتی شاکان و دەرباری ساسانی چاوی نیازیان بڕیبووە دەست و دەمی شاکانی ساسانی.

گەلێک لەمێژدا عەرەبەکان هەروا چاوەڕوانی مەرحەمەتی دەسەڵاتی هەخامنشیان بوونە و سارای عەرەبستان لەسەر ئیمپراتوریەتی ئێران دەژمێردراو و فەرمانبەرداری فەرمانڕەوایانی ئەو دەسەڵاتەی بوونە و یەشتا شاپوری "زولئەکتاف" نەهاتبووە دونیاوە، بڕێک لەو عارەبانە بۆ تالان و چەپاو و دزی پەلاماری

بەحـــرەین و کەنارەکـــانی کەنـــداوی فارســـیان دەدا، کە شـــاپور دەســـەڵاتی بەدەســـتەوە گـــرت، تەواوی ئەو تـــاڵانکەرانەی گـــرت و شانیانی کون کرد و هەڵیواسین.


لە دەرباری یەزدگوردی یەکەمدا، گەورە پیـاوانی "حیـرە" وەک چاوســـاغ و پیـــاو مـــاقووڵی دەربـــار دەستنیشـــان دەکـــران و لەســـەردەمی "نەوشـیروان"دا عـارەبی دەڤەر و وڵاتـی "هامـاوەران" کە دەکاتە وڵاتی یەمەن، وەک کوێخاکانی "حیرە" فەرمـانبەرداری دەربـاری ساسـانی بـوون، سـارا بـێ ئـاو و وشـک و برینگەکـانی "نەجدوتەهامە" گرنگی و نرخ و بایی وای نەبووە، تا سوپاوسان و لەشکری بۆ ڕەوانە بکرێت، لەبەر وشـکی و دوور لە مەرجـی ژیـان گرنگـی پێـنەدراوە، جـگە لە کۆمەڵێـک عـارەبی برسـی و رووت و رەجـال، زیـاتر نیشـانەیەکی دیـکەی تیـادا وەدی نەدەکـرا و پەیوەسـتە لەسـەر گـوێلێ ئـاو و تەڕاییەک دەسـتویەخەی یەکتـر بوونە.. لەو سـارا پـان و پـۆڕو بـێبن و بیخەیـدا، ئەگەر جـێگە و شـوێنێک تۆزێـک مەرجـی ژیـانی تیـادا بـا، یـا لەژێـر دەسـەڵاتی رۆماندا بـووە، یـان دەسـەڵاتی ساسـانی ئێـران دەسـتی بەسـەردا کێشـاوە.. تێکـڕا عـارەبی ئەو سـەردەمانە شـاری "تیسـفون" پـایتەختی دەســەڵاتی ساسـانیان بە کـابەی ئومێـد و بـوژانەوە زانیوە.

زۆر لە شاعیرانی عارەب ڕوو بە دەرباری ساسانی رۆیشتوون و

هەڵبەستیان خوێندۆتەوە وەک "ئەعشی" کە ئیبنولقوتەیبە لە کتاوی "الشعر و الشعراء" بەرگی یەکەمدا، ناوی هێناوە، هیچ کەسێک بیری لەوەی نەکردبوویەوە رۆژگارێک بێتە پێشەوە ئەو دەوڵەت و دەسەڵات و فەرمانڕەوایەی لەژێر سمی ئەسپی ئەو عارەبە برسی و رووت و رەجالانەدا هورد و خاش بکرێت و بەردی بەسەر بەردەوە نەهێڵێ.. هەر لەو دوادوایانەی دەستەڵاتی ساسانیدا کۆمەڵگای ئەو دەسەڵاتە دووچاوی لاوازی پەرت و بڵاوەیەکی مەعنەوی و رۆحانی بوو بوو، لە بەرانبەردا هێز و توانایەکی سەرسامئاوەری مەعنەوی لە دڵ و دەروونی ئەو عارەبە برسیانەیدا رۆژ بە رۆژ بەهێزتر و بەتواناتر ریزبەندی و هەمبەستەگی پتەوتری بەخۆوە دەدی...

__سارانشینان__

دوورگەی بێ ئاو و لەوەڕگای عەرەبستان جگە لە بڕێک لەبەرزی و بولەندییەکانی ئەو وڵاتە نەبێت، مەرجی ژیانی تیادا نەدەبینرا جگە لە بڕیک رێچکە و رێگای زەواری بازرگانی کە لەڕووی نیازەوە زیندەگانی تیادا دەکرا، ئەڵبەتە بەشی خوارەوەی ئەو دورگەیە کە بەشێکی زۆری چیاو شاخاوی بووە وەک وڵاتی یەمەن و عەمان، یا لە لێوارەکانی شام و نزیکی دۆڵی رافیدەین کە بۆخۆی شارۆچکەی بچووکی عارەب نشینی تیادا دەبینرا بڕێک شاری دیکە کە لە رووی بازرگانیەوە خەڵکی روویان تێدەکرد



وەک "مەکــکە و یەســریب، تــائیف و دەومەتولجەنــدەل" کە ئەو شــارانە بەســەر ڕێچــکەو ڕێگــای بازرگــانیەوە بــوون، ئەگینــا ئەو دەشــتە پــان و پــۆر و لمــاوییە لێــرەولەوێ ئاوێــک لە زەویــیەوە هەڵقوڵابێت حەشاماتەکەی لە دەور کۆ بوونەتەوە.

ژیانی زۆربەی ئەو سارانشینانە زۆرتــر بەســەر تــاڵانی یەکتــر و پەلاماردانی دوور و نزیـک گـوزەراوە و یاسـا تەنهـا زۆر و زەوت و شمشیرو تاڵان و بڕۆ بووەو بەس..

لە ئــاوا چوارتەنیشــتێکدا خەڵــکەکە ڕەفتــاری وەحشــیانەیان کردبووە پیشەو پەلامــارو پــارووی دەمــی یەکتــر فڕانــدنیان بەلاوە شــــیاو و بەکــــاری دروســــت و بەجێیــــان دەزانــــی، ئەگەر لە داستانەکاندا وەک ئازا و لێهاتوو ناو برابن، جگە لە تاڵان و تـۆڵە سەندنەوە و شـەڕ و شـوڕو ژن و شـەراو بەلاوە بیرێکـی تریـان لە خولیادا نەبووەو بیریان لە ڕەفتار و کرداری شارستانیەت و ژیانی نێـو شــارەکان نەکــردووەتەوە، ئەوەی لە خولیایانــدا بــووە تەنهــا تاڵان و چەپــاوی یەکتــر و شــارە نزیکەکــانی دەوروبەریــان بــووەو بەس.

"ئیبنولخەلــدون" دەڵێــت: "بەردێکیــان لە ســاختمانێک وەدەر دەهێنا تا بیکەنە سـێکوچکەی ژێـر قـازان و تیانچەکانیـان ڕاسـتە دارێکیــان لە بنمیچــی ســاختمانێک وەدەر دەهێنــا تــا بــیکەنە هەســونی ژێــر ڕەشــماڵەکانیان وەنەبێــت دەوروبەری نزیکــی ئەو


سارانشینانەی لە فەرهەنگ و ژیانی سەردەمانەی ئەو کاتەوە بە دوور بوو بوون، دوو ئیمپراتوریەتی چەند سەد ساڵەی رۆم و ئێران بەوپەڕی دەسەڵات و فەرهەنگی دەسەڵاتێک بەدیکرابا لە بەرەکەتی نزیکبوونی ئەو دوو دەستەڵاتە بووە، لەبەر ئەوەی پەیوەستە شەڕو ململانی لەنێوان دوو دەسەڵاتی زلهێزی ئێران و رومدا هەبووە، دوو نیمچە دەسەڵاتیان پێکهێناوە [غەسانیەکان و حیرەی مەنازیرە]، غەسانیەکان لە دامێنی بادیەی شامدا دەژیان و بە چاوساغی رومییەکان دەژمێردران ، مەنازیرەش بە چاوساغ و کوێخای ئێرانییەکان لە قەڵەم دەدران. وەنەبێت دەسەڵاتی ئێران لەناو عەرەبەکاندا تەنها لە رێگەی [حیرە]وە بووبێت، تەواوی دەسەڵاتداران و ملهۆرانی ناو سارای عەرەبستان پەنایان دەهێنایە دەسەڵات و دەرباری ئێران، وڵاتی یەمەن لەسەردەمی نەوشیرواندا لەژێر چاودێری ئێراندا بەڕێوە دەبرا.

**حیرە**

وەک برێک سەرچاوە ئاماژەی پێکردووە لەسەرەتای سەدەی سێهەمی زایندا برێک لە عەشایەری عارەب سوودیان لە ئاشوفتەبازاڕی دەسەڵاتی ئەشکانیان وەرگرتووە و لە بیابانەکانی رۆژئاوای ڕووباری فوراتدا بەزیون، وە وردە وردە شارۆچکەو قەڵایان سازاندووە کە گرنگەکەیان شاری "حیرە"[1] بووە، لە

---

1- بەزمانی سریانی Herla یانی دیر و حەرەم




دامێنی سارای عەرەبستاندا بووەو نزیکی شاری کوفەی ئێستا.. ئاوو هەوای ساراو جۆگەو رووباری دەورووبەری فورات دەستی داوە بۆ زیندەگی و عارەبەکانی تەماحگیری نیشتەجێ بوون و شارنشینی کردووە و لە فەرهەنگ و کەلتووری ئێرانیان سوودیان وەرگرتووە و چەندین کۆشکیان سازاندووە، وەک کۆشکی [خەورنەق و کۆشکی سپی و کۆشکی ئیبنولخەلیفە]، هەروەها لە ڕووی ئایینەوە بڕێکیان پەیڕەوی ئایینی مەسیحیەت و بڕێکی دیکەیان مەجووسییان هەڵبژاردووە، هەروەها تاک و تەراک خوێندەوارییان تیادا هەڵکەوتووە و لەوێڕا دزەی کردووە بۆ ناو عارەبستان.

مێژووی میرەکانی حیرە بە دروستی رۆشن نەبووەتەوە، بەڵام ئەوەی رۆشنە لە رەگەزی عارەب و لە تیرەی "بني لەخم" بوونە و شاهانی ئێران یارمەتییان داون تا بە چاوساغی ئەوان بەرگری لە تالانکەرانی سارانشینی عارەب بکەن بۆ سەر شارەکانی لێواری سارا، لە بڕێک سەرچاوەیدا ناوی ئومەرای حیرە، کە هاوچەرخی شاهانی ئێرانی بوونە، یاداشتکراون ئەگەرچی هەڵە و نەگونجاوی تیادایە، بەڵام بە بەڵگە دەژمێردرێت.

بەندە لێرەدا نارۆمە نێو وردەکاری مێژووی میرەکانی حیرەوە، بەڵام کورتەیەک لەو مێژووە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم کتاوە بە پێویست دەزانم.

**بەني لەخم**


بەپێـی داسـتانەکانی نیـو خـودی عارەبەکـان وا دەردەکەوێـت یەکەمین میری ئەو زنجیرە میرانە [عەمروی کوڕی عودەی] بـووەو راسـتەقینە مێـژوویەکەی بەوردی نادیـارە، دەربـارەی "خـوزەیمە ئەبـرەش" تـێکەڵ بە ئەفسـانە کـراوە، گـوایە ئەو حـوزەیمەیە دەسەڵات و دەوڵەتێکی فراوانی هەبـووە. یەکێـک لەو داسـتانانەی گوایە لە یەکێک لە بەزمی شەوانەیدا کـوڕێکی جـوانکیلە لەتیـرەی بەنـي لەخـم بەنـاوی عـودەی، مەیگێڕبـووە و لەگەل "رەقـاش"ی خوشکی جوزەیمەیدا دەستیان تێکەڵ کردووە، وە عـودەی ئەوەی زانیوە مەحاڵە ببێتە هاوسەری رەقاش، بـۆیە رەقـاش رێـگەی بـۆ دادەنێ کە تا بتوانێت جـوزەیمە سـەرخۆش بکـا داوای هاوسـەری رەقاشی لی بکات، جوزەیمە لەرووی مەستیەوە رازی دەبێـت و لە هۆشیاریدا لە گفتەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام کـار لە کـار تێـپەڕی بـوو، خەلـیفە داخلـی بەغـدا بـوو بـوو وە لەو تـێکەڵاویە رەقاش کوڕێکی دەبێت و ناوی عەمروی لـێ دەنەن. وە جـوزەیمە لەلایەن "زەبـاء" نـاوێکەوە کـوژراوە، وە عەمـروی خوشـکەزا لە تـۆڵەی خاڵۆیـدا "زەبـاء" دەکوژیـت و حیـرە دەکـاتە پـایتەختی دەسـەڵاتی گـوایە هـاو دەورەی سـەڵتەنەتی شـاپووری یەکەم و چەند شایەکی دیکەی ساسانی بووە، دوای عەمـرو، ئەمروقەیسـی کوڕی جێگەی دەگرێتەوە، گوایە لە سەد ساڵ زیاتر فەرمانڕەوایی کردووە، ئەوە لە حەقیقەتەوە بە دوورە، لەراستیدا چل ساڵ بووە



نەک سەد ساڵ. تەختەبەردێک بەسەر گۆڕەکەیەوە دۆزراوەتەوە بە خەتی "نبتی" نووسراوە گویای پەیوەندی پتەوی ئەو بووە لەگەڵ دەرباری ساسانیدا...هەروەها لەلایەن دەرباری ساسانییەوە باوەڕپێکراو بووە و تەواوی عارەبی سارانشین لە ڕێگەی ئەوەوە پەیوەندییان بە دەرباری ساسانییەوە کردووە، بەدوای ئەودا چەندین کەسی دیکە جێگەی گردووەتەوە تا نۆرە دێتە سەر نوعمانی کوڕی ئیمروقەیس، کە بە "نوعمانە کویر" ناودەبرا، ئەم تەک چاوە، تا خوا حەزی کردبا توند خوو و خوێنڕێژ و بێ ئامان بووە، گوایە لەلایەن یەزدگوردی یەکەمەوە قەدرو قیمەتی زۆری پێدراوە، وا باوە کە کۆشکی خەوەرنەق لەلایەن ئەم نوعمانە کوێرەوە دروست کراوە، گوایە دوای تەواو کردنی ئەو کۆشکە، نوعمانە کوێر لەباتی پاداشتیدان بە میعمارەکەی کە ناوی "سنمار"ە، لەسەر بانی کۆشکەکەوە توڕی دەداتە خوارەوە و دەیکوژێت، تا کۆشکێکیتر لەو بابەتە بۆ کەسێکی دیکە نەسازێنێت، گوایە نوعمانە کوێر تەرکی دونیا دەکا و کەشکۆڵ و گالۆک هەڵدەگرێ و دەروێشانە ڕوو لە دەرو سارا دەکات و لە گومناویدا دەمرێت.. چاوساغان ئەو سەرئەنجامەی بە ئەفسانە دادەنێن، بەڵام ئەوە ڕوونە ڕەفتاری سەخت و دژواری "نوعمان" بۆ ڕەزامەندی "یەزدگورد" نەرم و نیانی لەگەل مەسیحیەکاندا نواندووە، ئەو سەرئەنجامەیان سازاندووە کە نوعمانە کوێریش وەک راهیبەکانی ئایینی مەسیحی تەرکی دونیای کردووە بە دوای

ئەودا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی مونزیری کوڕی نوعمان، ئەم مونزیرە هەمانە گوایە یەزدگورد "بەهرام"ی کوڕی بەو دەسپێرێت تا پەروەردەی سوارکاری و رەزمی بکات.

دوای مردنی یەزدگورد، گوایە خەڵکانێک رازی نەبوونە بەهرام جێگەی باوکی بگرێتەوە، مونزیر بۆی کۆشاوە توانیویە فەرمانڕەوایی بچەسپینێت و لە شەڕێ نێوان بەهرام و رومیەکاندا مونزیر نەخشێکی بەربڵاوی هەبووە بۆ سەرکەوتنی بەهرام، بەدوای ئەو مونزیرەیدا چەندین کەسی دیکە فەرماڕەواییان کردووە، تا نورەی هاتوەتە سەر "مونزیر مائولسەما" کە لە تەواوی میرەکانی "حیرە" لێهاتووتر و بە تواناتر بووە، کە هاودەمی قوباد و نەوشێروان بووە، لە سەردەمی ئەودا حەبەشییەکان دەستبەسەر "یەمەن"دا دەگرن، هەروەها هەر لەو قۆناغەیدا بووە بازاڕی کۆمەڵگای ئێران و "قوباد" دەبێتە پەیڕەوی ئایینی مەزدەک، مونزیر وەک زۆربەی فەرماندە ناسراوەکانی ئەوکاتە دژ بە ئاییینی مەزدەک راوەستاوە، لەو بیگرەو بەردەیەدا فەرمانڕەوایانی "کندە" کە لە مێژدا دوژمنایەتی سەختیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی "حیرە"یدا هەبوو، وە لە قوبادەوە نزیک بوونەتەوەو قوباد "حارس کندی" کردووەتە ئەمیری "حیرە" و توانیویە مونزیر لە حیرە وەدەرنێت، ئەگەرچی مونزیر دوای لەناوچوونی قوباد گەڕایەوە سەر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام ئاشوفتەبازاڕی مەزدەکیان کارێکی وای کردبووە کە مونزیر



نەتوانێت دەوڵەت و دەسەڵاتی جارانی بەدەست بهێنێتەوە، بە دوای ئەودا عەمروی کوڕی مونزیر جێگەی دەگرێتەوە کە زۆرتر بەناوی دایکیەوە ناو دەبرا "عومرو کوڕی هند"، گوایە زۆر فشەباز و لەخۆرازی و بەدڕەوشت بووە، لەلایەن عومروی کوڕی کەلسومەوە کوژراوە.. داستانی رووبەروو بوونی ئەو دووانە بەسەر زمانەوە دەم بە دەم دەگێڕایەوە، بە دوای ئەودا براکانی عەمروی کوڕی هند، یەک لە دوای یەک فەرمانڕەواییان کردووە، تا نۆرە هاتووەتە سەر نوعمانی کوڕی مونزیر، کە بە ئەبوقابوس ناو دەبرا، گوایە هاو دەورەی شاهی هورمزی چوارەم و خوسرەوی پەروێز بووە، وە کۆشکی میرنشینی حیرە، چاولێکەریەکی دەربار و دەسەڵاتی ساسانیان بووە...


دەڵێن، کە باوکی "نوعمان" مردووە، شای ئێران هورمزی چوارەم درەنگانێک فەرمانی فەرمانڕەوایی بۆ نوعمان ناردووە، ئەویش ئەگەر بە تەقەلـلا و کۆششی "عودەی کوڕی زەید" نەبووایە، کە دڵسۆزی نوعمان بووە، ئەو فەرمانە نەدەنێردرا، وردە وردە دەوڵەت و دەسەڵاتی دەچەسپێنێت و ئیتر ئەوەندە گوێ بە عودەی نادا و پشتگوێی دەخات و دەکەوێتە گومانەوە. سەرئەنجام عودەی زیندانی دەکا و دەیکوژێت، بەڵام زەیدی کوڕی عودەی، وا باوە زەید خۆی لە نوعمان نزیک دەکاتەوە و دوای ماوەیەک داوا لە نوعمان دەکات، نامەیەک بنووسیت بۆ شای ئێران "خوسرەو" تا جێگەکەی باوکی لە دەرباری شادا بگرێتەوە.

زەیـد دەڕواو لە دەربـاری شـادا وەک نووسـەر جـێگەی بـاوکی دەگرێتەوە و ژیرانە بەدوای هەلدا دەگەڕێت تـا تـۆڵەی بـاوکی لە نوعمان بکاتەوە..

خوسرەو کەوتە خەیـاڵی ژنهێنـان بـۆ یەکێـک لە ئازیزەکـانی، زەیـد ئەوەی بەهەلزانـی و بە عەرزی شـای گەیانـد، کە نوعمـان خوشکێکی گەلێک شایستە و نازداری هەیە لایەقی ئەم شازادەیە، زەید دەیزانـی نوعمـان بەو داواو تەلەبە ڕازی نابێـت و ئەو نەدانە دەبێـتە هـۆی ئـاڵۆزی خوسـرەو، کە وەڵامـی نوعمـانی گەیانـدە خوسـرەو لە ئاڵۆزیـدا گـڕی تێبەربـوو، بەڵام وەدەری نەخسـت، لەدوای مـاوەیەک نـاردی بەدوای نوعمانـدا و فەرمـانیدا زینـدانی بکەن و بیخەنە ژیر پا و پلی فیلەوە...

بەو شێوە نوعمان لەناو دەبرێت و زەیـدیش دەگـاتە ئـارەزووی تۆڵەسـەندنەوەی خـۆیەوە. بەدوای کوشـتنی نوعمانـدا، ئیـدی لە بنەماڵەی "لەخم" کەسێک بەمیر دانەنراوە، میرنشـینی "حیـرە" لە نـــاوچووە راســـتەوخۆ حیـــرە لەلایەن دەســـەڵاتی ساســـانییەوە بەڕێوەدەبرا تا ئەو دەمەی خالدی کوڕی وەلیـد حیـرە دەگرێـت و جەزیەیـان لێدەسـتێنێت و لە تـاڵان دەپـارێزرێن. ئیتـر وردە وردە ناوی حیرە تا دەبوو فەرامۆش دەکـرا و دوای دروسـتبوونی کـوفە رۆژ بە رۆژ شێوەی شاری بەخۆوە گرتووە.

ئەوی روونە "حیرە" و دەسـەڵاتی حیـرە بەربەسـتێک بـووە لە




پەلامـاری سارانشـینەکانی عارەبسـتان، کە ئەو میرنشـینە لەنـاو چـووە لە نێـوان سـارای عەرەبسـتان و "تیسـفون"ی پـایتەختی ساسانیدا وەک هێز هیچ بەربەستێک نەبووە.

**هاماوەران**

ولاتـــی یەمەن بە خوشـــبەخترین جـێگە و شـــوێنی دورگەی عەرەبستان دەژمێردرێت و زۆربەی دەسەلاتدارانی جیهان کۆشـاون دەسـتی بەسـەردا بگـرن، لە ئەفسـانەکانی ئێرانیـدا ئەو ولاتە بە [هاماوەران] ناوبراوە، داستانی عیشقی نیـوان کـاوس و سـوودابە، لە شانامەی فیردەوسـیدا بە زەرافەتەوە باسـکراوە. کە کـاوس لە مازیندەرانـدا رزگـاری دەبێـت و هەوالـّی یـاخیبوون و شۆرشـی عارەبەکانی هاماوەرانی پێدەگا و درەنگ ناکـاو خـۆی دەگەیەنێـتە ئەو ولاتە و شـــەڕیکی خـــوێنین لەنێوانـــدا ڕوودەداو ســـوپای هاماوەران نەشکێن و شای ئەو ولاتە دەست بە دامێنی ئاشتەوایی دەبێت.. شا کچێکی یەکجار جوان و شۆخ و شەنگی دەبێ بەناوی "سوودابە"، کـاوس شـا، عاشـقی سـوودابە دەبێـت و خواسـتگاری دەکات، بەلام شای هاماوەران سەرەتا بەو پەیوەندیە رازی نابێـت و ســەرئەنجام لە رووی ناچـاریەوە رەزامەنـدی نیشـان دەدات، هەفـــتەیەک دوای ئەو پەیوەنـــدیە شـــای هامـــاوەران شـــاو فەرمانـدەکانی داوەت دەکـاو بە پلانێکـی داڕێـژراوە هەموویـان

زیندانی دەکات.

سوودابە، ئەو کارە نامەردانەی باوکی لەلا ناپەسەند دەبیت لەگەڵ مێردەکەیدا دەڕواتە زیندانەوە، لە ئێراندا ئاشوفتەگی بڵاو دەبێتەوە و ئەفراسیاو سوود لەو هەرایە وەردەگریت و پەلاماری ئێران دەدات، وەک هەمیشە ڕۆستەم بەرانبەری رادەوەستێت و ڕاوی دەنا و ئەو دەم سواری کەشتی دەبێت و ڕوو بە وڵاتی هاماوەران وەڕی دەکەوێت بۆ ئازادکردنی کاوس شا، یەمەنییەکان دەستی یارمەتییان بۆ وڵاتی میسر و بەربەرستان درێژکرد و هاتنە هانایانەوە، دیسان لە نێواندا شەڕێکی خوێناوی ڕوودەدا، شای هاماوەران زانی وا سەرکەوتنی ڕۆستەم نمایان بووە، پەنای بردەوە سەر ئاشتی و کاوس شا و فەرماندەکانی ئازاد کرد و کاوس شا سوودابەی لەنێو تەختی زێڕیندا بەرەو ئێران هێنا، لەم داستانەیدا ناوی حەمیەران گۆڕاوەتە سەر هاماوەران، بڕێک لە لێزانان ئەم داستانەیان لاوایە کە خوسرەو ئەنەوشیروان کە پەلاماری وڵاتی حەبەشەی داوەو لە کتاوی خودانامەیدا بەشێوەیەکی ئەستورە و ئەفسانە باسی لێکراوە، بەڵام لە حەقیقەتدا گەلێک لەمێژ خوسرەو ئەنەوشیرەواندا دەوڵەت و دەسەڵاتی ئێران لەوڵاتی هاماوەراندا فەرمانڕەواییان کردووە، لەسەردەمی هەخامەنشیاندا دەسەڵاتی ئێران بەسەر یەمەن و حەبەشە و سومالی و باکووری عەرەبستاندا موحکەم بووە و باجیان بە ئێران داوە.




<u>**شاكاني حەميەر**</u>

ئەوە حاشاهەڵنەگرە، وڵاتی یەمەن پڕ خێر و بەرەکەتترین دەڤەری دورگەی عەرەبستان بووە، یونانییەکان ناوی عەرەبستانی خۆشبەختیان لێناوە، مەوقیعیەتی جوگرافیای یەمەن گەلێک گرنگ و شیاو بووە بۆ بازرگانی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات، گرنگی دەریای سوور و ئوقیانووسی هیندیو کەنارەکانی وڵاتی یەمەن بۆ ئەو مەبەستی بە بەرچاوی تەماحکارانی ئەوکاتە بووە، وەک ئێران و رۆم. هەر ئەو گرنگیۆەی بووەتە هۆی داستانسەرایی و چیرۆکێکی ئەفسانە ئامێز. لەنیو عارەبەکاندا و بەوشەوە نەیانتوانیوە دەسەڵات و فەرهەنگی ئێرانی نەبینراو دانێن. لەو داستانانەیدا هاتووە گوایە یەکێک لە شاکانی حەمیرەکان بەناوی [شمر بەرعەش] وڵاتی ئێرانی داگیرکردووە و بەوەشەوە رانەوەستاوە لە ڕووباری جەیحون گوزەراوەو وڵاتی سەعز و سەمەرقەندیشی داگیرکردووە، وە ناوی سەمەرقەند لەناوی شمرکندەوە هاتووە، هەروەها ناوی شایەکی دیکەیان دەبەن بەناوی [ملکی کرب] کە گەیشتووتە سیستان و خوراسان، کە پەیڕەوی ئایینی ئاگرپەرستی بووە.. بۆخۆی لەو جۆرە داستانانە پەنجەمۆری پەیوەندی نێوان ئێران و هاماوەران دەکات.

## کێبڕکێی بازرگانی

لە دوادوایی دەسەڵاتی ساسانییەکاندا شەڕی نێوان ئێران و ڕۆم پەرەی سەندووە و دووبەرەکی ئایینی لە کۆمەڵگای ئێراندا بووبووە هۆی ئاشوفتەبازاڕی، دەسەڵاتی ڕۆم و حەبەشە لەو ئاشوفتەگیانە سوودیان وەرگرتووە و دەستیان خستووەتە نێو کاروباری وڵاتی یەمەن، ئەو تەماحانە لەمێژدا هەر هەبوو، حەبەشییەکان هەمیشە چاویان لە داگیردنی یەمەن بووە و پەیوەستە بۆی کۆشاون و دەسەڵاتدارانی یەمەن کە پەیڕەوی ئێران بوونە لە زۆر کاتی دژواریدا داوای یارمەتیان لە ئێران کردووە تا لەو تەماحانە بیانپارێزن، لەبەربوونی ئایینی مەسیحیەت لەوڵاتی حەبەشەدا ڕۆمییەکان بە تەواوی تواناوە یارمەتییان داون، بەڵام حەبەشییەکان یەمەنیان داگیر کردووە و لە ئاکامدا لەگەڵ یەمەنیەکاندا ڕێککەوتوون و یەمەنیان جێهێلاوە، بەڵام کە دووبارە یەمەنییەکان ڕێگای بازرگانییان بەستووە شای حەبەشە لەشکرێکی گەورە و گران دەنێرێتە سەر یەمەن وە هاوڕای ئەو لەشکرە چەندین قەشەی مەسیحیشی لە یەمەندا بە بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیەوە سەرگەرم دەبن..



<u>**یارانی ئوخدود**</u>

لەم بەشەیدا شای هاماوەران "زونەواس" هێندە رق و کینەی لە حەبەشیان بووە ئایینی یەهودی هەڵبژاردووە و لە مەسیحیەت دوورکەوتۆتەوە، ئەو شایە لە دەورەی شای "فیروز یەزدگورد" بووە، یەهودیەکان "شا زونەواس" هان دەدەن کە پەلاماری "نجران" بدات، کە لەوێرا زۆربەیان پەیڕەوانی مەسیحیەت و کلیسا بوونە و ئاگر لە کەنیسەکان بەردەداو بیست هەزار مەسیحیش دەکوژێت و تەواوی ئنجیلەکانیش دەسوتێنێت، راهبێکی خۆی دەگەیەنێتە لای قەیسەری رۆم و دادخواهی دەگەیەنێتە عەرزی قەیسەر.. قەیسەریش لە وەڵامیدا دەڵێت: ئەو وڵاتە گەلێک لە منەوە دوورە، بەڵام لە حەبەشەوە زۆر نزیکە، نامەیەکت بۆ دەنووسم بۆ شای حەبەشە و بیگەیەنە خزمەتی.. "کەشیش هەروا دەکا، شای حەبەشە لە تاودا دەست بە گریان دەکا و زیاتر لە حەفتا هەزار جەنگاوەر رێک دەخاو فەرماندەیی ئەو لەشکرەش دەسپێرێتە کەسێک بەناوی "ئەریات" شەڕ ڕوودەدات "زونەواس" ڕاودەنرێت و خۆی لە دەریادا دەخنکێنێت.


ئەم داستانە زۆرتر لە ئەفسانە دەچێت، بەڵام ئەوەیان حاشا هەڵنەگرە، ڕومەکان بە بەهانەی پاراستنی مەسیحییەکان هەمیشە حەبەشییەکانیان هانداوە تا پەلاماری یەمەن بدەن، لەولاشەوە دەسەڵاتی ساسانی پەنا و پشتی ئەولایان کردووە.

داگیرکردنی یەمەن لەلایەن حەبەشیەکانەوە گەلێک بۆ خەڵکی یەمەن بەگران تەواو بووەو بەوپەڕی تواناوە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکیدا کردوەو خۆیان بە خاوەنی سەروماڵ و ژن و منداڵیان زانیوە.. کابرایەک بەناوی [زوجەدەن] کەوتە ململانێ بەرانبەر حەبەشییەکان و سەرنەکەوت، ئەویشی لە دەریادا خۆی بێسەر و شوێن کرد.

زۆری نەکیشاوە دووبەرەکی لەناو حەبەشیاندا ڕوودەداو شەڕ لەنێوان دوو دەستەدا، یەکێکیان بە فەرماندەیی "ئەریات" و ئەوی تریان بە سەرۆکایەتی "ئەبرەهە".. ئەبرەهە پێشنیار دەکات و دەڵێت: "ئێمە دوو لەشکر بۆ بە کوشت بدەین، وەرە با من و تۆ دوو کەسە بکەوینە شەڕەوەو هەر کاممان سەرکەوتین دووبەرەکی دەبڕێتەوە.

هەروا دەکەن، لەو شەڕەیدا ئەبرەهە ئەریات دەکوژێت و تەواوی لەشکر لە دەوری ئەبرەهە کۆدەبنەوە.. نەجاشی شای حەبەشییان لەو یاخی بوونەی ئەبرەهەیە دڵگران و ئاڵۆزدەبێت، سوێند دەخوات دەبێت خاکی ئەو وڵاتە پامال بکەم و خوێنی ئەبرەهەش برێژم، ناوچەوانی بە ئاگر بسوتێنم..

بۆ ئەوەی سوێندەکەی نەجاشی ئەنجام بدرێت، ئەبرەهە شووشەیەک لە خوێنی خۆی و بونەلەیەک لەمووی سەری و خۆڵی وڵاتی یەمەن دەنێرێتە خزمەت نەجاشی و تیایدا دەڵێت:



"مـن بەنـدەیەکم لە بەنـدەکانی جەنابـت، "ئەربـات"یش وەک مـن بەندەی جەنابت بووە، لەسەر ئەنجامدانی فەرمانی جەنابـت مـن و ئەو بە شەڕ هاتین، بیستوومە جەنابت سوێندت خواردووە خـوێنم بڕێـژی و مـووی سـەرم بسـوتێنی و خـاک و خـۆڵی ئەم وڵاتەش بخەیتە ژێـر پـاتەوە، وا بـۆ ئەنجامـدانی سـویندی جەنابـت مـووی سـەرم و خـوێنی لەشـم و خـۆڵی ئەم وڵاتەم نـاردە خزمەتـت، نەجاشی کە وردەکاری ئەبرەهە دەبینێ لێی خۆش دەبێت.

## خاوەن فیلەکان

لەو دەمەی وا حەبەشییەکان دەستیان بەسـەر یەمەنـدا گـرت، تـا ئەوکـاتەی لەلایەن ئێرانییەکـانەوە بەسـەرداری وەهـرز لەوێـرا ڕاونران بەپێی سـەرچاوەکان حەفتـاو دوو سـاڵی کیشـاوە، گـوایە ئریانی حەبەشی بیست ساڵ فەرمانی کردووە، ئەبـرەهەش بیسـت و سێ ساڵ، بەدوای ئەودا یەکسـوم حەڤـدە سـاڵ و بەدوای ئەودا کـوڕێکی دی ئەبـرەهە بەنـاوی مەسـرووق دوازدە سـاڵ شـاهی کردووە.


ئەبرەهە دەکۆشا ئایینی مەسیحیەت بڵاوبکاتەوە کەنیسـەیەکی لە سەنعادا دروستکردووە، لە مێـژدا وەک ئەوە نەبینـراوە و نـاوی "قلـیس"ی لێنـاوە و کەوتە ئەو بیـرەوە عـارەب ناچـار بکـات تـا

دەست لە کەعبە هەڵگرن و روو لەو کەنیسەیە بکەن زۆر کۆشا سەرنەکەوت، تا کەوتە بیری هێرش کردن و ویرانکردنی کابەوە، بە لەشکرێکی گەروە و گرانەوە بە سواری فیل بەرەو وێرانکردنی کابە بەرێکەوت.

ئەو ڕووداوە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە و گوایە لە هەمان ساڵدا پەیامبەری خودا هاتووەتە دونیاوە، وا باوە ئەبرەهە لەو لەشکرکێشیەیدا کوژراوە یا مردووە..

وا زانراوە ئەو لەشکرکێشیەی تەنها لەبەر رکەبەرایەتی ئایینی نەبووە، بەڵکی هۆکاری سەرەکییەکەی کاروباری بازرگانی و لەناوبردنی پێگەی بازرگانی مەککە بووە کە قورەیشیەکان دژ بە حەبەشیەکان پەیوەستە لە تەقەلادا بوونە تا پێگەی بازرگانی سەنعا و رێگەی بازرگانی نیوانی رۆژئاوا و هیندوستان بە دەستەوە بگرن وە سەرکەوتنی بازرگانی سەنعا لەژێر چاودێری حەبەشیەکاندا مایەی زەرەر و زیانی دەسەڵاتی حیرەو هەروەها ئێرانییەکان بووە..

خاڵی گرنگ لەوەدایە ساڵی فیل ٥٧٠ز بووە، وە لەشکرکێشی ئێرانییەکان بۆ سەر یەمەن لە ساڵانی ٥٧٠ تا ٥٧٦ز ڕوویداوە، ئەگەر ئەبرەهە لەشکری بەرەو مەککە بردوویێت، ئیتر فەرمانڕەوایی نە بۆ یەکسوم و نەبۆ مەسروق نەماوەتەوە، کە واتە ئەوی لەشکری بردووەتە سەر مەککە ئەبرەهە نەبووەو مەسروقی





کوڕی بووە و نـاوی ئەبـرەهە لە بیـر و فکـری عارەبەکانـدا زۆرتـر چەسپاوە و ناوی کوڕوکانی ئەبرەهەم هەر بە ئەبرەهە ناوبراوە.


**<u>زییەزمان</u>**

زوڵم و زۆری حەبەشییەکان لە یەمەنـدا بێسـنوور بـووە، ئەوی بیان ویستایە دەیانکرد، ئەوی حەزیـان لێکردبـا دەیـانبرد، تـالان، دەستدرێژی بۆ سەر ژنان، راگوێزان، کوشتن، زیندانیکردن، لێـدان و ئەشـــکەنجە.. دەگێــڕنەوە، پاشـــازادەیەکی یەمەنـــی بەنـــاوی "زیەزەن" کە بەلای خەڵکەوە جێگەی رێز و ستایش بووە، ژنێکـی هەبـووە بەنـــاوی "رەیحـــانە" لە جـــوانی و زەرافەتـــدا ناوبـــانگی دەرکــــــردووە، ئەبـــــرەهە دەنێـــــرێتە دوای.. "زیەزەن"داو بە زۆر رەیحانەی لێ دەستێنێ، رەیحانە لە "زیەزەن" کوڕێکی دووساڵەی هەبـووە بەنـاوی "مەعـدیەکرب" و بـا نازنـاوی "سـەجنی"وە، ئەو منداڵەی لەگەڵ خـودا بـردە مـاڵی ئەبـرەهە و لە ئەبـرەهەش دوو کـوڕی بـووە بەنـاوی، "یەکسـوم و مەسـرووق" لە مـاڵی ئەبـرەهەدا سەیف وەکوو کوڕەکانی ئەبرەهە پەروەردە دەکرێت و سەیف لای وابووە کەوا ئەبرەهە باوکێتی و لە راستی خۆی بـێ ئاگـا بـووە.. "زیەزەن" ژن و ماڵ و حـاڵی لەدەسـت دەدات، لە شـەرمدا یەمەن بەجێ دێڵێـت و خـۆی دەگەیەنێـتە دەربـارەی قەیسـەر و شـکاتی ناڕەوایی ئەبرەهە دەگەیەنێتە حوزوری قەیسـەر و داوای یـارمەتی لێدەکا و پەیمان دەدات ئەگەر قەیسـەر لە دەسـتی زوڵـم و زۆری

حەبەشـیان وڵاتەکەی رزگـار بکـات، وەک وەکیـل و دەستنیشـانی ئەو لە یەمەنـدا فەرمـانڕەوایی بکـا، لە سـەرەتاوە حەبەشـیەکان لەســـەر داوای قەیســـەر هێرشـــیان کردبـــووە ســـەر یەمەن و لەلایەکیترەوە حەبەشییەکان پەیڕەوی ئـایینی مەسـیحیەت بـوونە و لەبەر ئەو دوو هۆیە قەیسەر نەڕۆیشـتە ژێـر گفتـی یارمەتیـدانی ئەو شازادە ئاوارەیە.

"زیەزەن" بیـــزەنتەی بەجێهـــێڵاو خـــۆی گەیانـــدە دەربـــاری "خوسرەو"، سەرەتا پەنای بردە بەر دەسەڵاتدارانی "حیرە" کە بە رەگەز عارەب بوونە، نوعمان کوڕی مونزیر، دیـداری شـای ئێرانـی بۆ دەرەخسێنیت.. کە دەڕواتە بارەگای خوسـرەو، سـەری تەئـزیم دادەنوێنێتەوە و شـا فەرمـان دەدا هەڵسـێنەوە، زیەزەن، شـکاتی زوڵم و زۆری حەبەشییەکان دەگەیەنێتە حوزوری شا..

"خوسرەو" شاهەنشا لە وەڵامی "زیەزەن"دا دەڵێت: "وڵاتـی تـۆ گەلێـک لە ئـێمەوە دوورە، سـارای گەرمـی عارەبسـتان و دەریـا و ئۆقیانووسەکان لە نێوانماندان، من وا بە چاک دەزانم، جارێک لەو خەیـاڵانە گەڕێ، ئـێمە بەڕێـزەوە تەماشـای تـۆ دەکەیـن و ئەوی بکرێ بۆت دەکەین، فەرمـان دەدا دووهەزار دەرهەمـی بـدەنێ، کە لە دەربـار وەدەر دێـت درهەمەکـانی شـای لە زەویـدا هەڵڕێـژا و پەخـــش و بـــڵاوی کـــردەوە، هەواڵـــی ئەوکـــارەی دەگەیەنـــنە نەوشـیروان، دوای زەمانێـک زیەزەن دووبـارە دەگـاتەوە خزمەتـی



شاهەنشا، شا پێی دەڵێت:

بۆچی وات لە بەخشندەگی ئێمەت کرد و عەتای شاهەنشا وا لێناکەن..

لەوەڵامدا دەڵێت: ئەی شاهەنشا، من لە وڵاتێکەوە هاتووم پڕی پڕە لە زێڕو سەرمایە، من نیازم بەزێڕ و پول و پارە نەبووە کە شاهەنشا بمداتێ.. خوسرەو ئەنەوشیروانی لە وەڵامیدا دەڵێت:

چاوەڕوان بە تا ئەوکارەت بۆ دەڕەخسێنن. بەو شێوە دەردەکەوێت خوسرەو نەوشیروان گفتی یارمەتی بە زیەزەن نەداوە، بەڵام دڵی داوەتەوە..

مەسعودی دەڵێت: خوسرەو ئەنەوشیروان گفتی پێداوە لەشکری لەگەڵدا بنێرێتەوە یەمەن، بەڵام پەلاماری رۆم بۆ سەر ئێران ئەو گفتەی دوا خستووە.


زیەزەن، دە ساڵ وەک پەناهەندە لە تسیفوندا ژیاوە و هەر لەویشدا مردووە..

**سەیف زیەزەن**

سـەیف کە ئەبـرەهەی بە بـاوکی خـۆی دەزانـی، کە ئەبـرەهە دەمرێت و یەکسـوم و مەسـرووق جـێگەی باوکیـان دەگـرنەوە، ئەو دەم سەر گوزەشـتەی بـاوکی دەزانێـت و بـۆی دەردەکەوێـت چـی بەســـەر باوکیـــدا هـــاتووە. لە یەمەن دەردەچێـــت و وێڵـــی دوای تۆڵەسەندنەوەی دەکەوێت، سەرەتا روو لە دەرباری قەیسەری رۆم دەکـا و قەیســەر گـوێ لە شـکاتەکەی ناگرێـت و بەرەو دەربـاری شاهەنشای ساسانی دێت و ئەم هات و چۆی زیەزەن و سـەیفی کوڕی بـۆ دەربـاری رۆم و ئێـران لە ڕووی یەکەوە وەرگێـراوە، وە لەو جۆرە داستانانە زۆر روویداوە، وەک حەوت خوانی ئەسفەندیار لە ڕووی حەوتخـوانی ڕۆســتەمەوە وەرگێــراوە، دەربـارەی رۆم و ئێران، قەیسەر و شا زۆر لە یەکەوە نزیکن..

مـــن لام وایە داســـتانی زیەزەن لە ڕووی داســـتانی ســـەیفی کوڕیەوە دروست کرابێـت، بـۆ ئەوە بـووە بەدبەختـی ئەو شـازادە ئاوارەیە، زۆرتر لە فکر و زکری خەڵکیدا جێگیرتر بێت..

سەیف هەمان کارێک دەکات کە لەمێـژدا بـاوکی کردوویەتـی و هەمـان وەڵام لە قەیســەر وەردەگـرێ و هەمـان رێچـکەی بـاوکی هەڵــدەگرێت و لە رێــگەی نوعمــانی کــوڕی مــونزیرەوە دەگــاتە خزمەتی شاهەنشای ئێران، بڕێک سەرچاوە دەڵێن: گـوایە سـەیف زۆرتـــر لە یەک ســـاڵ لە دەرگـــای ئەنەوشـــیرواندا مـــاوەتەوە و



شەوانەش دەڕۆیشتە سەر گۆڕی باوکی، ڕۆژێک ئەنەوشیروان بە دەبدەبەی شاهییەوە لە دەربار وەدەردێت، سەیف لێی نزیک دەبێتەوە و بە دەنگ دەڵێت:

"ئەی شاهەنشا، من ئیرسیکم بەلاتەوەیە فریام بکەوە.."

خوسرەو نەوشیروان بانگی دەکا و دەڵێت:

"دەی بڵێ چ مافێکت بەلامەوەیە؟"

سەیف دەڵێت: من کوڕی ئەو پیرەمێردە یەمانیەم کە دە ساڵ لەبەر دەرگاتدا چاوەڕوان بوو تا فریای بکەویت، سەرئەنجام لە نائومیدیدا سەری نایەوە، ئەو بەڵێنەی بەو پیرەمێردەت دابوو بەندە واریسی ئەو بەڵینەم.. ئیدی فریام کەوە"

خوسرەو ئەنەوشیروان، دڵی دەداتەوە و فەرمان دەدا دە هەزار درهەمی پێ بدەن و ئومێدەواری دەکات.. سەیف، هەر لەوێدا درهەمەکانی شاهەنشا پەخش و بڵاو دەکاتەوە، نەوشیروان هۆکاری ئەو پەخش کردنەوەی و دەپرسیت:

هەمان وەڵام دەداتەوە کە باوکی لەمێژدا وتووبووی، دیارە ئەم جۆرە داستانانەی لە ئەفسانەوە بە دوور نییە، لەسەرچاوەکاندا هاتووە نەوشیروان دەربارەی داواکەی سەیف و وڵاتی یەمەن لەگەڵ فەرماندەکانیدا دەکەویتە راوێژەوە، سەرئەنجام ڕایان دەکەوتنە سەر بیروڕایەکی نەکراو و دەڵێن: ئەوی ڕوونە لە


زینـدانەکانی شاهەنشـادا کەسـانێکی زۆر هەن، بڕیـاری مەرگیـان بەسـەردا چەسـپاوە، ئەوانە بـا کـۆ بـکەیەنەوە و بـۆ یەمەنیـان بنێرین. ئەگەر کوژران ئەوا شتێکی وا لەدەست نادەین، ئەگەریش سەرکەوتن وا موڵکی شاهەنشا بەربڵاوتر دەبێت..

خوسـرەو ئەنەوشـیروان، ئەو رایە پەسـەند دەکـات، فەرمـان دەدات کۆیان بکەنەوە، ژمارەیان دەگـاتە هەشـت سـەد کەس، کە فەرمانی کوشتنیان بۆ دەرچوو بوو..

بڕێک سەرچاوە لایان وایە، ئەو هەشت سـەد کەسـە زۆربەیـان ساسـانی و لە بنەمـاڵەی ئـومەراو شـازادەکان بـوونە، بڕێکـی دیکەیـان دەڵـێن، دوای سـەرکەوتنیان بۆخۆیـان وایـان وتـووە تـا بەبێ سەروپا ناو نەبرێن.

سـەیف عەرزی شاهەنشـای کـرد، لام وانـیە ئـێمە بتـوانین بە هەشتسەد کەسەوە بەسەر حەبەشیەکاندا زاڵ بین..

شاهەنشـا وەڵامـی دایەوە: کـۆترەداری وشـک گـڕ و ئـاگرێکی بڵێســـەدار دەخولقێنێـــت.. هەشـــت کەشـــتیان بە چەک و داپێویستەکانی رەزم و شەڕ رازانـدەوەو بە دەریـادا روو بە یەمەن ملیان نا...



<u>**وەهرز دەیلەمی**</u>


بۆ سوپاسالار و فەرماندەی ئەو هەشتسەد کەسە کەسێکیان هەڵبژارد بەناوی "وەهرز" کە لە تەمەندا پیر بووە و بنەچەکی گەڕاوەتەوە سەر بنەماڵەی ساسانی، لەبەر نافەرمانی زیندانی کرابوو، بڕێکی دیکە لایان وایە ئەو "وەهرز"ە فەرزادی کوڕی نرسی لە نەتەوەی جاما سێی برای قوباد بووە، بەهەرحاڵ ئەم "وەهرز"ە یەکێک بووە لەسەرداره بەناوبانگەکانی لەشکری ساسانی، شا دووبارە پلە و پایەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، لەو هەشت کەشتیەی دووکەشتی لە دەریادا نغرۆ دەبێت، کە دەگەنە یەمەن و شای حەبەشیەکان لە ژمارەی کەمیان ئاگادار دەبێت و گاڵتەی بە هاتنەکەیان دێت، بەڵام خەڵکی یەمەن ئەوەندە زوڵملێکراو و رسوای دەستی حەبەشییەکان بوونە زیاتر لە پەنجاهەزار یەمەنی چەک هەڵدەگرن و دەڕۆنە ژێر فەرماندەی ئەو شەشسەد کەسەوە، شەڕ ڕوودەدات، لەشکری حەبەشی قەلەپاچە دەکرێن..

ئێرانییەکان دەگەڕێنەوە، دوای یەک دوو ساڵ هەواڵ دەگاتە نەوشیروان کەوا پەیڕەوانی حەبەشی لە یەمەندا سەریان هەڵداوەتەوە.. دووبارە وەهرز چوار هەزار دەنێرێتەوە بۆ یەمەن و فەرمان دەدا ئەوی حەبەشییەوە ئەو ژنەش لە حەبەشی ئاوسە هەر هەموویان بکوژن..

## ئێرانییەکان لە یەمەندا

ئەمجـــارە گەڕانەوەی ئێرانییەکـــان بـــۆ یەمەن ئـــامیختەی خوێنڕێژی و دڵ رەقی کرا، "وەهـرز" بە تەواوی توانـاوە بەوپەڕی دڵ رەقـیەی کەوتە کوشـتاری حەبەشـیەکان ئەوی پرچـی رەش و لوول بوو کوشتیان.. دەرباری شای ئێران لەوەی ئاگـاداربوو کەوا رۆمیەکـان بەپـارەو ئومێـدەوە خەڵکیـان هـانی سەرکێشـی داوە.. کاتێک یەمەن بە تەواوی کەوتە ژێـر دەسـەڵاتی ئێـرانەوە، سـاڵانە خەراج و باجی بۆ دەرباری ئێران ناردووە، فەرمانڕەوایی "وەهـرز" لە یەمەندا بە وردی رۆشن نەکـراوەتەوە، "بەلعەمـی" چـوار سـاڵی نووسـیوە، "دیـنەوەری" پێـنج سـاڵ و دانەری کتـاوی [البـدء و التـاریخ] شـەش سـاڵی نووسـیوە، دەگێـڕنەوە کە مەرگـی وەهـرز نزیـک دەبێـتەوە دەڵێـت: "تیروکەمـانەکەم بـۆ بهێـنن تیرێـک دەهاویژێ و دەڵێت.. تیرەکەم لە هەر کوێ کەوت لەوێڕا گۆڕم بۆ هەڵکەنن، ئەو جێگەیە تا بە ئێسـتا بە گـۆڕی وەهـرز دەناسـرێت، دوای مردنـی "وەهـرز" مێژوونووسـان جیـاواز یاداشـتیان کـردووە "ئیبنولئەسیر" و ئەوانی دیکە نووسیویانە.

وەهرز، کوڕێکی بووە بە ناوی "مەرزەبان" نەوشیروان ولایەتـی یەمەنـی پـی بەخشـیوە و سـاڵانە خەراج و بـاجی یەمەنـی بـۆ دەرباری شا ناردووە.. بێگومان نـاوی مەرزەبـان، وەزیـنەیە، نەک ناوی کوڕی وەهرز، حەمزەی مێژونووس دەڵێت:



"کوڕەکەی وەهرز ناوی "ئولیجان" بووە، دانەری کتاوی [البدء و التاریخ] دەڵێت، ناوی "بنجان" بووە، مەسعودی، بە "سیجان" ناوی دەبات، بە هەرحاڵ، حاشا هەڵنەگرە ئەوی جێگەی وەهرەزی گردووەتەوە کوڕی ئەو بووە..


سەرچاوەیتر بە دەستەوەیە تیایدا دەڵێت: "ئەوی جێگەی وەهرزی گردۆتەوە کەسێکی خوێنڕێژی بێ ئامان بووە، بەناوی [زەرین] بووە کە نەوشیروان دەمرێت و هورمزی کوڕی جێگەی دەگرێتەوە زەرین لادەباو "زین" ناوێک جێگەی دەگرێتەوە.

حەمزەی مێژوونوسی دوای کوژرانی سەیف زییەزەن ناوی هەشت مەرزەبانی ئێرانی نووسیوە..: ولیجان، نرزادان، نوشجان، مەرزەوان، خورخوسرەو، باران، دادوەیە لەشکەری ئیسلام لە زەمانی دادوەیەدا دەگەنە یەمەن و حەمزە دەڵێت: "دادوەیە بە دووا مەرزەبانی ئێران دەژمێردرێت

لە "مروج الذهب"دا هاتووە، دوای وەهرەز کوڕ و کوڕەزای وەهرەز لە یەمەندا فەرمانڕواییان کردووە، ناوی کوڕ و کوڕەزای وەهرەز ئەمانەن: مەرزەبان، وینجان، خورخوسرەو.. هورمز شای ئێران لە خورخوسرەو ئالۆز دەبێت و بەدوایدا دەنێرێت. فەرمان دەدا تا بیکوژن، یەکێک لە یارانی شاه شەفاعەتی دەخوازێت و لە کوشتن رزگاری دەکات، بەڵام شا کەسێکی دیکە دەکاتە فەرمانڕەوای یەمەن بەناوی "یازان"، وە ئەو یازانە لەگەڵ خەڵکی

یەمەندا ئیمان بە ئیسلام دێنن.

دەردەکەوێت دەوڵەت و دەسەڵاتی ساسانی لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەیدا ئاشوفتەگی نابەرانبەری وەک خۆرەو وەبا کۆمەڵگای ئەو دەمەی دووچـاووی هەروژانێکـی بنەمـایی کردبـوە ئـایینە جۆراوجۆرەکان. ململانی نێـوان مـوبەدان، جـوڵانەوەی پەیڕەوانـی مەزدەک، تەماح و دەسـت تیـوەردانی فەرمانـدەکانی لە کاروبـاری دەوڵەتی و شا لەسەر تەخت نیشاندەدا لەوانە گوزەشتە رابـواردن و هەوەس بازی شالاوازەکانی خەزینەی دەوڵەت و دەسەڵات خالی کـرد و فیتـنەی "شـیرەوەی" کە بـاوکی خـۆی کوشـتووە، شـاو جێنشینانی منداڵی کوڕی شیرویە، پوراندوخت و ئـازەر میـدوخت نەیان دەتوانی لەگەڵ هێزو توانای فەرماندەکاندا ململانێ بـکەن.. بە گوشـتنی یەزدگـورد دواشـای ساسـانی دەسـەڵاتێکی پێنجسـەد ساڵەی ساسانیان بڕاوەتەوە. وەزعێکـی ئاشـوفتە و لەرزان لەنێـو ئەو دەسەڵاتەیدا حوکم فەرما بووە، بۆیە بەرگەی ململانی عارەبی نەگرت. بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ لەژێر بـاری گرانـی داگیرکەرانـی عەرەبدا ئێران نالاندی و دەنگی بە هیچ کوێ نەدەگەیشت.



- ٢ -

# باهۆزی لم

**پەیامی محەمەد**


لەو کاتانەیدا دەسـەڵاتی ساسـانی دووچـاری چەنـد بەرەکـی و کــاروکردەوەی ئەهریمەنــانە بــوو بــوو، رۆشــناییەکی خــودایی سەرتاسەری سارای عەرەبستانی دەگرتەوە، ورده ورده لە شـەقام و جـادەی کـوفر و دووبەرەکــی و کوشــت و کوشــتار و تــاڵان و پەلاماری یەکتر دوور دەخستەوە و بەرەو رێچکە و رێبازی رزگاری و ســەرفەرازی دەیــانی خســتە ســەر رێ، لەکاتێکــدا خــودی عارەبەکان بە قەولی جەعـفەری کـوڕی ئەبوتالیـب کە لە دەربـاری نەجاشیدا بە زمانی خۆی وتوویەتی: ئەوە ئـایینی مـحەمەدی بـوو ئەو کـۆمەڵە وەحشـی و دڕنـدە خوویـانەی خسـتە سـەر ریـگەی راســتی خــودایی و رۆژ بە رۆژ لە شــکۆو ســەرفەرازی نزیــک و نزیکتریــانی دەکــردەوە، ئەوە نــووری خــودایی بــوو ئەو زەوارەی گەیانــده هەوارگەی یەزدانــی و یەکتاپەرســتی، ئەوە لــوتفی پەروەردگــار بــوو لە قــوڵایی دونیــای پەســتی و بکــوژ بکــوژی بێهــودەوە کەوتــنە تەقەللایەکــی تێکــڕاییەوە روو لە ئاســۆی حەقــیقەت کەوتــنە جەوەلان و پەلامــار، ئەوە مــحەمەد بــوو

پەرچەمــی ئــایینی پیــرۆزی ئیســلامی لە سەرتاســەری جیهانــدا ڕاوەشاند و ئەوی پردی دوو دڵــی و بێبــاوەڕی بەخــودای تــوڕدایە لاوە، لەو ڕۆژانەیــدا ئەوە تەنهــا میللەتــی عــارەب نەبــوو کە نیازمەندی ئەو تیشکە ئاسمانیەی بــوو هەتــاوەکو ڕۆم و ئێـرانیش نیازمەندی ئەو تیشکە ئاسمانییەی بوون، بۆیە نەیانتوانی بەرگەی پەلاماری کۆمەڵێک عارەبی شەڕ نەدیوی برسی و ڕووت و ڕەجـاڵ بگرن..

ئەوە ڕاسـتە پەیـامبەری خـودا لە مێـژدا نـامەی بـو پەروێـزی ساسانی و هەر قلی ڕۆمی نووسیوە، تا ئیمان بە خودای مـحەمەد بهێـنن، پەرویـزی ساسـانی نـامەی پەیـامبەری دڕانـدوەو نـامەی ناردووە بۆ "بازان"ی فەرمانـدەی ئێرانـی لە یەمەن تـا پەیـامبەری خودا دەستگیر بکاو و بەبەندی بۆی بنیرێت.

## ئاییني تازە

ئەو ســـەرکەوتنە سەرســـامئاوەرەی عەرەب بەســـەر ئێرانـــدا جیهانی ئەو کاتەی گێژوویژ کرد و نەیانـدەزانی لەچـی خـانەیەکی بەراورد داینەن، جگە لە بڕیاری ئاسمانی نەبێت، بەتـایبەت بەلای ئەوانەوە وا باوەڕیان بە کەرامات و کاروکردەوەی غەیبیات هەبووە بەڵام بە لای هەڵســەنگێنەرێکی وردەکــاری مێــژووییەوە ســەختە، بەوەی بــاوەڕ بهێنــێ و بە دوای هۆکــار و عیللەتیـتـردا نەگەڕێـت، بەڵام ئەوەیان حاشاهەڵنەگرە، ئەوی مایەی هەڕووژانـی دەوڵـەت و





دەسەڵاتی ساسانی و ئێران بوو، نا بەرانبەری و دووبەرەکی و فەسادی تێکڕایی ناو کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی ئێران بوو، بەتایبەت لەناو چینی دەوڵەتدارانی ئەوکاتەدا، تا سەر ئێسک بڵاو بووبوویەوە، لە بەرانبەریدا ئیمان و باوەڕی پتەویان بە ئایینەکەیان بووە..

هەر ئەو عارەبە شەڕکەرانە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک فەرمانبەردار و بەندە سەیر دەکران و لە خەونیشدا بیریان لەوە نەکردبوویەوە پەلاماری دەسەڵاتی ئێران بدەن. هەتاوەکوو شەڕی زیقار کە چەند هۆزێکی عارەب زاڵ بوون بەسەر سەربازەکانی ئێراندا، ئەوەندە بەلایانەوە جێگەی ناباوەڕی بووە بە سیحر و جادویان زانیوە، کە بتوانن بەسەر سەربازی ئێرانیدا سەربکەون.

## عەرەبی تالانکەر


لەو سالانەیدا شیرازەی دەسەڵاتی ساسانی تێکچوو، هەر ڕۆژێک نا ڕۆژێک سەردار و فەرماندەیەکی لەشکری ئێران شۆرشێکی دەکرد و باڵی شازادەیەکی دەگرت و دەیکردە شاو لەسەر تەختی دادەنا، لە ئاوا ڕۆژگارێکدا هۆزی "بەکری کوڕی وائل" کە هۆزێکی عارەبی حاشیەنشینی سارا بوونە، فرسەتیان لەو ئاشوفتە بازاڕییەی هێناوە و پەلاماری لادێیەکانی نزیکی دامێنی سارایان دەدا و تالان و بڕۆیەکیان دەکرد کە هێزی لەشکەری ئێران بەدوایان دەکەوت بەرەو بن و بیخی سارادا

دەکشانەوە و بەو شێوە لە دەست پێگەیشتنی لەشکری ئێران خۆیان دەپاراست.. لە سەردەمی خەلافەتی حەزرەتی ئەبووبەکردا، دوو لەو تالانکەرانە [موسەنای کوڕی حارسە و سویدی کوڕی قوتیبە] پەیوەندییان بە ئەبووبەکرەوە کرد کە ئێرانییەکان توانا و دەسەڵاتی جارانیان نەماوە و ئیسلام دەتوانێ لەم قۆڵەوە دەستبەکار بێت ئەگەر خەلیفە لەشکرێک بنێرێت و ئەو بکاتە فەرماندەی ئەو لەشکرە، سەرکەوتن بەدەست دێنێ....

خەلیفە لەشکرێک بە فەرماندەیی خالدی کوڕی وەلید دەنێرێت، "موسەنا"ش دەکاتە یاریدەدەری، خالید، شاری "حیرە" فەتح دەکات و لەسەر ناردنی خەراج و خاوەی سالانە رێک دەکەون و خالید "حیرە" بەجێ دێڵێ و ڕوو لە شام دەکات.

**<u>لەشکەرئارایی بۆ شەڕ</u>**

کاتێک حەزرەتی عومەر دەبێتە خەلیفەی ئیسلام کاروباری ناوخۆی ئێران ئاڵۆزتر و ئاشوفتەتر بووە، ئەگەر لەگەڵ چوار ساڵی رابووردوودا بەراوەردت کردبا.. یەزدگورد لە تیسفوندا بەسەر تەختی شاهی ساسانییەوە دانیشتبوو، موبەدەکان، سەرلەشکر و فەرماندەی سوپاکان هەریەکە هەوایەکی لەبیر و ئەندیشەدا دەخولایەوە، عەرەبەکان نیشتەجێی حیرە و ڕووباری دیجلە بوو بوونەوە و پەیوەستە پەرچەمی هەڕەشە و پەلاماریان ڕادەوەشاند، شاهـ یەزدگورد [ڕۆستەمی فەروح هورمزد]ی کردە



فەرمانڕەوای سوپای ئێران، تا ئەوکاتە ڕۆستەم سوپابودی قۆڵی خوراسان بوو.


[موسەنای کوڕی حارسە] خۆی گەیاندە شاری مەدینە و خزمەتی حەزرەتی عومەر، تا بە عومەری بسەلمێنێت شەڕ لەگەڵ ئێرانی ئێستادا وەک جاران نییە و ئەو ترس و تۆقیانە دەروونییە با تورپدەنەلاوە، ئێمە بە ژمارەیەکی کەمەوە بەم نەداریەوە کە دەیبینی توانیمان لە شەڕی "زیقار"دا ڕاویان بنێین، ئێمە دەتوانین دەستکەوتی فراوان بەدەست بهێنین، لە هەمانکاتدا بیروڕای ئایینەکەشمان بڵاوبکەینەوە.. عومەری خەلیفە، باوەڕی بەو شەڕ و بەرانبەرکییەی ئێران پتەو بوو بوو، ڕۆیشتە سەر مینبەرو وتی:

"ئەی خەڵکینە خودا بە زمانی پەیامبەرەوە موژدەی بەدەستهێنانی گەنج و دارایی شاهانی ئێران و قەیسەری ڕۆمی بە ئێوە دابووە، هەستن و ڕاپەڕن و بەشداری لە شەڕی فارسدا بکەن.."

خەڵکەکە کە ناوی فارس و ئێرانیان بیست، سەرانسەر بێدەنگ بوون، جگە لە [ئەبو عوبیدەی کوڕی مەسعودی سەقەفی] نەبێت، هەستاو وتی: من یەکەمین کەسێکم لەو پەلامارەدا بەشداری دەکەم، بەدوای ئەودا خەڵکانێکیتر ئامادەیی بەشداریکردن بوون. ئەو لەشکرە لەگەڵ [موسەنای کوڕی

حاریســـــە]دا بەرەو حیـــــرە بەڕێکەوتـــــن، حەزرەتـــــی عـــــومەر ئەبوعوبیدەی کردە فەرماندەیان.. لەو دەڤەرەیدا دووجار لەگەڵ لەشـــکری ئێرانـــدا ڕووبەڕوو بـــوونەوە لە هەر دوو شـــەرەکەدا سەرکەوتن.. لە ڕووباری فورات پەڕینەوە لە شەڕێکدا فیلێک ئەبوعوبیدەی لـوول داو خستیە ژێر پـایەوە. ئەگەر لەشـکری عـارەب ڕاونـران، ئەگەر دلێـری و ئـازایەتی موسـەنا نەبـوایە شەڕکەرانی عارەب سەرجەم لە ڕووباری فوراتدا دەخنکان. باسی ئەو شکان و ڕاکردنی لەشکری عارەبە گەیشتە حەزرەتی عومەر کەوتە تەقەلای لەشـکرێکی دیـکەی بە فەرمانـدەیی "موسـەنا" ڕێکخست، ئەم لەشـکرە تـوانی تێکشـکان و بەزینـی پێشـوو بە سەرکەوتنیان بەسەر لەشکری ئێراندا وردە وردە باوەڕ بەخۆبـوون بەدەست بهێنـنەوە و لەشـکری ئێـران بە فەرمانـدەیی [میهـران مەهرووبە] بووە ڕاوبنـێن و لەلایەکی تریشـەوە لەقـۆڵی بەسـرەوە عارەب سنووردارەکانی ئێرانیان ڕاو نابوو..

موسـەنا لەوەی ئاگـادار بـوو کە "ڕۆسـتەم" لە "مەدایـین"دا سەخت خەریکی لەشکر ڕێکخستنە و ڕیزئارایی سوپای ئێرانە، هەواڵی گەیاندە حەزرەتی عومەر.. ئەگەرچی دوودڵـی و دڵەڕاوکە لەنێـو موسـڵمانەکاندا کەم و زۆر بەدی دەکـرا، سـەرئەنجام حەزرەتی عومەر تـوانی لەشکر و ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەران ئامادە بکاو بۆ خۆیشی لەگەڵ لەشکردا لە مەدینە وەدەرهات و لە دەرەوەی شـاری مەدیـنە رایگەیانـد کەوا لەشـکر بـۆ شـەڕی



ئێرانیەکان ئامادە کراوە، وە خەڵکەکە ئامادەگی ئەو شەڕەیان نیشانداو داوایان کرد تا لەگەڵ لەشکرەکەیدا بێت بەڵام بڕێک لە یارانی خەلیفە هاتنی خەلیفەیان بەشیاو نەزانی تا پەیوەستە نیازەکانی شەڕی ئەو لەشکرە ئامادە بکاو، حەزرەت [سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی] کردە فەرماندەی ئەو سوپایە.

سوپای ئیسلام لە هۆزە جۆراجۆرەکانی عارەب پیکهاتبوون، ڕوو بە حیرە کەوتنە ڕێ، سەرئەنجام لە دەڤەری قادسیەیدا نیشتەجێبوون، کە هەواڵی سوپای عارەب گەیشتە ڕۆستەم بە لەشکرێکی سی هەزار شەڕکەرەوە لە حیرە لەجێگەیەکدا بەناوی "دیرئەعوەر"دا نیشتەجێ بوون.

**لە قادسیەدا**

کە هەردوو لەشکر لە نزیک یەکەوە نیشتەجێ بوون ئێرانییەکان جۆری چەکی عارەبیان دەدی جەفەنگ و گاڵتەیان بە چەکەکانیان دەکرد و، وردە وردە نێردراوەکانی سەعد دەهاتنە بارەگای ڕۆستەم، سەریان سڕ دەما لە رازاوە بوونی ئەو بارەگایە و فەرماندەکانی کە بە جلوبەرگی مەخمەڵ و ئەتڵەسییەوە، بە چەکی زێڕینی حەمایلی رازاوەوە، کابرای عارەبیش بە سواری وشتر و بە جلوبەرگی پەرپووتەوە، شمشێر لە کیلانێکی چەرمی کۆنی داڕزاودا، نیزە بە دەست نووکی نیزەکەی بەسەر مافوورەکەدا دەچەقاندو ڕوو بە رۆستەم رۆیشتە سەرەوە،


رۆســتەم كــابرایەكی هوشــیار و لێــزان بــوو، بە وردی گــوێی لە نێــردراوەكە رادەگــرد، بەڵام ســەری ســڕمابوو، بــۆ هەرجارێــك یەكێكــی تــازە وەك نــوێنەری ســەعد دەهــاتە دیتنــی، بــۆیە ئەو پرسیارەی كرد، كەوا حیكمەت لەوەدا چییە؟

نێردراو وەڵامی ڕۆستەمی دایەوە، كەوا ئەمیـری ئەوان نـایەوێ نابەرابەری لەناو ئێمەدا سەرهەڵداو دەیەوێت راحەتـی و زەحـمەت وەك یەك لە نێو ئێمەدا دابەش بكات.."

ئەو وەڵامە ڕۆستەمی نـیگەران كـرد و پەی بە پـتەوی بـاوەڕی ئەو لەشكرە بردو زانی شەڕێكی یەكجار گرانی لەپێشە.. ڕۆسـتەم جارێكیتر پرسیاری لە نێردراوێكی دیكە كرد، ئەو كیلان و بەرگی شمشێرەت یەكجار كۆنە؟ كابرا لەوەڵامدا وتی:

"راستە كیلانی شمشێرەكەم یەكجار كـۆنە، بەڵام شمشـێرەكەم هێنــدە تیــژە، لالا مــوی دەكــا.. ئەو وەڵامــانە ڕۆســتەمی خســتە بیركــردنەوەوە، بە یــارانی خــۆی وت: ئەم عارەبــانە حاڵیــان و ئیمانیان لە دوو فەقەرە بەدەر نییە، یا ئەوسا درۆ دەكەن، ئەگەر درۆ بـكەن رازداریەكەیـان جـیگەی سەرسـڕمانە و مـن نەمتوانیـوە هیچ سوودێكیان لی وەرگرم، ئەگەریش ئایینەكەیـان وەك خۆیـان دەڵین، راست بێت و ئایینی خودا بێت كەس بەرگەیـان ناگرێـت.. گوێگرانی وتەكەی ڕۆستەم نیگەران بوون و وتیان:

"فەرماندە، ئەو قسەیە لەتۆ ناوەشیتەوە و گوێ لە توڕەهاتیان



رامەگرە.."

کاتێک "موغیرەی کوڕی شوعیب" بە نوێنەرایەتی هاتە لای ڕۆستەم، بێ ئەوەی گوێ لە، ئایا "نەخێر"ی ڕۆستەم بگرێت لە تەنیشت ڕۆستەمەوە دانیشت، ئەوانەی دەورو بەری ڕۆستەم، پەلیان گرت و کێشایانە خوارەوە.

موغەیرە وتی: ئێمە لامان وابووە کە ئێوە ژیرمەندو لیزانن، بەڵام بۆم ئاشکرا بووە لە ئێوە ئەحمەقترم تا ئێستا نەدیوە.. لەناو عارەبدا کەسێک کۆیلەو بەندەی یەکێکیتر بێت نابینرێت، بەڵام وا دەردەکەوێت لەناو ئێوەدا بڕێکتان کوێلەی ئەوی ترتانن..

رۆستەم، پەیامێکی بۆ سەعد هەنارد، تا یەکێک بنێرێتە لای.. سەعد دیسان موغەیرەی کوڕی شوعبەی هەناردەوە.. موغەیرە پەڵکەی سەری بڵاو کردبووەوە، جل و بەرگی شڕۆڵی لەبەردابوو.. ڕۆستەم پێی ،ت:


ئێوەی عارەب لە برسا بەلای ئێمەوە فالەگیریتانیش دەست نەدەکەوت، بەلامانەوە نان و نیعمەتی ئێمەتان دەخوارد و بە سبەینێدا چەند کەس و کارێکیتری خۆتان دەهێنا.. دەگێڕنەوە کابرایەک باخێکی هەبووە ڕۆژێک رێویەکی خوێڕی چی لە دەستدێت.

رێوی رۆیشت و چەندین ڕێوی لەگەڵ خویدا هێنایەوە خاوەنی باخ دەرگای باخی بەست و بە ناچار تەواوی ڕێویەکانی کوشت..

وابــزانم لەهــۆی برســیتی بێــت ئێــوەی وا ســەرکێش کــردووە و دەســتتان داوەتە چەک.. بگەڕێــنەوە وڵاتــی خۆتــان، دەکۆشــین تێرتان بکەین..

موغەیرە، وەڵامی دایەوە: "راستە ئێمە لەوەی وا وتت زۆرتر لە دژواری و زەحمەتدا بووینە.. تا پەیامبەرێکمان تیادا هەڵـکەوت و لە بنەمــاوە شــێوەی ژیانمــانی گــۆڕی و ئەوســا بەرانبەرتــان راوەستاوین ئەگەر رازی دەبن، یا دەبێت جەزیە بـدەن، یـا شـەڕ؟ عەرەبێکیتر بەناوی [رەبعی کوڕی عـامر] دیسـان بە نـوینەرایەتی نیـردرایە لای ڕۆسـتەم و هـات و وتــی: "ئێـوەی ئێرانـی سـەیرن، کاری خواردن و نۆشـینتان زۆر بە گرنـگ گرتـووە، بەلای ئـێمەوە خواردن و خواردنەوە هیچ پێگەیەکی بۆ دانانەین".

ڕۆستەم و فەرماندەکانی لە شێوەی ژیانی سادە و بێ ئارایشی ئەو عارەبە سارانشینانە و هەروەها بـاوەڕ بەخۆبوونیـان سەرسـام بووبــوون، کەوتـــنە ئەو بـــاوەرەوە کەوا، دەوڵەت و دەســـەڵاتی ساسـانی روو بە نەمـان دەڕوات، شـتێکە درەنـگ و زووی هەیە، جگە لەوانە لە ئەفسانەکاندا لە کتاوی خـودای نـامەو شـاهنامەیدا هاتووە کە گوایە ڕۆسـتەم لە رێـگەی ئەستێرەناسـان و تەلیسـم و جادووەوە بۆی دەرکەوتـووە وا بێـت ئەو ئسـترلاب و ئەسـتێرانەی ئـاوا دیاردەیەکیـان لەوپەڕی بـاوەڕ بەخـۆ نەبوونـدا ئەو شـەڕەیان دەست پێکردووە.



## ئاكامی شەڕی قادسیە


ماوەی چوار مانگ، دوو لەشكری ئێرانی و عارەب بەرانبەر یەک راوەستابوون، گفتوگۆ لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، سەرئەنجام، ڕۆستەم شەڕی دەست پێ كرد، سێ ڕۆژ شەڕی خوێناوی لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، لە ڕۆژی چوارەمدا بایەكی سەخت و بەهێز ڕووبە ڕوخساری شەڕكەرانی ئێرانی هەڵیكرد، لم و گەردەلوولی لم ڕوو بە ڕوخساری ئێرانییەكان بە جۆرێک هەڵیكرد مەودای چاوكردنەوەیان پێ نەدەدرا، لەو ڕۆژەیدا رۆستەم لەلایەن عارەبێكی بێ ناوونیشانەوە بەناوی [هیلالی كوڕی عەلقە]مەوە كوژرا، لەشكری ئێران لە كوشتنی رۆستەم ئاگادار بوو، خۆیان پێ رانەگیرا و بۆی دەرچوون.. ئەو سەركەوتنە بووبە دەروازەی تەواوی سەركەوتنەكانی دیكە بەسەر ئێرانیەكاندا، پەرچەمی كاوەیان و گەنجی دەستەڵاتی خوسرەوان كەوتە ژێر دەستی سەعدەوە، ئیتر تالآن و بڕۆیەكی وا دەستی پێ كرد هەر شەڕكەرێكی عارەب دەستكەوتی خۆی بۆ هەڵنەدەگیرا، سەعدنامەی فەتحنامە و سەركەوتنی بۆ خەلیفە نووسی و دەستكەوتێكی زۆریشی هەناردە خزمەتی.

عومەر، لە وەڵامی سەعدا نووسیویەتی: عەرەب بە دەردی حوشترە لەوانی و مەڕ و مالآت دەخۆن لە دەشتەلانیەكدا ئەوانە گلێركەرەوە، لەنێوان ئێوە و مندا دەریایەک، ڕووبارێک با

نەبێت.."سەعدی جێگەی ئێستای شاری "کوفە"ی هەڵبژارد و لەوێڕا شار و مزگەوتێکی سازاند.

**شاری مەداین**

دوای شکاندنی لەشکری ئێران، سەعد کەوتە دوای ئەو لەشکرە ڕاونراوە، شاری مەداین چەند شارێک بوو بە دەم یەکەوە پەیوەند بوون، بەسەر ڕووباری دیجلەوە، لەبەری ڕۆژهەڵاتییەوە شاری تیسفون و وانتیوی خوسرەو پێ دەوت، لەبەری ڕۆژئاوایەوە "ساوکیە"یان پێ دەوت، شاری تیسفون گرنگی خۆی هەبوو، گەنجینەی دەسەڵاتی ساسانی لەوێڕا بوو، ئەیوانە بەرز و بولەندەکەی کیسرا کە تا ئێستاش فەخر و ناز بە مێژوو دەفرۆشێت لەوێرا بوو، راونراوەکان خۆیان گەیاندە تیسفون، عارەبی سەرکەوتوویش بە دوایاندا و لەوێرا چادریان هەڵدا، خورمای تازەیان خوارد، شاری تیسفون کەوتە دژواری و قاتی و قڕییەوە، یەزدگوردیش لەوێدا مابویەوە، بە چاکی زانی تیسفون چۆڵ بکا و ڕیگەی حەلوانی لەبەر گرت و شاری تیسفونی سپاردە "خرمزاد"ی برای ڕۆستەمی کوژراوی کردە فەرماندەی لەشکر، چەند کەسێکی خاین پیشەی ئێرانی رێگای دزەکردنی ناوشاریان بە سەعد نیشاندا و عارەب ملیان نایە ڕووباری دیجلەوەو لە دیجلە پەڕینەوە.. شەڕێکی کورت و کۆتا لە نێوانیاندا روویداو دیسان ئێرانی شکستی هێناو راونران..



لەنیوەشــەوێکدا "خــورەمزاد" لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتەوە شــاری بەجێهــێلا و خــۆی گەیانــدە جەلەولا، شــار بــێکەس و بێخێــو و خاوەن کەوتە ژێر دەستی عارەبەوە...


## گرتنی مەداین

عــارەب ڕژایە نــاو شــاری تیســفونەوە، کوشــت و کوشــتار و تاڵانیان دەست پێکرد، ســەعد، کە هــاتە نــاو کۆشــکی شــاهیەوە هەشت رکات نوێژی کرد، ئایەتی [کم ترکوا مـن جنـات وعیـون]ی خوێندەوە، بەو شێوە گەنجی فــراوان و کۆشــکی دەســەڵاتی چــوار سەد ساڵەی ساسانییان کەوتە ژێــر دەســتی عــارەبەوە، عارەبێــک جیاوازیی نێوان خوێ و کافووری لەیەک نەدەکردەوە، نرخ و بایی زێڕیــان نەدەزانــی، ئەو کۆشــکە ئەفســانە ئامێزەیــان وێرانکــرد، فەرشێکی گەورە لەوێدا بوو بەنــاوی بەهارســتان، پارچەپارچەیــان کرد و لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کرد.

کاتێــک لەشــکری ئێــران لە تیســفون ڕاونــران ئەوی نەقــدینە و زەڕو شتی لەگەڵ خۆیانــدا بردبوویــان کەوتــنە دوایــان و لێیانیــان ســەندنەوە.. هەر لەوێــرا مزگەوتێکیــان دروســتکرد ئیتــر مــوبەد و ئاتەشگا و ئاگردان لەوێــڕا نەبینــرا، وردە وردە ئەوشــارە گرنگیــی خۆی لەدەستدا و فەرامۆش کرا..

## شەڕی جەلەولا

دوای داگیرکردنی مەدائین، لەشکری ڕاونراو لێرە و لەوێ لە جەلەولادا کۆبـــوونەوە. لەبەر ئەوەی بەچەنـــد ڕێـــان دەژمێـــردرا شـــەڕکەرە ئێرانییەکـان بڕێکیـان خەڵکـی "جبـال" بـوونە، بڕێـک ئازەربایجان، وە هەریەکەو ڕێگـای ڕۆیشـتنی جیاجیـا بـووە، بـۆیە لەو شارەدا کۆبوو بوونەوە.. "میهران رازی" یان لەنێو خۆیانـدا بە فەرماندە هەڵبژارد، سـەنگەریان هەڵکەنـدو ئامـادەی شـەڕ بـوون، نامەیان بۆ یەزدگورد نووسی و داوای زەڕ و خەڵکیان لێکرد.. کار لە کار گوزەشتەبوو، بەڵام لێرەو لەوێ دیسـان خەڵکـانێکی دلێـرو ئازا لە جەلەولادا کۆبوونەوە، سـەعد نـامەی بـۆ خەلـیفە نووسـی، حەزرەتی عومەر،وەڵامی دایەوە، مۆڵەتیان پـی نەدرێـت و دەبێـت شـــەڕیان لەگەڵـــدا بکرێـــت.. شـــەڕ ڕوویـــدا و دیســـان عـــارەب ســـەرکەوتن، ســـەعد گەڕایەوە بـــۆ کـــوفە، لە شـــەڕی جەلەولادا دەســـتکەوتێکی زۆر کەوتە دەســـتی عـــارەبەوە، ژن و ئـــافرەتی گەلێـک زۆر بە دیـل گیـران و بەرەو مەدیـنە بـران.. "دیـنەوەری" نووسـیویەتی: "عـومەر وتـوویەتی لە منـداڵان ئەو ژنە دیلکـراوانە پەنـا دەبەمە لای خـودا دەڵـێن لە شـەڕی جەلەولایـدا سـەد هەزار کەس کوژراون.




## شوشتەر و شوش

کاتێک سوپای ڕاونراوی شـەڕی جەلەولا زۆربەیـان لە حەلوانـدا دووبـارە کۆبـوونەوە و یەزدگـوردیش گەیشـتە ئەوێ، بەڵام لەوێـڕا زۆر نەمــایەوەو ڕووی بە "ئســتەخر" یــا قــوم و کاشــانی ئێســتا وەڕێـکەوت "هـورمزان" یەکێـک بـوو لە هاوڕاکـانی و تـا ڕادەیەک خزمایەتی بە دەرباری شاکانەوە هەبوو بە یەزدگوردی وت:

"وەک دەبینی عـارەب لە دەڤەری حەلوانـدا کۆبـوونەتەوە، بەم وەزعەی کە هەمانە لەوێڕا ناتوانین بەریان لێ بگرین، بڕێکیتریـان لە ئەهواز و خوزستاندان فەرماندەی ئازاو لێهاتوویان تیادا نییە و باوەڕناکەم بتوانن ڕووبەڕوومان ڕاوەستن، دەڵـێم ئەگەر ڕای شـای لەسەر بێت بـا بەنـدە بـڕۆم و لەشـکر کـۆ بـکەمەوە و پەلاماریـان بـدەم، فەرماندەی ئەوێ نـاوی [ئەبـو مووسـای ئەشـعەری]یە زۆر کارامەی شەڕو پەلامار نییە..."

شا، پێشنیاری فروزانی پەسـەند کـرد و، بڕیـک لە چەکدارانی کردە هاوڕای و پارەوپولێکی دا بەدەستیەوە..


هـورمزان لەشـاری "شوشـتر"دا هەوارگەی خسـت و فەرمـانیدا شوورەی شار پتەوتر بکەنەوە و ئازووقە و پێداویستەکانی شـەڕی کـۆکردەوە، ئەبوموسـا، لەو بیـر و تەکبیـرە حەزرەتـی عـومەری ئاگادار کردەوە و فەرمـانیدا بە [عەممـاری کـوڕی یاسـر] کەوا لە کوفەیدا بـوو، تـا نیـوەی ئەو هێـزە لەگەڵ خۆیـدا ببـات و بـڕواتە

هانــای ئەبــوو موســای ئەشــعەرییەوە لەشــکری عــارەب شــاری شوشتەریان ئابلوقەدا.

هــورمزان، لەشــار بۆیــان هــاتە دەرەوەو شــەڕێکی خوێنــاوی لەنێوانیانــدا رووی‌دا، عــارەب خەریــک بــوون دەشــکان دیســان خیانەتی یەکێک لە ئێرانییەکان وای کرد عارەب سەرکەون..

دەڵـێن ئەو کـابرایە خیـانەتی کـرد شـەوێک لە شـوورەی شـار دەردەچێت و خۆی دەگەیەنێتە ئەبوموساو داوای ئەمـانی خـۆی و ماڵ و منداڵی دەکـات لە بەرانـبەردا دەڵێـت: "مـن نـاوم "سـیا"یە ئەگەر لە سەرەتاوە یەکێکم لەگەڵدا بنێریتە ناوشـار تـا بە چـاوی خۆی ئەوێی بخەمە بەرچاوی.

ئەبوموسا، روو بە یارانی دەڵێت: کـێ دەیەوێـت بەهەشـت بـۆ خۆی بەدەست بهێنـێ؟ ..پیاوێک لە تیرەی بەنی شـەیبان بەنـاوی [ئەشرەسی کوڕی عوف] هەڵساو وتـی: ئەی ئەمیـر ئەو شـانازییە بەمـن ببەخشــە لەگەڵ "ســیا"دا لە رێگەیەکــی پەنهــانەوە دەڕۆنە ناوشار و دەیباتە ماڵی خۆیەوە و جلـوبەرگی خـاوێنی ئـو دەمەی لەبەر دەکات و بە بەیانیدا وەک خزمەتکار دەیخاتە دوای خـۆی و تەواوی شاری شوشتەری پێ دەگەڕێنێت "ئەشرەس" دەگەڕێـتەوە لای ئەبوموسا و ئەوی دیبـوو بـۆی دەگێـڕینەوە، ئەو دەم کـابرای خەیانەتکـار بە ئەبوموســا دەڵێــت؛ بــا ئەمجــارە دووســەد کەســم لەگەڵدا بنێرە ناو شارەوە، تا بە شەڕ دەروازەی شار بکەیـنەوە و



تۆش هێرش بکەرە ناو شارەوە.. هەروا ڕۆیشتنە ناوشارەوە.. هورمزان، زانی دووچاری خیانەت بووە لەگەڵ چەند شەرکەرێکدا پەنا دەبەنە قەڵایەکی ناوشار و تا مانگێک شەڕ دەکەن و سەرئەنجام داوای خۆبەدەستدانەوە دەکەن بە مەرجێ نەیانکوژن..

ئەبوموسا، هورمزان و هاوڕاکانی دەنێرێتە لای خەلیفە هەر هەموویان جلوبەرگی ڕازاوەیان لەبەردا بووە، حەزرەتی عومەر لە مزگەوتدا تەنها ڕاکشابوو نووستبوو.. فروزان دەپرسێت باشە خەلیفە کوا؟ کوا کوێلە و خزمەتکار و دەرباری؟

دەڵێن، ئەمە خەلیفەیە و فەرمانڕەوامانە.. واباوە خەلیفە بڕیاری کوشتنی فروزانی دابووە، بەڵام فروزان داوا دەکات تا ئاوی بۆ بهێنن.. ئاوی بۆ دێنن و ڕوو بە لە خەلیفە دەکات و دەڵێت: ئاخرین داوام لە خەلیفە ئەوەیە نەکوژرێم تا ئەو ئاوە دەخۆمەوە..

خەلیفە بەڵێنی دەداتی و دەڵێت: لەوەی دڵنیا بە ئاوی خۆت بخۆرەوە..

فروزان جامە ئاوەکە دەڕێژێت و بەوشێوە دەکەوێتە بەر بەڵێنی خەلیفە و ناکوژرێت..

داستانێکی دیکە لەو بابەتە لەشاری "شوش"دا ڕوویداوە.. کە شار دەورە دەدرێت، فەرماندەی لەشکر داوا لە ئەبوموسا دەکات

کەوا ئەمـــانی هەشـــتا کەســـەکەی دەوری بـــدا، ئەبوموســـا ئەو بەڵێـــنەی پـــێدەدا، ئەو کـــابرایە لەبیـــری نەبـــووە کە بەخـــۆیەوە دەکاتە هەشتاویەک کەس..

ئەبوموسا ئەمر دەکات لە ملی دەدەن..


لەماوەی یەکساڵدا عـارەب سەرتاسـەری خوزسـتان و فـارس و میهرگان و سیمرە و ئستەخرو و ئەرجان دەگرن و تاڵان دەکەن.

## <u>دەربارەی خیانەت</u>

ئەو خیـانەتەی وا باسـمان کـرد، تەبەری دەڵێـت: کـابرایەک هەبـــووە بەنـــاوی "ســـیای دەیلەمـــی" کە یەکێـــک بـــووە لە فەرمانـــدەکانی "یەزدگـــورد". کە یەزدگـــورد ســـەردارەکانی کـــۆ دەکاتەوەو دەڵێـت: هەر یەکەتـان بـڕۆن بـۆ نـا شـارێک و لەشـکر کۆبکەنەوە، "سیای دەیلەمی" یەکێک بووە لەو فەرماندانە، کاتێک لەشـکر لە "شـوش"دا کـۆدەبێتەوە "سـیا" لە جێگەیەکـدا بەنـاوی "کلبانیە" لەنگەر دەخاو بە هاوڕێکـانی دەڵێت: ئـێمە توانـای ئەم شەڕەمان پێوە نەماوە، تەکبیرتان چییە؟

دەڵێت: وا چاکە سولحیان لەگەڵدا بکەین.

یەکێـــک لە هاوڕێکـــانی بەنـــاوی "شـــیرویە"ی نـــاردە لای



ئەبوومووسا و ئەمانی پێدراو ئیمانی هێنا و ئیتر "سیا" بوو بە چاوساغی عارەبەکان، کە عارەب شووشتەریان ئابلۆقەدا، شەوێک جلوبەرگی خۆی خوێنین دەکا و خۆی دەگەیەنێتە لای دیواری شار، پاسەوانەکان دەرگا دەکەنەوە و "سیا" بە شەڕ دیت لەگەڵیاندا و لەشکری عارەب دەگەنە پێشەوە و دەڕژێنە ناو شارەوە

__دوا شەڕ__

یەزدگورد، لای وابووە کە عارەب لە سەوادا جێگیر دەبن، دەستبەرداری دەڤەرە شاخاوییەکان دەبن، کە دەبینێ نەخێر وا سوپای عارەب ڕووبە ئەسفەهان ملیانناوە نائومێدی زۆرتر رووی تێدەکا.. نامە و پەیام بە هەر چوارلادا دەنێرێت، تا دەست رۆیشتوان بڕۆنە هانایەوە.. ئەگەرچی ئاشوفتە بازاڕی و هەرکەس بۆ خۆی سەرتاسەری ئێرانی گرتبووەوە، لەشکرێکی زۆر لە دەوروبەری یەزدگورد لە شاری نەهاوەندا کۆبوونەوە کە ژمارەیان گەیشتە سەدو پەنجا هەزار جەنگاوەر، فروزان کرابووە فەرماندەی ئەو لەشکرە.. عارەب هەستیان بە مەترسیەکی گەورە کرد، "عەمار کوڕی یاسر" نامەی بۆ خەلیفەی نووسی، تیایدا کۆبوونەوەی ئێرانیەکانی بە وردی بۆ نوسی بوو.. حەزرەتی عومەر دیسان رۆیشتە سەر مینبەر و وتی: ئەی خەڵکینە تا بە

ئەمـڕۆ توانیومـانە بە سـەر عەجەمەکانـدا سـەرکەوین، وا عەجەم لەشکریان کۆ کردووەتەوە، دەیانەوێت نووری خودا بکوژێننەوە.."

حەزرەتی عوسمان دەڵێـت: ئەی خەلـیفە.. نـامە بە چـوار لادا بنێـرە بـۆ شـام و یەمەن و بەسـرە و بـۆ خـۆتیش فەرمانـدەیی بەدەست بگرە..

خەڵکەکە ئەو رایەیان پەسەند کرد.. خەلیفە ڕوو بە حەزرەتـی عەلی: تۆچی دەڵێیت؟

وتـی: مـن ئەو رایەم لا پەسـەند نیـیە.. ئەگەر لەشـکری شـام بکێشـێنینەوە رۆم پەلامـار دەدا، ئەگەر لەشـکری یەمەن بهێنـین حەبەشـــییەکان دووبـــارە پەلامـــار دەبەن.. لەوانە گوزەشـــتە لە زەمانی پەیامبەری خودادا ئێمە کەی ئەوەندە پشتمان بە ژمارەی زۆرەوە بەستبوو..؟

ئێمە پتەوی ئیمانمان پشت و پەنامان بووە، وا چاکە نامە بـۆ شـام و یەمەن و عەمـان بنووسـی کەوا سـێیەکی لەشـکر بنێـرن، نەک هەمـوو لەشـکرەکە.. خەلـیفە راکەی عەلـی پەسـەند کـرد و بریـاردرا کەوا [نوعمـانی کـوڕی مقـرەن] بکـڕێتە فەرمانـدەی ئەو لەشکرە، ئەگەر نوعمان کوژرا با حوزەیفەی کوڕی یەمان جـیگەی بگرێتەوە، وە ئەگەر حوزەیفە کوژرا، با جەریری کوڕی عەبدوڵلا و ئەگەر ئەویش کوژرا با موغیرەی کوڕی شوعبە جێگەی بگرێتەوە، دوای ئەو ئەشعەسی کوڕی قەبسد.. نامەیەکی نـاردە لای "مقـرن"


تیایدا نووسیبووی، دوو کەس لە سوپاکەتدایە هیچ کارێکیـان پـێ مەسپێرە، یەکەمیـان عمـروی کـوڕی موعـد یەکروبـی، دووهەمیـان تەلحەمی کوڕی خوێلد، بەڵام رایان وەرگرە..

**فەتحی نەهاوەند**

لەشکری ئێران لەژێر فەرماندەیی فروزاندا بـوو دوو لەشـکر لە نزیک شاری نەهاوەندا بەرانـبەر یەک چادریـان هەڵـدا، پەیوەسـتە یارمەتی دەگەیشتە سوپای ئێران..

عارەب روانی کات و زەمان لە سوودیان نییە، تەکبیریـان کـرد بڵێن خەڵیفە لە مەدینە مـردووە و لەشـکر دەبێـت بگەڕێـتەوە بـۆ وڵاتی خۆیان.. لەشکری ئێـران لە جـێگەو شـوێنی دیـاری خۆیـان وەدەرهاتن، تا دوای عارەب بکەون.. عارەبیـان لـێ هەڵـگەڕایەوەو شەڕی خوێنین چەنـدین ڕۆژ درێـژەی کێشـا، سـەرئەنجام سـوپای ئێران شکاو ڕاونران و نەهاوەندیش کەوتە چنگـی عـارەبەوە.. ئەو شـەڕە بەدوا شـەڕی مـونەزەم دەژمێردرێـت و ئیتـر سەرتاسـەری ئێران کەوتە ژێر دەسەڵاتی عارەبەوە، لەماوەی سـاڵێکدا هەمەدان و کاشـان و ئەسـفەهان و ئسـتەخریش داگیرکـرا. یەزدگـورد لە دەڤەری فارسـەوە رۆیشـت بـۆ کرمـان، لەوێـڕا بـۆ سیسـتان و گەیشـتە مـرو لە نەهاوەنـدا ئەوی لە دارایـی دەوڵەتـی ساسـانی

مــابویەوە کەوتە ژێــر دەســتی عــارەبەوە، بــۆیە عــارەب شــەڕی نەهاوەند بە "فەتحولفتووح" ناو دەبەن. لەوێڕا تاڵانی سەرتاسەری دەستی پێکرد..




## - ٣ -
## سەرەتای تراژیدیایەک

شەڕی نەهاوەند لە ساڵی ٢١ کۆچی ڕوویداوە، چواردە سەدە دەستەڵاتی پڕ لە شکۆی ئێرانی لەناو برد حەوت سەدە لەپێش زاییندا و حەوت سەدەش دوای زایین درێژایی کێشاوە.. ئەوە تەنها بە لەناوبردنی دەستگاو دەوڵەتێکی کۆنەساڵ نەدەژمێردرا، بەڵکی لەناوچوونی دەستگا و دەموچاوی نغرۆ لە تەبەهای و ناڕەوایی چەند بەرەکیدا دەژمێردرێت. ململانێی نێوان موبەدەکان، شەڕەقۆچی ئایینە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت بیروڕای [مانی و مەزدەک] لەناو خەڵکە زۆرەکەدا ریشوی داکوتابوو و پەرەسەندنی ئایینی مەسیحیەت لە ڕۆژئاوادا هەروەها بەربڵاوی ئایینی بودائی لە ڕۆژهەڵاتەوە توانا و گوڕی ئایینی زەردەشتی کەم هەناسە کردبوو، هەروەها چینی پیاوانی ئایینی تەنها لەبیری سوودی ئاگردانەکاندا دەخولایەوە بێئەوەی توانای بەربەرەکانیان تیادا مابووبێت، خەڵکەکە بە تەواوی لە دونیای ڕۆحانیەتەوە دوور کەوتبوونەوە، نیازی خەڵکەکە بە ئایینێکی تازە بە دروستی خۆی وەدەرخستبوو تا ئەو ئایینە بتوانی جیاوازی چینایەتی

وەلاوەنێت. لە خۆڕا نەبووە زۆربەی کوڕی مەرزبان و [سەلمانی فارسی] پەیڕەوی ئایینی مەسیحیەت بووەو لەدواییدا ناچار بووە لە حیجازدا بگیرسێتەوە.. لە هەر لایەکەوە لێت بنوایە تەواوی کۆشەکان، دەڤەرەکان، خەڵکەکە نیازێکی یەکجار زۆریان بە گۆڕانکاری پەیدا کردبو،،. هێندە ئەو نیازانە لە کۆمەڵگادا ریشووی داکوتابوو، توانای هیچ ململانی و بەرگری پەلاماردەرانی دەرەوەیان پێوە نەمابووە زوڵم و زۆر و بگرە و بەردەی سەردەمدارانی دەوڵەتیش سەرباقی. ئاوا وڵاتێک بێگومان توانای بەربەرەکانی پڕوپوچترین پەلاماری داگیرکەرانی پێوە نەمابوو.. ئەگەرچی دەوڵەت و دەسەڵاتی روما دەکۆشا ئایینی مەسیحیەت لە ئێراندا بڵاوبکاتەوە، بەڵام سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست نەهێنابوو بە پێچەوانەوە دەوڵەتی خەلیفەی عارەب توانی ئەوکارە بە بەربڵاوی ئەنجام بداو ئەو جێگا خالیە پڕ بکاتەوە و ئیسلام بەسەر مەجووسیەتدا سەرکەوێت...

ئەوە نەبێت ئەو هەڕووژانەی لیرە و لەخۆڕا بووبێت چەندین ساڵ لەمێژدا ئەو ئەگەرانە حەی عەلاسەلات بە چوار دەوری دەسەڵاتی ئێران و ناو کۆمەڵگای ئێراندا دەیان نەڕاند.. کە عارەب پەلاماریدا بڕێک لە دەهقانان پردیان بەسەر فوراتدا دروست کرد تا ئەبووعوبیدە و سوپاکەی بپەڕنەوە، شاری شوشتەر گەورە پیاوێکی ساسانی دای بە دەستی عارەبەوە، لە شارەکانی، رەی، قومیس، ئەسفەهان، جورجان، تەبەرستان،



خەڵــکەکە بــێ یەک و دوو ئامــادەی جەزیەدان بــوون، کەســێک ئامادەی ململانی و بەرانبەرکی نەبوو.

ئەو نائومێدیانە بوو عـارەبی زاڵ کـرد بەسـەر ئێرانـدا، شـەڕی نەهاوەنـد ئەوی توانـا و وزەی بەربەرکـانی بـوو لە بیـر و فکـری ئێرانیەکاندا بەدەری کرد، سەرکەوتنی سادەیی و فیداکاری بەسەر خۆ بە زلزانـی و یاسـای چینایەتیـدا زاڵ بـوو خەڵـکەکە ئەوەیـان سـەلماند، ئەو سـەرکەوتنە لە حیکمەتـی پەروەردگـارەوە بە دوور نەبـوو. ئەو عـارەبە هـیچ نەدیـوانە، سـەرتاپای ژیانیـان سـافی و سادەیی لـێ دەبـاری، جـێگەی شـاکانی ساسـانی و مەرزەبـانە بە دەســـتەڵاتەکانی ئێرانیـــانی پـــڕ کـــردەوە، ژیـــانی فەقیـــرانە و دەروێشــانەی ئەو شــەڕکەرە عارەبــانە دەبینــرا خەڵکــی ئێرانــی سەرسـام کردبـوو، سـەلمانی فارسـی کـرایە فەرمـانڕەوای مەدایـن پایتەختی دەسەڵاتی ساسـانی، نـانی جـۆی دەخـوارد، جلـوبەرگی زبری خوری لەبەر دەکـرد، کە نەخـۆش کەوت دەگریـا و دەترسـا نەکا لە پردی سیراتدا نەتوانیت بگوزەرێت..

خەڵکەکە ئەو ژیانە هەژارانەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامیان دەدی و لەگەڵ رەفتاری توندوتیژی دەسەڵاتدارانی ساسانیدا بەراوردیـان دەکرد، ژیانی بێ ئارایشی خەلیفەی ئیسلامیان کەبەو دەسەڵاتەوە لە ژێـر دەسـتیدا بـووەو لە مزگەوتـدا لەنـاو خەڵـکەکەدا دەژیـا و رایـانی وەردەگـرت و دژ بە رای خەلـیفە دەدوان، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو


ئایینە تازەیان بەلاوە شیاوتر و جیگیرتر دەهاتە بەرچاو...

لەدوای شەڕی گەورەی نەهاوەند، لێرەو لەوێ یاخی بوون و پەلاماری دەمارگرژی ئێرانی دەبینرا، بەڵام بەجێگەی مەترسی لە قەڵەم نەدەدرا و توانای بەربەرەکانی عارەبیان لەخۆدا نەدەدی...

<u>**ململانییەکان**</u>

لەراستیدا ئەو بەربەرەکانیانە تەنها لەڕووی دەمارگرژیەوە لێرەو لەوێ دەبینرا، دوای ئەو هەڕوژانە تیکڕاییە ئەو جۆرە ململانیەش بە ئاسایی وەردەگیرا لەگەڵ فەرماندە عارەبەکاندا سوڵحنامەیان واژوو دەکرد هەرکە ئەو ئەمیرە بگوێزرایەتەوە یا بمردبا خەڵکەکە دەکەوتنە شۆرش و یاخی دەبوون.

ئەبوموسای ئەشعەری کە گەیشتە ئەسفەهان داوای کرد خەڵکەکە ئیمان بە ئایینی ئیسلام بهێنن.. بەوە رازی نەبوون.. داوای جەزیەی لێکردن سەرەتا قەبووڵیان کرد و بە بەیانیدا شۆرشیان دەست پیکرد، گوایە خەڵکی "قوم"یش هەروایان کردووە، لە ساڵانی ٢٨ ، ٣٠ کۆچیدا عارەب دووجار ناچاری شەرکردن کراون لە ئستەخردا وە ئەو ململانییە عەرەبەکانی بە تەواوی ئاڵۆز کردبوو.. "عەبدوڵلا کوڕی عامر" سویندی خوارد دەبێ ئەوەندە لە ئێرانیەکان بکوژێت جۆگەلەی خوێن هەڵسێنێت،






خۆی گەیاندە ئستەخر و کوشتاری ئازاد کرد، ئەوەندەیان کوشت خوێن نەبووە جۆگەلە بۆ ئەوەی سوێندەکەی ئەنجام بگرێت، ئاویان گەرم کردو تێکەڵی خوێنەکانیان کرد، خوێن وەک جۆگەلە بەرێکەوت، گوایە چل هەزار کەسی کوشت بوو، بەو شێوە دڕندانە مامەلە لەگەڵ میللەتی داگیرکراوی ئێرانیدا دەکرا.. هەر شاریک لەترسا، یان لەرووی ناچاریەوە ئیمانیان بە ئیسلام هێنابوو لە هەر فرسەتێکدا لەو دینە هەڵدەگەڕانەوە. لە ساڵی ٣٠ کۆچی، خەڵکی خوراسان لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕانەوە، حەزرەتی عوسمان [عەبدوڵلای کوڕی عامر و سەعیدی کوڕی عاسی]ی دەستنیشانکرد تا ئەو شۆڕشە لەناو ببەن.. وە لە سەردەمی خەلافەتی عوسماندا دەڤەری "سیستان"یش داگیرکرا، کاتێک هەواڵی کوشتنی عوسمانیان بیست شۆرشیان دەست پیکرد، مەرزەبانی ئازەربایجان شەڕی مەردانەی لەگەڵ عارەبدا ئەنجامدا، سەرئەنجام لەگەڵ [حوزەیفەی کوڕی یەمان]دا لەسەر برێک پارە کە هەشت سەد هەزار درهەم بوو پێکهاتن حەزرەتی عومەر حوزەیفەی لابردو یەکێکی کەی خستە جێگاکەی، خەڵکەکە شۆرشیان دەست پێکرد ئەو ململانێ و یاخی بوونانە وە نەبێت بۆ گەڕانەوەی دەستەڵاتی سیاسی بوو بێت، بەڵکو "جەزیە"دان و سەرشۆڕکردنەکەیان بەلاوە ستەم بووە..


## کوشتنی حەزرەتی عومەر

ئەو کوشتنە لەلایەن برێک لە ئێرانیانی ناوشاری مەدینەوە ئەنجام دراوە [ئەبو لوئلوئە] دوای دووساڵ لە فەتحی نەهاوەند، عومەری کوشتووە، بۆخۆی خەڵکی نەهاوەند بووەو لە مێژدا رۆمەکان بە دیلی گردویانە و لە دواییدا بووە بە دیلی عارەب، وە بەناوی [رومی حەبەشی مەسیحی] ناویان دەبرد، دەڵێن کاتێک دیلەکانی شەڕی نەهاوەندیان گەیاندە مەدینە، [ئەبو لوئلوئە] تەماشاکەریان بووە، دەستی دەکێشا بەسەر منداڵانی بە دیلگیراوداو دەگریا، "ئەبولوئلوئە" کوێلەی [موغەیرەی کوڕی شوعبە] بووە، لە دەستی موغەیرە هەڵدێ و پەنا دەباتە عومەر.. حەزرەتی عومەر دەڵیت: بیستوومە دەزانی ئاسیا و بنەیتەوە؟ .. لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵێ، دەزانم..

دەڵێت: جێگەی ئاسیاوێکم هەیە وەرە بۆم بنەرەوە.

دەڵێت: بەخودا قەسەم، ئاسیاوێکت بۆ دەنێمەوە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا باسی بکەن... کە ڕۆیشت حەزرەتی عومەر وتی: بەخودا قەسەم، ئەو کوێلەیە هەڕەشەی لێکردم..

مانگی زولحیجە بوو، بەرەبەیان حەزرەت رێگەی مزگەوتی گرتەبەر تا نوێژی بەیانی ئەنجام بدات، خەڵکەکە قامەتیان بەستبوو، "ئەبولوئلوئە" وەک ئەوان لەپشتی حەزرەتی عومەرەوە لە قامەتدا بووە، چەقۆیەکی حەبەشی پێ بووە، کە هەردوو



لاکەی لالا مویـان کـردووە.. ئەبوولوئلـوئە، لە چرکەیەکـدا شـەش جـار چەقـۆیدا لەژێـر نـاوکی حەزرەت شـەهیدی کـرد.. گـوایە هـورمزان و چەنـد کەسێک لە ئەسـحابی پەیـامبەر دەسـتیان لەو کوشتنەدا هەبووە.. بەلعەمی دەڵێت:

"حەزرەتـی عوسـمان خـۆی دەگەیەنێـتە مـزگەوت و دەنێـرێتە دوای کوڕەکـانی حەزرەتـی عـومەردا "عەبـدوڵڵا" لە هەموویـان گەورەتـر بـووە، هـورمزان کە لە ئەهـوازەوە بە دیلـی هێنرابـوو پەیـڕەوی ئـایینی مەسـیحیەت بـوو، وە کـوێلەیەکیتر کە کـوێلەی "سەعدی کوڕی ئەبوو وەقاس" بووە، بەناوی "حـنەیفە" بینرابـووە کە [هـورمزان و ئەبولوئلـوئە و حـنەیفە] ڕۆژێـک پـێش کوشـتنی حەزرەتــی عــومەر، ئەو ســییانە پــێکەوە لە ڕاوێــژدا بــوونە.. عەبدولرەحمانی کوڕی حەزرەتـی ئەبـوبەکر، بە عەبـدوڵڵای کـوڕی عــومەر دەڵێــت: مــن ئەو چەقــۆیە حەبەشــیەم بە بەرۆکــی ئەبولوئلـوئەوە دیـوە.. فەیـروزی مەسـیحی کـوێلەی "مـوغەیرە" لەگەڵ کوێلەکەی "سەعد"دا پیکەوە لە راوێژدا بوونە...

لەو کاتەیــدا ئەبولوئلــوئە، حەزرەت دەداتە بەر چەقــۆ لە مــزگەوت رادەکـاو پیاوێـک لە هـۆزی بەنـی تمـیم دەیگرێـت و دەیکوژێـت و خەنـجەرەکەی دێنـێ بـۆ نـاو مـزگەوت.. عەبـدوڵلا دەڵێت:

بەخـودا قەسـەم، ئەگەر ئەمیرولمـوئمنین بەو زامـانەی بمرێـت

خەڵکانێکی زۆر دەکوژم.. خەلیفە دەمرێت و عوبیدوڵڵا، هورمزان دەکوژێت و دەڕوا بۆ بەر دەرگای "سەعد" حەنیفەش دەکوژیت، عوبیدوڵلا قژی سەری زۆڕ درێژ بووە، تا ناوشانی.

سەعد پێی دەڵیت: بەچی حەقێک کوێلەکەمت کوشت؟


لە وەڵامدا دەڵێت: بۆنی کوشتنی ئەمیرولمومنین لە تۆوە دێت.. سەعد، قژی عوبەیدە وەلا دەگرێ و بەزەویدا دەدا، عوبیدوڵڵا زیندانی دەکەن.. کە عوسمان جێگەی عومەر دەگرێتەوە، یەکەمین کارێک کە دەیکات، عوبیدوڵلا ئازاد دەکا و یارانی پەیامبەر کۆ دەبنەوە، تا بریار بدەن، حەزرەتی عەلی دەڵێت: عوبیدوڵڵا دەبێ بکوژرێت.. عەمروعاس دەڵێت: ئەم پیاوە باوکی کوژراوە، ئەگەر بکوژرێت خەڵکی دەڵێن، خودا کوشت و کوشتاری خستووەتە نێوان موسڵمانەکانەوە.

عوسمان، قسەی عەمروعاس دەسەلمێنێت و دەڵێت:

"من خوێنی هورمزان دەدەم و عوبیدوڵڵایش ئازاد دەکەن"

بەوشێوەیە ئێرانییەکان لە تاوانی وڵاتەکەیاندا عومەریان شەهید کرد.

دوا شای دەسەڵاتی ساسانی بەدەستی ئاسیاووانێکەوە کوژراو شازادەکان لەبێ پشت و پەناییدا توانەوە... بەو شێوە ئەگەر وردە ململانێ و ملنەدانێک دژ بە دەسەڵاتی عارەب دەکرا و



دەبینـرا بە یەکجـاری لە نـاوچوو، وردە وردەش زوڵـم و دژ خـۆی داگیرکەرانی عارەب ڕۆژ بە ڕۆژ لەناو سەرتاسەری ئێرانـدا زیـاتر و زیاتر دەبوو...

## ڕەفتاری داگیرکەران

ئەو داسـتان و دەعـوانەی لە کتاوەکانـدا لەم ڕووەوە بەرچـاو دەخرێن، سەرسام ئاوەرن.. نووسراوە:

عەبدولرەحمانی کوڕی سـمرە، لە سیسـتاندا فەرمـانیدا ئەوەی مـارخۆر بکوژێـت، سـزا دەدرێـت، تاژمارەیـان کەم نەبیـتەوە ئەو بتوانێ لێیان بخـوات، ڕەفتـاری ئەو فەرمانـدانە لە مەدائینـدا لەوە گێلانەتر بووە..

دەڵـێن: کـابرایەکی عـارەب، دانە یـاقوتێکی خـاوێنی دەسـت دەکەوێت، کابرایەکی تـریش ئاگـاداری ئەو ئـاڵ وێـلەی دەبـێ، بە کابرای عارەب دەڵێت، کـورە ئەوەت هەرزان فرۆشـت.. عـارەب لە وەڵامیدا دەڵێت: مەگەر لەولای هەزارەوە ژمارەیەکیتر هەیە؟!

یەکێکیتر لەناو لەشکردا بانگەوازی دەکرد، کێ زەرد بە سـپی دەکرێت؟ بەلای کابرای عارەبەوە زیو لە زێڕ بەنرخترە، برێـک لەو عارەبانە چنگ بەسەر عەمارێـک "کـافور"دا دەگـرن، لایـان وابـووە ئەوە خۆییە "نمەک"ە، کە سوودی لی وەردەگرن، دەنواڕن تفت و

تاڵە و خوێ نیە، بە چاکەتێک دەیگۆڕنەوە، کەبایی دوو درهەم بووە.

وەحشیگەری و توندخویی ئەو داگیرکەرانە کاتێک بەدەرکەوت کە هێزیان بە تەواوەتی سەرتاسەری ئێران داگیربکەن، ئەو کاتە بەدوای بچوکترین بەهانەیدا دەگەڕان، تا سەروماڵی کابرای ئێرانی بەتاڵان ببەن.

نووسراوە، یەکێک لەو عارەبانە دەکرێتە والی دەڤەرێک و لەو دەڤەرەیدا جولەکەی زۆرتیادابووە، جولەکەکان کۆ دەکاتەوە پیان دەڵێت: کێ [مەسیح عیسا] پەیامبەری کوشتووە؟

جولەکەکان دەڵێن: ئێمە و بەدەسیسەی ئێمە حەزرەتی عیسا کوژراوە..


عەرەب دەڵێت: باشە کوشتان قەینا، ئێوە خوێنی عیسای مەسیحتان داوە؟

وتیان: نەخێر نەمانداوە...

عارەب دەڵێت: بەخوای کابە قەسەم، پاتان لەم جێگەیە دەرناچێت، تا ئەو خوێنە نەبژێرن.. ئەبولعاج ناوێک، والی بەسرە بووە، کابرایەک دێننە لای لێی دەپرسێت، ناوت چیە؟

دەڵێت: بندا شهر بنداد

دەڵێت: کابرا سێ ناوت هەیەو جەزیەی یەک کەس دەدەیت؟




فەرمانیدا، جەزیەی سێ کەسی لێ بستێنن..

ئەوانە نموونەی خەروارێکەو دەیسەلمێنێ کەوا عـارەب توانـای بەڕێوەبردنیـــان نەبـــووەو بەو ئاســـانیەش بـــوون بە خـــاوەنی ســەروماڵی ئێرانیەکـان. مـزگەوت و منـارە و میحـراب و مینـبەر، جێگەی ئاگردانەکان و پەرستگاکانی گرتەوە، زمانی عارەبی، بـوو بە زمــانی فەرمــی وڵات و زمــانی پەهــلەوی تــوڕدرایە لاوە، ئەو خەڵکەی گوێیان ۆگری وتووێژی موغەکان و سروودی خوسرەوانی بووبـوو، بـانگی ئەڵڵاهـو ئەکـبەری بانگـدەرانی سـەرمنارەکان لە تەواوی شــارەکانی ئێرانــدا دەنگــی دەدایەوە، ئەوانەی هۆکــاری دەنگی موسیقای باربود و نەکیسا بوونەو لەزەتیان لەو ئاهەنگـانە دەبرد، دەنگی زەنگی ملی حوشتر و پوڕەو کەفچەڕاندنی حوشـتر پڕی گوێی و چاویان بووبوو، ژیانی پڕ رازاوەی ئەو سـەردەمانەی ئەو کاتە، قـڕەونەڕەی عـارەبی تـێکەڵ کـرا، ئیتـر نـوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەج بووبە ئەرکی ئایینیان.. تا خـوا حەزبکـات کیـنە و بوغزی عارەب لە دڵی خەڵکیدا کەفی دەکردو بە چـاوێکی خـوارو دڕندانە دەیان نواڕیە عارەبەکاندا.

**خوسرەو پەروێز دەربارەی عارەب وتوویەتی**

من عارەبم نە بە ئەهلی دین و نە دونیا نەهاتووەتە بەرچاو، نە خاوەنی عەزم و تەکبیرن و نە ئەهلی قوەت و قودرەت.. ئەوانە لە برسا یەکتریان دەخوارد و منداڵی خۆیان دەکوشت. گۆشتی حوشتر و مارخۆریان دەخوارد کە جانەوەرەکان نایخۆن..

ئاوا بیرکردنەوەیەک دەربارەی داگیرکەرانی ئێرانی بە دژوار خەڵکی ئێران بیتوانیبا ئەو فەرمانڕەواییەی بسەڵمێنێت.. پەلاماری عارەب تەواوی دژەکان قەڵاو شورەکانیان هەروژاند و ئەوی بە دەستیان هێنا بەناوی "ئەنفال" بە حەڵاڵیان زانیوە و لە بازاڕی کوێلە فرۆشاندا کچ و ژنی ئێرانی بەسەدان و هەزاران دەفرۆشران.. هیچ ئێرانیەک نەیدەتوانی نارەزایەتی بەرانبەر کارو کردەوەی عارەب ودەرخا.. بە تایبەت لە سەردەمی ئەمەویەکاندا، کوشتن و بڕین و بەردباران و سوتاندن بەشی سەرەکی کارو کردەوەی ڕۆژانەیان بووە.



**<u>مەوالی و بەنی ئومەیە</u>**


رەفتارو کرداری عارەبی ئەمەوی لەسەر بنیادی باڵا و بڵندی رەگەزی عارەب دامەزرابوو، ئەوەش بەلای سەرجەم ئێرانییەکانەوە بێزراو بوو، بە تایبەت لەناو ناسراوەکانی کۆمەڵگای ئێرانیدا، لەهەر کوێدا شورشێک هەڵگیرسایە، ناسراو و نەناسراوی کۆمەڵگای ئێرانی خۆیان بە خاوەنی دەزانی و بەشداریان تیادا دەکرد. کوشت و کوشتاری عارەب لەناو ژێر سەدتەکانیاندا بێسنوور بوو.. خۆ بە زلزانینی عارەب و رەگەزەکەیان بوو بووە جێگەی گاڵتە و جەفەنگی خەڵکی ئێران، سیستەمی ئەشرافی دامودەستگاو دەسەڵاتی ئەمەویان خەڵکی ئێرانی بە کوێلەی خۆی دەزانی و بەناوی "مەوالی" ناویان دەبردن و تەواوی مافی کۆمەڵایەتی و یاسایی و عەشایەری ئێرانی وەک موڵکی تایبەتی ئەمەوی دەدرا لە قەڵەم ئێرانی مافی ئەسپسواری نەبوو، دەبوا هێستر یا سواری گوێدرێژ بوایە، ئەگەر ئێرانیەک ژنێکی چادرنشین لەو سارای عەرەبستانەی بخواستایە دەبووە مایەی گۆبەنێکی گەورە و گران.. حەجاجی کوڕی یوسف، گەلێک منەتی بەسەر [سەعیدی کوڕی جویر] دەکرد.. کە موالیە و بە قازی کراوە.. ئەو جۆرە تێفکرینە گەیشتبووە بنبەست و ئیدی عارەب خودا خەڵقی نەکردووە بۆ حوکمداری دەوڵەت و دەسەڵاتداری، ئەویش وڵاتێکی بە فەرهەنگی وەک ئێران.

**لێزانی ئێرانییەکان**

ئەو رەگەزە کە خۆیان بە گەورە و باڵادەست دەزانی لە مێـژدا لە پەروەردەی ئەسپ و حوشتر زیاتر کارێکیتریـان نەدەزانـی ئەو وڵاتە بەربــڵاوانەی کەوتنــوونە ژێــر دەســتیان بەخۆیــان ئیــدارە نەدەکـرا و نەشـیان تـوانی لێهـاتویی و لێزانـی [مەوالـی] ئێرانـی بەلاوە بخەن و نەبینراو سەیریان بکەن.

یەکێک لە خەلیفەکانی ئەمەوی وتوویەتی:

پـێم سـەیرە ئێرانـی زۆرتـر لە دووهەزار سـاڵ فەرمانڕەواییـان کردووە بۆ جارێک نیازیان بە ئێمە پەیدا نەکـردووە، کەچـی ئـێمە ئەوە سەدسـاڵە فەرمـانڕەوایی دەکەیـن چـرکەیەک نەبـووە ئـێمە دەستی یارمەتی بۆ لێزانی ئێرانی درێـژ نەکەیـن، زۆری نەکێشـاوە رەگەزی ئێرانـی لە بـواری زانسـت و ئاییینیشـدا سـەرو گەردەنێـک لەعارەبەکان بەرز و باڵاتر بینران، ئەوەبوو لەدوادوایـی دەسـەڵاتی ئەمەویەکانــدا زۆربەی زۆری قازیەکــان و بڕێــک کاربەدەســتانی ولایەتەکـان لە مەوالـی بـوونە، بەوە رازی نەبـوونە زۆربەی زۆری پیشــە و کاروکردوەوەکــان بەدەســت چاوســاغان و لێزانــانی ئێرانییەوە بـوو. بەسـەر ئەمەشـدا بـای غـرور لە کەپـوی عارەبـدا هەمیشـە لەورگ و کەپۆیانـدا وەک رەشـەبا هەڵیکـردووە رەگەزی ئێرانی دەستی کێشایە سەر تەواوی بوارەکاندا هەتا وەکو هونەری شەڕ و فەرماندەریشی هەر لە سەرەتاوە تاکی ئێرانـی داگیـرکەری



عـارەبی بەلاوە شـیاو نەبـووە، ئەوە بـوو هەر لە سـەرەتاوە تـاكە كەسێكی ئێرانـی حەزرەتـی عـومەری كوشـتووە، وە لە هەر كوێ ولاٚتـانی ژێـر دەسـتەی عارەبـدا هەر ئاشـوب و شۆرشـێك رویـدابا بێگومان دەستی ئێرانی تیادا بـووە، لە سـاڵی ٦٥كۆچی، بیسـت هەزار ئێرانـــی لە كـــوفەو دەورو بەریـــدا دەژیـــان، كە موختـــار پەرچەمی شۆرشی هەڵكـرد، سەرتاسـەری ئەو ئێرانیـانە رۆیشـتنە ژێـــر پەرچەمـــیەوە، بـــاوەک لەوكاتەیـــدا كـــوفە بە جەولانگـــای لایەنگیرانـی حەزرەتـی عەلـی دەژمێـردران و دژ بە بەنـی ئـومەیە ئامـادەی هەرجـۆرە ململانـیەک بـوون، ئەو شـارە بە پـایتەختی خەلیفەگەری حەزرەتـی عەلـی دەناسـان، وەزۆر لە سەلاحشـورانی لەشكری ئێرانی لەوێدا دەژیان، بەتایبەت دەیلەمیەكان كە بەسـەر سوپوردەی ناو لەشـكری دەسـتەلاٚتی ساسـانی دەدران لە قەڵەم، بـۆیە ئەو شـارە "كـوفە" هەمیشـە بە سـەرچاوەی دژ بە ئەمەوی دەژمێردرا.

چەنـد سـاڵێک دوای كوشـتنی حەزرەتـی حوسـەین، بڕێـک لە شیعەی كوفە بە فەرماندەیی "سەلمان كـوڕی سـردی خـوزاعی" و "موســـــەیەبی كـــــوڕی ئەجـــــبەی ئەلـــــفەرازی" لە دەڤەری [عەین،لـوەردەدا] بەخـوێن خـواهی تراژیـدیای كەربەلا شۆرشـیان دەسـت پێكـرد و خۆیـان بە كـۆمەڵەی [تەوابـین] – تـۆبەكەران- ناساند، بەلاٚم لەلایەن عەبدوڵلاٚی كوڕی زیادەوە تەفروتونا كران..

## راپەڕینی موختار


موختار کەوتە تەقەللاوە، توانی دوبارە کۆمەڵەی تۆبەکەران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوەو بەناوی خوێن خواهی حەزرەتی حوسەین و یارانی شۆرشی دەست پێکرد و خەڵکانێکی زۆری لەدەور کۆبوونەوە و زۆربەی زۆری بکوژەکانی حەزرەتی حوسەین بەدەست هێنا، تا دەوروبەری شاری موسلی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، لە شەرێکدا عەبدوڵڵای کوڕی زیادی راوناو کوشت، سەری عەبدوڵڵای بۆ مەدینە نارد.. وە لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەسەڵات و قودرەتێکی زۆر بەدەست بهێنێت بەڵام بنەماڵەی پەیامبەر زۆر باوەڕیان پێ نەبوو، عەلی کوڕی حوسەین، موختاری نەفرین کرد، محەمەد حەنەفیە بەو راپەڕینە ناڕازی بوو، بەڵام نفرینی نەکرد، وردە وردە خەڵکەکەی دەوری موختار لێی جوێ بوونەوە. باوکی موختار لەشەڕی ئێراندا کوژرابوو وە بەلای سەعدی کوڕی مەسعوودی مامەیەوە پەروەردە بوو، مامەی لە سەردەمی خەلافەتی "عەلی"دا والی مەداین بوو، کە عەلی شەڕی خەواریجی دەست پێکرد، بۆ ماوەیەک مەداین لەلایەن موختارەوە بەرێگەوە برا.. کاتێک حەزرەتی حەسەن شەڕی لەگەڵ مەعاویەدا بەلاوە خست، هاتەلای سەعدی کوڕی مەسعوود، موختار بە حەزرەتی حەسەنی وت، لێگەڕێ با بە ناوی موسلەمی کوڕی عەقیل کە هات بۆ کوفەو لە دەسەڵاتی بەنی ئومەیەدا موختار وەک لایەنگرێکی حوسەین گیراو زیندانی کرا، لە ڕووداوی

کەربەلاشدا هەر لە زینداندیدا بووە، کە رزگاری بوو روو بە مەککە رۆیشت و بووبە یەکێک لە یارانی "ئیبنولزوبیر" لەوێرا چووە "تایف". کە لەوێدا هاتبووە دونیاوە. لەڕووداوی گەمارۆدانی مەککە لەساڵی ٦٤ کۆچی، شان بە شانی "ئیبنولزوبیر" شەڕی کردووە، وە مەککەی بەجێهێلاوە و گەڕاوەتەوە بۆ کوفە، دوای تار و مارکردنی جوڵانەوەی "تەوابین" نەیدەویست وەک فەرمانبەرداری شیعەکان بناسرێت، خۆی کردە نوێنەری "محەمەد حەنیفە" موختار گەلێک قسەزان و زانای لێدوان بووە، وەک موبەدە کۆنەکان دواوە.. والی کوفە کە بە لایەنگری ئیبنولزوبیر دەناسرا، موختاری زیندانی کردووە، کە ئازاد کراوە کۆشاوە لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕی ئەشتەردا پەیمانی دۆستایەتی ببەستێت، سەرئەنجام محەمەد حەنیفە دەیکاتە وەزیر و چاوساغی خۆی، مەوالی و کۆمەڵەی دەمارگرژانی ئێرانی لە دەوری گلیربوونەوە، وردەوردە دەعوای موختار پەرەی سەندو سەرتاسەری دۆڵی رافیدەینی و رەی و ئەسفەهان و ئازەربایجانیشی گردەوە، وە بۆ ماوەی هەژدە مانگ خەراجی ئەو دەڤەرانەی وەرگرتووە. موختار دەسەڵات و سەرکەوتنی خۆی بە هاوکاری مەوالیەکان دەزانی.. ئەوانەی نەڕۆیشتبوونە هانای حەزرەتی حوسەینەوە زۆربەیانی گرت و سەروماڵیانی تالان کرد. موختار زۆرتر لە پێویست دڵنەوازی مەوالی دەکرد ئەو کارە بووبە هۆی دڵگرانی عارەبەکان.. لایەنگیرانی ئەمەوی کە مەوالیان بەپیاو نەدەزانی لە

شــەڕەکاندا بەپیــادەیی مــافی شــەڕکردنیان هەبــوو، لەدەســت کەوتیشدا پشکیان پێ نەدەدرا زۆربەی ئەو عارەبە دەمارگرژانە لە موختار جیابوونەوە و پەنایان بردە دوژمنەکـان، سـوپای موختـار ژمارەیـان نـزیکەی هەشــت هەزار چەکـدار بـووە، کە تەسـلیمی مەسعەبی کوڕی زوبیر، بـوونە لە دە نەفەریـان یەکێکیـان عـارەب نەبوونە، دەڵێت: چەکدارانی ئیبـراهیم ئەشـتەر پڕبـووە لە ئێرانـی کاتێـک فەرمانــدەیەکی شــامی یــا ئەمەوی دەڕۆیشــتە نــاو ئەو لەشــکرەوە بــۆ خــوا یەک وشــەی عــارەبی نەدەبیســت، تەواوی چەکدارانی بەغەیری عارەبی دەدوان..

ئیبــــراهیم ئەشــــقەر، وتــــوویەتی: ئەوی بتــــوانێ رووبەرووی ســەربازی شــامات و ئەمەوی ببێــتەوە رەگەزی ئێـرانیە و بەس،.. تەبەری دەڵێــت: ریــش چەرمــوانی شــاری کــوفە کۆبــوونەوە و ئەنجومەنێکیان دروستکرد و وتیان: ئەم کابرایە "موختار" بەنـاوی ئێمەوە دەدوێت و خـۆی بە ئەمیـری ئـێمە دانـاوە، ئـێمە بە هـیچ رەنگێـک لە کـار و کـردەوەی ئەم پیـاوە رازی نـین، ئەو مەوالـی کردۆتە هاوشانی ئێمەو ئەوەسا سواری ئەسپ دەبن..

هەڵسان تۆمارێکیان بەو مانایە نووسی، ناردیان بۆلای موختار کەوا بەچ حەقێـــک مەوالـــی ســـواری ئەســـپ دەبـــن و لە دەســتکەوتەکانی شــەڕدا وەک ئــێمە بەشــدارن؟!.. ئەوانە وەک کـوێلەی ئـێمە وابـوونە کەچـی ئەوەتـا تـۆ ئەوانەت کـردووە بە




هاوشانی ئێمە.. موختار لە وەلامیاندا دەڵێت: ئەگەر مەوالی وەک جاران تێبڕوانم ئایا ئێوە سوێندی وەفاداریم بۆ دەخۆن لە شەڕی بەنی ئومەیە و ئیبنولزوبیردا پشت و پەنام بن؟

ئەهلی کوفە نەچوونە ژێر باری ئەو پەیمان و سۆیندە ئەوە بوو لە شەڕی ئیبنولزوبیردا سەرنەکەوت و سەرئەنجام کوژرا.. ئەوی راستی بێت، شیعە و عارەبی سوننە مەیلیان بەلای موختارەوە نەبووەو بێزاندوویانە، لایان وابووە کابرایەکی درۆزن و ناپەسەند رەفتار بووە... موختار توانی باوەڕ بە خۆبوونی رەگەزی ئێرانی بگەڕێنێتەوە بۆیان و ئیدی عارەب نەیدەتوانی ئایینی ئیسلام بکاتە پردێک بە سەریا بگوزەرێت.

یەکێک لە تۆمەتەکانی موختار ئەوە بووە، گوایە دەستکەوتەکانی شەڕی، مەوالی تیادا بەشدار کردووە.. عارەبەکان بە بەهانەی ئەوەو کەوا ئەو دەستکەوتانە ماڵ و مافی هەتیوی ئیسلامە و بێوەژن و نەداری ئیسلامیە، لەکاتێکدا عارەب لە تالآن و برۆدا وشک و تەڕیان بە یەکەوە قوت دەداو ئەوی بیریان لی نەدەکردەوە بەیتولمال بووە.. عارەب لە شەڕو پەلامارەکانیاندا تەنها بیریان لە تالآن و دەستکەوت کردۆتەوە، رەفتار و کرداریان وەک پێش ئیسلام و زەمانی جاهلیەت بووە، بە جیاوازیەکی دیاری دوای ئیسلام تالآنیان بەناوی ئیسلامەوە کردوەو لەسەر دەستکەوەتەکانیش لەناو یەکدا هەزارانیان لە

یەکتر کوشتووە، کاتێک والی یان ئەمیرێکی ئیسلامی لەسەرکار لادەبرا و ئەمیرێکیتر جێگەی گردۆتەوە یەکەمین کارێک بیکردبا ئەوەی دارایی ئەمیری لابراو بووە، دەستی بەسەردا گرتووە، ئەوەش حاشا هەڵنەگرە لەسەردەمی ئەمەویدا "حەجاج" عێراقی ئێستای تالآن کردووە و قوتەیبەی کوڕی موسلم خوراسانی بە ێسک و پێستەوە هەللوشابو، تەرازووی خاوەو خەراج ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر و زۆرتر دەبوو.

دەگێڕنەوە خەڵکی ئەسفەهان چەند ساڵێک نەیانتوانی خاوەو خەراجی سالآنە بدەن، حەجاج کابرایەکی عاربی سارای کردبوە نوێنەری خۆی و بۆ ئەوێی نارد، چەند دەم چەرموو و ناسراوی ئەو شارەی کۆکردەوەو وتی: بە زەمانەتی ئێوە، ماوەی دە مانگ مۆڵەتتان دەدەمێ، تا خەراجی خۆتان بدەن ئەگینا خراوتان لەگەڵ دەکەم.. لە کاتی دیاری کراودا خەراج کۆ نەکراوەو نەدرا، عارەب تەواوی ئەو ناسراوانەی خستە زیندانەوەو وتی.. ئەگەر ئەو خەراجەی نەدەن هەمووتان سەر دەبڕم. بۆ ترساندن شەش حەوتێکی سەربڕی و ئەودەم خەراجیان کۆ کردەوە..



## حەجاج

تەواوی کــاتی فەرمــانڕەوایی حەجــاج لە ئێراقــی ئێســتادا یەکپــارچە تێکەڵــی خــوێن بــووە، ســەدان ڕووداوی خــوێنینی لــێ دەگێڕنەوە، لە زیندانی حەجاجدا هەزاران کەسـی تـێ ئـاخێنراوە، ئاوی ناو زیندانی لەگەڵ خوێ و ئاهەکدا تێکەڵ کـردوە، سـەنیر و گمیزی کەریان تێکەڵ خواردنیان کردووە.. حکـومەتی حەجـاج لە ئێراقدا بیست ساڵی کێشاوە، بەگوێرەی نووسـراوی مێژوونووسـان جگە لە شەڕەکان سەرجەم زۆرتر لە سەد و بیسـت هەزار کەسـی کوشتووە..


دەڵین، کە مردووە پەنجا هەزار پیـاو و سـێ هەزار ئـافرەت لە زیندانەکەیدا بووە، ئەوەیان حاشا هەڵنەگرە حکومەتی حەجاج بۆ مەوالی تێکـرا بە کارەسـاتێکی خوێنـاوی دانـراوە.. وا بـاوە کە لە دایک بووە بۆ تـا چـوار ڕۆژ مەمکـی دایکـی نەمژیـوە، لەجـویەتـی شیر خوێنی ئاژێڵیان پێداوە.. گوایە لە گەنجیتیدا مامۆستا بووە، لە شەڕی نێوان عەبدولمەلیک کـوڕی مەروان ئەمەوی و مەسـعەبی کوڕی زوبیر ڕوویـدا، بـووبە لایەنگـری خەلـیفەی ئەمەوی و لەگەڵ ئەودا بۆ شام ڕۆیشت، لە دواییدا لەلایەن خەلیفەوە گرتنی شـاری مەکــکەی پــێ ســپیردرا، شــاری گەمــارۆدا، بەســەر چیــای ئەبوقەبیسەوە مەنجەنیقی دامەزراند و شاری مەککەی ئـاگر بـاران کـرد و شـاری گـرت و ئیبنـولزوبیری بەدیـل گـرت و کوشـتی و

هەڵیواسی، ئیدی حکومەتی مەککە و مەدینە و یەمامە و یەمەنی پێ سپێردرا، دوای دوو ساڵ، خەلیفە حکومەتی ئێراقی پێ سپارد، ئەو دەم هەرای خەوارج لە ئیراقدا کێشەیەکی گەورە بوو.. لە یەکەمین ڕۆژی دەسەڵاتیەوە بەخوێن رشتن دەستی پێکرد، تا دوا هەناسەی گیانی، لە ڕۆژی یەکەمیدا خوتبە بە ناوبانگەکەی لەبیر نەچووە، ئەوی کوشت و کوشتارە دژ بە رەگەزی مەوالی بەکاری بردوە، نامەیەکی بۆ والی بەسرە نووسیوە تیایدا دەڵێت:

"ئەوی [نبتیە] لە دەڤەری خۆتدا وەدەردەنێیت ئەوانە مایەی فەسادی دین و دونیان.." والی لە وەڵامیدا دەڵێت: تەواوی "نبتیم" دوور خستۆتەوە ئەوانە نەبێت کەوا قورئانیان ئەزبەرە.."

حەجاج، نامەیەکی دیکەی بۆ دەنووسێت، تیایدا دەڵیت: ئەم نامەیەت پێ گەیشت دکتورەکانی ئەویێ کۆ دەکەیتەوە با پشکنینێکی چاکت بۆ بکەن، ئەگەر تەنها دەمارێکی نبتیت تیادابێت با ببڕن.."

حەجاج چەندی خەڵکی دەکوشت، ئەوەندەش بەخشندە بوە عەبدولمەلیکی خەلیفەی ئەمەوی بۆی دەنووسێت، ئەو دوو فەقەرە کەم کەرەوە... خەڵکەکە نەیان دەتوانی خەراج و خاوە بدەن، بە ناچار ئیسلامیان دەهێنا.. بەڵام حەجاج هەر خەراجی خۆی وەردەگرت.. لە ئاوا ڕۆژگارێکدا شۆرشی عەبدولرەحمانی




کوڕی ئەشعەس هەڵگیرساو و زۆربەی مەوالی و نۆ موسلمانەکان دژ بە حەجاج کەوتنە شەڕەوە بوونە لایەنگیری عەبدولرەحمان.

**عەبدولرەحمان**

ڕاپەڕینی عەبدولرەحمانی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەشعەس، مێژوونووسان زۆر باسیان لێکردووە، عەبدولرەحمان یەکێک بوو لە میرزادەکانی قەحتانی، لەلایەن حەجاجەوە کرابووە ئەمیری زابول و خوشکی عەبدولرەحمان [میمونە] شوی کردبووە کوڕی حەجاج. حەجاج نامەیەکی توندو تیژی بۆ عەبدولرەحمان دەنووسێو پێی دەڵێت: پارەو پولیکی زۆر لەو خەڵکی لای خۆتە وەرگرەو سوپایەک کۆ بکەرەوە و پەلاماری هندوستان بدەو سەری [عەبدوڵڵا عامر]یشم بۆ بنێرە. عەبدولرەحمان لەمێژدا کەوتبووە کەڵکەڵەی سەر بەخۆیی و بەدوای بەڵگەو بەهانەدا دەگەڕا، وەڵامێکی توند و تیژی حەجاج دەداتەوە. تیایدا دەڵێت: پەلاماری هندوستان بدەم دەیدەم بە زۆر خەڵکی چەپاو بکەم و بکوژم و ببڕم ئەوەی ناکەم.."

عەبدولرەحمان، دەکەوێتە کۆشش و پەیوەندەوە، ئەوانەی دوژمنی حەجاج بوون هەموویان لەدەوری خۆی کۆ دەکاتەوە بڕیاریاندا حەجاج لە فەرمانڕەوایی لابەن، بە لەشکرێکەوە بەرەو

ئێرانی کەوتەڕی، لە نزیکی شوشتەردا دوو لەشکر بەیەک دەەگەن و لەشـکری حەجـاج راودەنرێـت، روو لە شـاری بەسـرە دەکەن و لەویـرا بەرەو کـوفە دەرۆن، لە نزیکـی [دیرولجەمـاجم] لەمـاوەی سەد ڕۆژدا هەشتا جار بە شەڕ دین و سـەرئەنجام عەبـدولرەحمان راودەنرێـت و لەشـکرەکەی بـڵاوەی لێـدەکەن. بۆخۆێشـی روو لە خوراسان هەڵدیت، لەوێرا روو لە سیسـتان دەکـاو کـۆمەڵێکی لـێ گـرد دەبێـتەوە، بەڵام سـوپای حەجـاج بە فەرمانـدەیی مـوفزەلی کـوڕی مـوهەلەب و حەمەدی کـوڕی حەجـاج هەر بە دوایە بـوون، عەبدولرەحمان سیستان بەجی دێلێت و روو لە زابلوستان دەکـا و دەبێـتە پەنـابەری "زەنبیـل"، هەواڵ دەگـاتە حەجـاج "عەمـارەی کوڕی تمیمی ئەلقەیسی" بە نـوێنەرایەتی دەنێـرێتە لای "زەنبیـل" تـا عەبـدولرەحمان و پیـاوێکیتر کە هەردووکیـان پەنـابەری لای ئەوبوون بە بەندکراوی بوی بنێرێت.. زەنبیـل هەمـان داوا ئەنجـام دەداو بە دیلی و پێوەن کـراوی دەیەوێ رەوانەی لای حەجاجیـان بکات، عەبدولرەحمان و ئەو کابرایە کە ناوی "ئەبولعەنبەر" بـووە، هەردوو بەسـەریانەوە بـوونە خۆیـان دەخەنە خـوارەوە و هەردوو دەمرن. لەو راپەڕینەدا ئەوانەی لە دەوری عەبدولرەحمان کـۆ بـوو بوونەوە، فوقەهاکان شەڕکەرانی مەوالـی بەسـرە و ئێرانـی بـوون، حەجاج بـێ رەحمـانە تـۆڵەی لێکـردونەوە، بڕێکیـانی داخ کردبـوو نـاوی دەڤەرەکەی بە شـێوەی داخ لە روخسـاریاندا داخ کردبـوو.. "سەعید کوڕی جوبیر" یەکێک بوو لە عولەمـای زەمـانی خـۆی کە



به دیلی دەیبەنە لای حەجاج، پێی دەڵێت:

"تـۆ کە هـاتیتە کـوفە تەنهـا ڕەگەزی عـارەب مـافی ئیمـامی هەبوو.. تۆم نەکردە ئیمام؟

دەڵێ: بەڵێ کردت

تۆم نەکردە قازی؟

بەڵی کردت..

ئایا تۆم نەکردە هاودەم و هاونشینی خۆم؟

بەڵی کردت

باشە بۆ لێم یاخی بوویت؟

هەر لەوێرا فەرمانیدا سەریان بڕی.. ئەوەنـدە خەڵکـی کوشـت خەلیفەی ئەمەوی لە دیمەشق ناردیە سەری، ئیدی بەسە، خەڵـک کوشتن.. لەوانەی وا هاوکاری عەبدولرەحمان بوون، فیـروز ناوێـک لە مەوالـی بـوو.. حەجـاج پەیـامی دابـوو هەر کەسـێک سـەری فیـروزم بـۆ بهێنێـت دە هەزار درهەمـی دەدەمـی، فیـروز خـۆی گەیانـدە خوراسـان، لەوێـرا لەلایەن "ئیبنولمـوهەلەبەوە" گیـراو نێردرایەوە بۆ لای حەجاج، بەشێوەیەکی درندانە کوشـتویەتی ئەو هەمـوو نـاڕەوایی و کوشـت و کوشـتارانە بـووبە هـۆی هانـدانی خەڵکی و یاخی بوون لە دەوڵەتی ئەمەوی و لە سەدەی دووهەمی کوچیدا سەرئەنجام دەسەڵاتی ئەمەوی بنبڕ کراو لە ناوچوون.

## راپەڕینی زەیدی کوڕی عەلی


له رســـواييەكانی دەســـەڵاتی ئەمەوی دڵ رەقـــی و كوشـــت و كوشتاری لايەنگرانی زەيدی كوڕی عەلی حوسەين بوو.. زەيـد، بە يەكەمين كەسێک دەژميردرێت لە بنەماڵەی حەزرەتـی حوسـەين.. كە لە دوای ڕووداوە خوێنـــاوييەكەی كەربەلا دژ بە دەســـەڵاتی ئەمەوی راپەڕيـوەو كەوتـوەتە تەقەلـلاوە. سـەرەتا بەشـێوەيەكی پەنهـانی خەريكـی خـۆ ريكخسـتن و كـۆمەڵگيری لەنێـو خەڵكيـدا دەست بەكار بووبوو سەرەتا لە كوفەوە دەستی پێكردو گوێزايەوە بۆ بەسرە، والی كوفە ئاگاداری هاتوچۆو تەقەللاكانی بوو بوو، وە بۆ داپڵۆسينی خۆی ئامادە كردبـوو، وە لايەنگرانـی زەيـد توانـای ئەو ئامادەكار و بەرانبەركيەيان لەخـۆدا نەبينـی، ئەگەرچـی زەيـد هەميشــە بە هەوای خەلافەتەوە ڕۆژگــاری دەگوزەرانــد، وە بەنـــی ئـومەيە ئاگـاداری ئەو هەواو هەوەسـەی بـوون، هيشـام خەلـيفەی ئەمەوی، خالـدی كـوڕی عەبـدوڵلای قسـری، كە والـی كـوفە بـوو لەسەر كار لابردو [يوسفی كوڕی عومەری] خستە جێگاكەی، زەيد لەلايەن والی تازەوە بانگ كراو سـويند درا، كە خەريكـی چيـيە و چی لە خەياڵدايە، زەيـد نەرۆيشـتە ژێـر هـيچ تۆمەتێـک، زەيـد لە كوفە دەرچوو روو بە شاری مەدينە، خەڵكـی كـوفە رۆيشـتنە لای و وتيان: ئـێمە سـەد هەزار شمشـيرزەنمان لە خزمەتـدايە و ئـێمە هاتوين دەستی بەيعەتـت بـۆ درێـژ دەكەيـن، تـا دەسـەڵاتی بەنـی ئومەيە لە بن و بيخ ريشەكێش بكەين.. زەيـد لەوەلاميانـدا وتـی:

مـن له غەدر و خۆكشـانەوەی ئێـوه دڵنیـا نـیم، خـۆ ئەوه لەبیـر نەچووه ئێـوه چیتـان لەگەڵ باپیرەمـدا كـردووه، بەڵام كۆفیەكـان سـوێندو پەیمانیـان خـواردو تۆمـار كـرد، سـەرئەنجام زەیـدیان گێـڕایەوه بـۆ كـوفه و خەڵـك و كـۆمەڵێ زۆری شـیعه لێـی كۆبـوونەوه، نـزیكەی پـانزه هەزار كەس لەگەڵیـا ئامـادەی هەر ڕووداوێك دەست به چەك وەستان، وه خەڵكی بەسرەو مەدایـن و واست و موسـل و خوراسـان بەشـداری بەیعەتیـان كـردو ئەو دەم ئاشكرا خۆیان وەدەرخست..

یوسـفی كـوڕی عـومەر له كوفەیـدا ئەمیـر و نـوێنەری خەلـیفه بـوو، سوپاوسـانی كـۆ كـردەوەو شـەڕی نێـوان دەسـتی پێكـرد و سوپای زەید راونران و زەید لەگەڵ كۆمەڵێكی كەمـدا مـایەوه، وه هەر لەو شـــەڕەیدا تیرێـــك بەر ســـەری زەیـــد كەوت و كوشـــتی. دۆسـتانی به نهێنـی له گۆڕیـان نـا، بەڵام یوسـفی كـوڕی عـومەر بەدوای گۆڕەكەیدا گەڕاو دۆزییەوەو لەگۆڕ دەریهێناو لەنـاو شـاری كـــوفەدا هەڵیواســـی و دوای مـــاوەیەك لەشـــەكەی ســـوتاندو خۆڵەمیشـەكەی پرژانـده نـاو ڕووبـاری فـورات، گرنـگترین هـۆی راونانی سـوپای زەیـد لەوەیـدا بـوو كه یەك دەنـگ نەبـوون، هەر كۆمەڵێـك لەلایەكەوه دەیكێشـاو دام و دەزگـای بەنـی ئـومەیه به وردی ئاگاداری تەواوی هات و چۆ و تەقەللای لایەنگیرانی بـوون. دەیانزانی چی دەكا و چۆن دەجولێتەوه.

## یەحیای کوڕی زەید

دوای باوکی ئەمیش کوژراو دەستی ئەمەوی بەخـوێنی ئەمـیش ئـالودە بـوو، لەو کـاتەدا زەیـدی بـاوکی بەرهەڵسـتی ئەمەوی هەڵسابوو، ئەو لە کوفەیدا دەژیاو دەیزانی ژیـانی لە مەترسـیدایە، تـوانی لە کـوفە وەدەرچیـت و خـۆی بگەیەنیـتە خوراسـان، لەسەرەخدا خەوارجەکان لەگەڵ ئەمەویدا ناڕێک و نا تەبا بـوون و ویستیان لەگەڵ یەحیادا هاوکاری بـکەن، بەڵام لایەنگرانـی یەحیـا رازیـان کـردن، لەو هاوکـاریە گەڕێ و روو بە بەڵـخ بەرێکەوتـن "یوسـفی کـوڕی عـومەر" بکـوژی زەیـدی بـاوکی، گومـانی زۆری لێدەکرد و بەدوایدا دەگەڕا، نامەیەکی بۆ [نەسـری کـوڕی سـەیار] نووسی، تا یەحیا دەسـتگیر بکـات، نەسـر نـامەی نـارد بـۆ والـی بەڵخ و یەحیای دەستگیر کردو نـاردی بـۆلای نەسـرو لە زینـدانی ئاخنی، بەڵام وەلیـدی کـوڕی یەزیـد کە ببـوە خەلـیفە نـامەی بـۆ نەسر نووسی تا یەحیا ئـازار نەدا و ئـازادی بکـات، نەسـر بەپێـی ئەو نامەیە یەحیای ئازاد کـرد و رەوانەی لای خەلـیفەی کـرد، وە لەهەمان کاتدا نامەی بۆ تەواوی والیەکانی خوراسـان نووسـی، تـا لە جولانەوەی یەحیا ئاگادار بن. یەحیـا گەیشـتە نـاوچەی بـیهەق لەترسـی بکـوژەکەی باوکیـدا یوسـف کـوڕی عـومەر ترسـا روو لە عێراق بکـاو لە خوراسـاندا مـایەوەو زیـاتر لە سـەدو بیسـت کەس بەیعەتیان بۆ کردو رووی لەشاری ئەبرشار کردو بە سەر والی ئەو شـــارەدا زاڵ بـــوو، رووی لە هەرات کـــرد و خەڵکێکـــی زۆری




خوراسانی لێ کۆببوویەوەو لەگەڵ لەشکری نەسری کوڕی سەیاردا بەشەر هات و لەو شەرەیدا یەحیا و لایەنگرانی کوژران، ١٢٥ کۆچی، سەریان بۆ شاری دیمەشق هەناردو لەشەکەشیان هەڵواسی، لەشەکەی تا راپەڕینی ئەبو موسلم هەر هەڵواسرابوو یەحیا لە تەمەنی هەژدەساڵیدا کوژراو بەو شێوە هەڵواسینە بوو بە هۆی رق و کینە و ئاڵۆزی شیعەکانی خوراسان، وە ئەبوموسلم لەو ئاڵۆزی و کینەیە سوودی وەرگرتو پەیمانی تۆڵەسەندنەوەی بە خەلکەکەدا لەراستیدا خوێنی یەحیا بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ و شوڕێکی زۆرو تەشبیهی کوشتنەکەیان هەروەک کوشتنی [ئیرەج و سیاوەش] لە قەڵەم دەدا، کە ئەبوموسلم دەستی بەسەر جۆزجانانەدا گرت، بکوژەکانی یەحیای بە زەجرەوە کوشت، خەڵکی خوراسان حەفتا ڕۆژ تازیەباریان بۆ ئەنجام دا، مەسعودی دەڵێت: لەو ساڵەدا لە خوراساندا هەر منداڵێک لەدایک دەبوو ناوی زەید یا یەحیایان لی دەنا. ستەمکاری ئەمەویان لە رادەبەدەر بوو بە تایبەت مەوالی ئامادەی خۆ بەکوشتدان بوو، بە مەرجێک لە چارەو کارو کردەوەی عارەب بەدووربن، لەلایەکیترەوە ناکۆکی نێوان خودی عارەبەکان بەتایبەت نیوان دوو خێڵی گەورەی [مونذری و یەمانی] کە لە مێژدا دوژمنی باوەکوشتەی یەکتر بوون، لەلایەکی ترەوە نەزانین و کەودەنی خەلیفەی وەخت، وەلیدی کوڕی یەزید پەرەی بە ناڕەزایەتی خەڵکی دەدا.. خالدی کوڕی عەبدوڵلا کە لەسەر یەمانیەکان

دەژمێـــردرا وە لە ســـەردەمی یەزیـــدی کـــوڕی عەبـــدولمەلیک و هیشامی برایدا سەردەمێک والی ئیراق بـوو، وە بەدوایـدا [یوسـفی کـوڕی عـومەر سـەقەفی] جـێگەی گـرتەوە ویسـتی زینـدانی بکـاو دارونەداری دەست بەسەردا بگرێت، هیشـامی خەلـیفە رێـگەی بەو کارەی نەدا، بەڵام کە وەلیـد بـوو بە خەلـیفە ریـگەی بەو کـارەی نەدا، خالدی سپاردە یوسف، ئەویش لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتی.


یەمانیەکـان دژ بە وەلیـد هەڵسـان، وەلیـد خێڵـی موزریەکـانی دژیان هاندا، شەڕ روویدا و موزریەکـان راونـران، یەمانیەکـان روو بە دیمەشق رۆیشتن و محەمەدی کـوڕی خالـد کە لەویـدا گیرابـوو ئازادیـان کـرد و یەزیـدی کـوڕی وەلیـد کە ئـامۆزای وەلیـد بـوو کردیانە خەلیفە و وەلیدیان کوشت...

## روخانی دەسەڵاتی ئەمەوی

هەراو شۆرش و چەند بەرەکـی لە دەسـەڵاتی ئەمەویـدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەســەندندا بــوو، کە خەلــیفە یەزیــد مــرد مزریەکــان، مەروانی کـوڕی حەکەمیـان کـردە خەلـیفە و یەمەنیەکـان کەوتـنە تەقەڵاوە، ئەو هەرا و هوریای بووبە هۆی پـەرەسـەندنی دوژمنـانی ئەمەوی، بەتایبەت لە خوراساندا عەباسیەکان دەست بە کاربوون، خوراســان پێشــکەی راپەڕینەکــانی تەواوی بیروڕاکــان بــوو، بە



تاییەت لە دوژمنایەتی عارەبدا، راپەڕینی ئەبوموسلم لە هەر چوار لاوە هاتنە دەنگیەوە، نەسری کوڕی سەیار هەستی بە مەترسی گەورە کردبوو لەو رووەوە مەروانی خەلیفەی ئەمەوی ئاگادار کردبوویەوە، کە ئایا خەلیفە نووستووە یا هۆشیارە؟.. بەڵام بەنی ئومەیە لە خەوی غرورو بێ دەربەستیدا رۆژگاریان دەگوزەراند، بەڵام راپەڕینی ئەبوموسلم هۆشیاریانی کردەوە، ئیتر کار لە کار تەرازابوو.



- ٤ -

# زمانی ون بوو


**ئاوازە کۆنەکان**

ئەو ڕۆژگارانەی ئاهەنگ و نەوای [باربد و نەکیسا]ی پەهـلەوی و گۆرانی خوسرەوانی لەنێـو دەورو دیـواری کۆشـکی خوسـرەواندا نەغـمەو نەوای هەمـوو جێگیربـو زمـانی عـارەبی لە زیـخ و لـم و چێــوی ســاراکانی بــێ بــایی‌تر بــوو، لە سەرتاســەری ســارای عارەبسـتاندا جـگە لە تـالآن و بـڕۆی یەکتـر و پەلامـارو کوشـت و کوشـتاری یەکتـر نەبـێ بیریـان لە هیچـی کە نەدەکـردەوە، وایـان دەزانــی دونیــا هەمــووی وەک ژیــانی ئەوان وایە، نە پەنـدێک نە حیکمەتێـک نە دڵسـۆزی و خۆشەویسـتی و ڕەحمێـک، جـگە لە کۆمەڵە شیعرێک نەبێت، یا بۆ هاندانی شەڕو پەلامار بووە، یا بـۆ پشکەڵ و حولەهوشـتر و چەپـاو و تـالآن دەوتـرا، بە پـێچەوانەوە زمانی ئێران پڕ بووە لە حیکمەت، سرووده ئاینییەکان، داسـتانە مێژووییەکانی شـاهانی مێـژوو لە خـودایی نامەکانـدا هەر چینێـک شێوەی خەڵکێکی ناسراو دەست نیشان کرابوو.. بـوونی شـیعر و سروود لە ئێرانی پـێش ئیسـلامدا ئاسـایی بـووە، نـاو بـاوو قەدرو قیمەتـی ئاوازخوێنـان و سـەماکەران تـێکەڵ بە شـیعری مەوزونـی

فارسی لە دەربـاری شـاکان و میرزادەکـانی دەسـەڵاتی ساسـانیدا پێگەو جیگەی خۆی بـووەو نموونەشـیان بەدەسـتەوە زۆرە، یـانی سـروودەکانی مانەویەکـان و موناجاتەکانیـان لە [مەتننامە]کانـدا، فراوانە زمانی زانستی و فەلسەفی لەو سەردەمەیدا لە ئێراندا گفت و گوێ پێکراوەو زۆر لە دەست نووسی یونانی و هنـدی کـراونەتە ئەوزمانە، زمانی میللەتێک بووە فەرهەنگی پـڕ لە زەرق و تـێکەڵ بە ئەندیشـە بـووە، بە سـەر ئەوانەدا ئەو مـیللەتە بەسـەد زمـان قسەیان کردووە، کاتێک رووبەرووی عارەب بوونەوە چییان بیسـت وا کوژانەوە؟

<u>پەیامی تازە</u>

زمانی عارەبی لە مێژەوە بەزمانی میللەتێکی نیوە وەحشـی لە قەڵەم دەدرا، هـیچ جـۆرە زەرافەتکـاریەکی تیـادا وەدی نەدەکـرا، بەڵام کاتێک بانگی ئیسلام و سەدای قورئان بەرزبـوویەوە، زمـانی پەهـلەوی بەو پـێگە ناسـراوەیەوە سەرسـام و دۆش دامـا و هـاتە بەرچاو، ئەوی زمانی پەهلەوی دووچاری گێژووێژی کرد، سـادەگی و رەوانی زمـانی قورئـان بـوو، کە بە ئاسـانی تـوانی چاوسـاغانی زمانی پەهلەوی دووچاری سەرسامی بکاو لە هەمان کاتدا خەڵکی ئێران دوور لە ترس و تۆقیان جوملە بەندی وە رەوشتی وژدانی و ئینسانی ناو قورئانیـان سـەلماند و بۆیـان دەرکەوتبـوو کە زمـانی



قورئـان دووره لە شـێعر و شـاعری، هەتـاوەکو ئەوانەی بە چـاوی رق و کینە و داگیرکردنەوە دەیان نواڕیە عارەبدا، نەیـان دەتـوانی زەرافەت و حیکمەتی قورئان رەد کەنەوە، بۆیە بۆماوەی دووسـەد ساڵ میللەتی ئێران لە خامۆشی و سـکووت و بێدەنگیـدا گێژووێـژ تێڕامابوون و جگە لە هاوار و زمانی بێدادگەری نەبێت، نەیانتوانی راپەڕینێکی راسـتەقینە دەسـت پـێ بـکەن و قـوفڵی خامۆشـی لە دەم و دەستیان درابوو...


## <u>زمانی گوم بوو</u>

ئەوی لە مێـــژوودا لەیەک دراوەتەوە عـــارەب لە ســـەرەتاوە کەوتنە بیری ئەوەوە دەبێ بکۆشن لە شەڕی زمانی ئێرانی خۆیان رزگار بکەن و ئەو رم و تیرەی بە دەستی ئێرانیەکـانەوەیە لێیـان وەرگرن و چەکیان بکەن و ئەوەی زانای وتووێژی ناو ئێـران هەیە لەناوی بەرن تا لە ژێر کـاریگەری ئەو زمـانەدا نەتـوانن شـۆرش و راپەڕین دەست پێ بکەن، بۆ ئەو مەبەسـتە کەوتـنە لەنـاو بردنـی ئەوی کتاوە نووسراوە و کتاوخانەی ئێرانی هەیە لەناوی ببەن، بە تایبەت لە دەڤەری خەوارزەم، قوتەیبەی کوڕی موسلیم سـەرداری حەجـاج ئەوی بە زمـــانی خـــوارەزمی دەینووســـی بێرەحمـــانە کوشتیان و ئەوی کتـاویش بـوو سـوتاندنی، وردە وردە خەڵـکەکە لە دونیـــای نەخوێندەواریـــدا تـــلانەوە وە ئەو مـــامەلەیە لەرووی

مەزاجییەتەوە نەبوەو بەڵکی بەپێی بەرنامە و مەنهەجییەتەوە ئەنجام دراوە، رەنگە هۆکارێکی تری لەناو بردنی زمانە ئێرانیەکان بۆ ئەوە بووبێت کە جگە لە زمانی قورئان نەبێت، نابێ هیچ زمان و فەرهەنگێکیتر مامەڵەی پی بکرێت.. بەڵام گرفتاری زمان هەر وەک خۆی مایەوە هەتاوەکوو ئەوانەی پابەندی مەرجەکانی ئیسلام بوو بوون نەیان توانی ئەرکەکانی ئایین بە عارەبی ئەنجام بدەن..

**<u>کیتاب سوتاندن</u>**

ئەوە حاشاهەڵنەگرە لە پەلامارەکەی عارەبدا بۆ سەر ئێران ئەوی کتاو و کتاوخانەی پەهلەوی و ئێرانی بوو زۆربەی لەناو بران، تا خەڵکی گومڕا نەکرێت و جگە لە قورئان و ئایینی ئیسلامی نەبێت بیر لە هیچیتر نەکەنەوە، وە لەو سەردەمانەدا لەناو خودی عارەبدا سەواد و خوێندنەوە دەگمەن دەبینران، ئیدی چۆن نرخ و بایی کتاو و نووسین لە خولیادا دەبێت؟.. عارەب نەکۆشاوە و نە ویستوویەتی هیچ جۆرە سوودێک لە ئەدەب و فەرهەنگی ئێرانی وەرگرێت، با ئەوەش بڵێین، ناوەندی ڕۆشنبیری و کاکڵەی فەرهەنگی ئێرانی بەدەست دوو چینەوە بووە، [موبەدان وە گەورە دەمڕاسانی کۆمەڵگای ئێرانی] لە ناو بردنی ئەو دوو چینە یانی ریشە هەڵکەندنی سەوادو فەرهەنگ و زانیاری



وە هەر لە سـەرەتای پەلامـاری عـارەبەوە ئەو دوو چیـنە کەوتـنە بەر رق و کینەو لەنـاوبردن. بەڵـگە وەک خـۆر بە دەسـتەوەیە کە بە رق و کینەوە کتاوە ئێرانییەکانیان لەناو بردووە، دەڵێن:

کاتێک سەعدی کوڕی ئەبوووەقاس، شـاری مەداینـی بەدەسـت هێنـا، کتـاوێکی یەکجـار زۆری وەبەرچـاو کەوت، نـامەیەکی بـۆ حەزرەتی عومەر نووسی، تا چـی لەو کتـاوانە بکـات.. لە وەڵامـدا وتـوویەتی: توڕیـان دەرە نـاو ئـاوەوە، مـادام ئـێمە خـاوەنی قورئـانین، ئەوکتـاوانە بـۆ ئـێمە بێسـوودە." ..سـەعد تەواوی ئەوکتاوانەی سـوتاندووە و لەنـاو بـردووە.. بڕێـک کەس ئەوە رەد دەکەنەوە، بەڵام مـانەوەی کتـاوی مەجوسـی بەلایـانەوە بە نەشیاوەکان ژمێردرابوو، کاتێک عـارەب ئێرانـی داگیرکـرد، زمـانی ئێرانیشـی لەنـاو بـرد، تەواوی مـامەلەو کاروبـار بـووبە زمـانی عارەبی، هەتاوەکو زمانی سەغدی، خوارەزمی، ئەوانەش دووچاری هەمان توندوتیژی هاتن و زمانی عـارەبی زمـانی ئـایین و دەوڵەت بەحیسـاب هـات و زمـانی [دڕی، سـەغدی، خـوارەزمی] خەڵـکە زۆرەکە وتووێژیان پێ دەکـرد، وە هەر ئەو رەفتـارەو بـووبە هـۆی بەکاربردنی وشەو واژەی عارەبی لەنێو زمانی فارسیدا.

## وەرگێڕانی دیوان


وەرگێڕانــی دیــوان و کاروبــاری لە پارســییەوە بــۆ عــارەبی لە ڕۆژگاری دەســەڵاتی "حەجــاج"دا دەســتی پــێ کــرد، وەتــاکوو ئەو سەردەمە کاروباری دیـوانی ئێـراق بە خەتـی فارسـی بـووە، ئیتـر ئەوە حیســابی خەراج و خــاوەو ســەرانە، ژمــارەی ئەهلــی زیــمە هەبووە، لە سەردەمی حەجاجدا وەرگێردرایە سەر زمانی عـارەبی، تــا مەوالــی و نبتیەکــان لەزاری ژمــارەی خەراج دورخــاتەوە، لەو دەمەیدا کابرایەکی عـارەب بەنـاوی سـالحی کـوڕی عەبـدولرەحمان بوو فارسی و عارەبی بە چاکی دەزانی، لە بەسرەدا دەژیا، ناردی بە دوایدا و کاری دیوانی پــێ ســپارد و لە دەســتی "زادان فەرەخ" ئێرانی وەدەرهانی..

ڕۆژگارێـک گوزەشـت، عەبـدولرەحمان بە "زادان فەرەخ"ی وت: چـاوت لێـیە چـۆن لە ئەمیـرەوە نزیـک بـوومە، ئەوە مـن، لەتـۆ بەلایەوە ڕێزدارترم.. لە وەڵامیـدا وتـی: ئەو ئەمیـرە نیـازی بەمـن هەیە، نەک من بە ئەو..

عەبـدولرەحمان وتـی: ئەگەر مـن دیـوان بـکەمە عـارەبی چـی دەڵێیت؟

باشە، دەی شتێکم بخەرە بەردەست، بزانم لێی دەزانی؟

عەبــدولرەحمان هەمــانی کــرد.. زادان فەروخ کەوتە بیــرەوەو بەهاوالانی وت: دەبێت بۆ لەمەولا لەبیری کارێکیتردا بـین.. زادان



به ساڵحی وت: چەند ڕۆژێک خۆت نەخۆش بخەو مەیە دیوان. ساڵح وایکرد، نەهاتنی ساڵح بە حەجاج گەیشت، کەوا نەخۆشە، حەجاج دکتورەکەی خۆی بۆ هەناردوو بە حەجاجی وت: کەوا "ساڵح"م بە نەخۆش نەبینی.. زادان هەواڵی ئەو هاتوچۆیەی زانی، ترسی حەجاجی لێنیشت و ناردی بە دوای ساڵحدا کە شەوێ ئیبنولئەسعەدی هاتە مەیدانەوە، لەو هەراو هوریایەدا زادان کوژرا، ساڵح بە تەواوی جیگەی زادانی گرتەوە و لەسەر ئەمری حەجاج سالح دیوانی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی.. سەردەمدارانی زمانی فارسی دیوان زۆر کۆشان، تا ساڵح ئەوکارەی ئەنجام نەدا بەڵام سالح بە گوێیانی نەکردو بۆ هەمیشەیی دیوانی ئەو دەمە هیچ نیازێکی بە زمانی فارسی نەما..


<u>**سەرەتای بێدەنگی**</u>

بەو شێوە دوو سەدە بێدەنگی، دوو سەدەی خوێناوی و هەتککردنی هەرچی پیرۆز و مایەی شانازی ئێران بوو، بوو بە کارێکی رەواو ئاسایی، ئیتر نە شێعرێک نە شاعیرێک، وە نە ئاهەنگێک، نە داهێنانێک، تەواوی ئەوانە لە ژێر عابای رەشی عارەبدا شاردرایەوە خەڵکی ئێران بەهێزی سەرەنێزە زەبوون و دەستەپاچە کرابوون، هەتاوەکو ئەوانەی وا ئیمانیان بە ئایینی

ئیسلامی هێنابوو هیچ جۆرە ماف و ڕێزی کۆمەڵایەتیان لێ نەدەگیرا خۆ باسی شیعر و ستایش لە ئافرەتان و شەراب و بادە بەکارو کردەوەی دژ بە ئیسلام دەژمێردرا. بەسەر ئەو هەموو بگرەوە بەردەیەدا لەناو کۆمەڵی زەنادیقەو ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا لێرە و لەوێ بڕێک شت دەنووسراو دەبیسترا، هەر جۆرە ناڕەزاییەک بەو پەڕی توندوتیژیەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا، خۆ لەناو والیەکان ئەگەر شاعیرێک باسی لە رابوردووی پڕ لە شانازی ئێرانی کردبا خراپیان بەسەردا دەهێنا.

## نالەی بێدەنگان

لە شارو لادێکانی ئێراندا هەوەسەکانی عارەب بەڕەوا لە قەڵەم دەدرا، ئەوی ناڕەزایەتی وەدەرخستبا بە تومەتی کافر و زندیق دووچاری سزا و کوشتن دەبوویەوە، جاروبار شێوەنی شاعیرێکی ئێرانی دەکەوتە سەر زمان، یا ناڵە و هاواری زەردەشتی ئایینێک ئاواتە خوازی دەستی غەیب دەبون، تا لە زوڵم و زۆری عارەب رزگاریان بکا.



## **ئاهەنگی پارسی**

بەو شێوە زمانی عارەبی کە لە بەهەشتەوە عارەب هێنایبووە لەژێر سایەو سێوەبەری شمشیردا ئەوەی دەیویست دەیکرد و هەر ناڕەزایەکی یەکسەر بەرەو دۆزەخ دەنارد و ئەوی زەرافەتی زمانی پارسی موبەدان و هونەرمەندان و حەکیمانی ئێرانی بوو توڕیدایە تاریکستانەوە، بەڵام بەسەر ئەو هەموو رەفتارە خوێناوییانەدا وردە وردە ئاهەنگ و نەوای بەدڵەوە چووی ئێرانی تا دەبوو پەرەی دەسەند و لە ناو تاریکیەوە سەری هەڵدەداو زمانی عارەبی دەخستە ناو تەم و مژو هەڵم و هەڵاوە، هەتاوەکو لە سەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی ئەمەویدا کوێلە کەنیزانی ئێرانی و گۆرانی بێژانی ئێرانی بە شیعر و موسیقای ئێرانی گۆرانیان دەچڕی و ئەو نەواو ئاهەنگانە لە دڵ و دەروونی هەموو گوێگرێکدا جێگەی خۆی دەکردەوە، هەتاوەکو دڵ رەقانی عارەبیش..

لە کتاوی "الأغاني"دا، هاتووە کەوا عارەب چەندە شیفتەی ئاهەنگە ئێرانییەکان بونە دەربارەی [سەعیدی کوڕی سجع] کە لە سەردەمی مەعاویەی ئەمەویدا دەژیا یەکێک بووە لە گۆرانی بێژانی عارەب تەواوی ئاوازەکانی لەسەر ئاهەنگی ئێرانی دەسازاند. هەتاوەکو بڕێک کرێکاری بەدیل گیراوی ئێرانی، کاتێک لە کەعبەدا کاریان دەکرد، گۆرانی ئێرانیان دەوت، لەوانە سوودی


وەرگرتــووە و بە وشــەی عەرەبــی وتــوویەتیەوە، ئەم ســەعیدە سەرەتا کوێلە بووە، گۆرانی بۆ خاوەنەکەی وتووە.. لێی پرسیوە ئەم گۆرانیەی لە کوێوە فێر بووە؟

لە وەڵامیدا وتووبووی، لە پارسیەوە کردوومەتە عارەبی، هەر لەبەر ئەمە خاوەنەکەی ئازادی کردووە.. ئەوە حاشاهەڵنەگرە ئاهەنگە ئێرانییەکان لەلایەنی عارەبەوە پەسەند هاتوونەتە گویّ.. هەتاوەکو سروودە ئایینییەکانی ئاهەنگە ئایینییەکان هیچ زۆر و زەوتێک نەیتوانیوە لەناویان ببات...

دەگێڕنەوە کە سەعیدی کوڕی عوسمان لەلایەن مەعاویەوە راسپێردرا تا پەلاماری بوخارا و جەیحون بدات، لەگەڵ خاتونی بوخارادا عیشق و پێوەندی کەوتووەتە نێوانیانەوە، لەو رووەوە خەڵکەکە چوار بەیتی و ئاهەنگی سەیریان پیادا هەڵداوە...

<u>**گۆرانییەک لە بەسرەوە**</u>

داستانی یەزیدی کوڕی موفرغ، کە بەیت و باڵۆرەی بە ئیبنولزیادا وتووە، کاتێک عەباسی کوڕی زیاد بووە بە والی سیستان، یەزیدی کوڕی موفرغی شاعیر لەگەڵیا رۆیشتووە بۆ سیستان، بەڵام لەوێرا گرنگی پێ نەداوە و لێرە و لەوێ تانەو زەمی کردووە، زیندانی کردووەو توانیویە لە زیندان هەڵبێت و




خۆی بگەیەنێتە ئێراق و شام، بەڵام دیسانەوە زیندانی دەکرێت...

دایکـی زیـاد نـاوی، "سـومەییە" بـووە، گـوایە لەسـەردەمی جاهلیەتـدا یەکێـک بـووە لە سـۆزانیە ناسـراوەکان. ئێرانیەکـانی شاری بەسرە پیاندا هەڵداوەو ناتۆرەیان پێ وتووە.

## سروودیک لە بەڵخ

لایە لایەی منداڵانی بەڵخ بە شەڕە دۆڕاوەکەی ئەسەدی کـوڕی عەبدوڵڵای قسری -١١٤ کۆچی- کە لە دەڤەری خەتلانـدا راونـراوە و بەزم و بالۆرەیـان پێـدا هەڵـداوە بەدوای ئەوانەدا بێـدەنگیەکی ئاسنین فەرمانڕەوایی کردووە، یەک سەدەی دیـکەی دەویسـت تـا خەڵکی ئێران ئەو زۆر و زەوت و خوێن رژانە بەلاوە بنێت.



- ٥ -

# ئاڵای ڕەش


**بەرەبەیانی ڕاپەڕین**

ڕاپەڕینی ڕەشپۆشانی ئەبوومولسلم، دەکرێ بە سەرەتای بەرەو ئازادی و رزگاری لە قەڵەم بدرێت، ڕەشپۆشەکان هێندە زوڵم و زۆری عارەب و مەروانییەکان لەفکر و زکر و ئەندێشەیاندا کۆمەڵ بوو بوو، دەهێندە هەستی نەتەوایەتی لەوڵاتدا بە هێز کردبوو. بنەماڵەی عەباسییەکان لەدوا دوایی دەسەڵاتی ئەمەویدا کەوتبوونە تەقەللاوە، تا خەلافەت بەدەست بهێنن، سوودیان لەو هەموو کینە و بوغزی خوراسیانەکان دژ بە عارەب وەرگرت و کردیانە کەوا سوری بەری ئوردو، وە کاتێک ئیبراهیم ئیمام ئەبو موسلمی بانگ کردو پێی وت: ئەگەر بتوانی ئەوی لە خوراساندا بە عارەبی قسەی دەکات بکوژی، بەتایبەت ئەوانەی لەخێڵ و هۆزی مونذرین، مانای ئەوەیە لەوێرا سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە، ئەم داوایە ئەوەی وەدەردەخات کەوا پڕبڕاگەی توانا و گوڕی ململانی خوراسانیەکان لەناو بردنی ڕەگەزی عارەب بووە، وە ئیبراهیمی ئیمام و ئەوانیتری ئالی عەباسی ئەو فکر و ئەندێشە و ئەنگیزەیانە کردوەتە پردو بەسەریدا گوزەران وە لەوە

ناچێت پەلاماری خوراسانیەکان لەرووی بیرورِای ئایینی بووبێتن، هەر بەوشێوە خوراسانیەکان سوودیان لەو هاوکاریە بردووەو هاوکاری عەباسیەکانیان قۆزاوەتەوە.. مێژوونووسان رای جۆراجۆریان هەیە، برِێک ئەبوموسلم بە پەیرِەوی تەشەیوع نیشان دەدەن، بەڵام ئەبوموسلم خاوەنی بیرورِای خۆی بووە، بۆیە هێندە گرنگی بە مەنسور نەداوەو سەرئەنجام بوو بە هۆی کوشتنی.. لێرەدا چەندین پرسیار دێتە کایەوە، ئایا ئەبوموسلم پەیرِەوی ئایینی زەردەشتی بووە؟

یەشتا بە تەواوی روون نەبووەتەوە، ئایا ئەبوموسلم کورد بووە، یا رەگەزێکیتر، بەڵام ئەوە حاشا هەڵنەگرە کەوا ئێرانی بووە، [برادەرانی ئێرانی هەر کاتێک باسێک بگاتە سەر رەگەزی کورد خۆیان پێ راناگیرێ و یەکسەر ئێرانی بوون دەهێننە مەیدانەوە، بەڵام کە باس دێتە سەر رەگەزی فارس بە مافیکی رەوای خۆیانی دەزانن و باس لە ئێرانی بوونەکەی ناکەن (وەرگێرِ)].

ئەوەی ئاشکرایە ناوی ئەبومسلم [بهزادن کورِی ونداد هورمز] بووە، گوایە رەگەزی دەگەرِێتەوە سەر، شیدوشی گۆدەرزی کورِی گودەرز، کە بە دەمرِاستانی کۆنی ئێرانی ناسراوبوونە، سەردەمی منداڵی ئەبومسلم تێکەڵی ئەفسانەو داستانی سەیر سەیر کراوە، لەراستیدا دەربارەی منداڵی ئەبوموسلم هیچ بە دەستەوە نیە..



بەڵام لە نامەکانی سـەردەمی دەسـەڵاتی سـەفەوی ئەبوموسـلم بە شــیعە لە قەڵەم دەدا و بە سەیدیشــی نــاو دەبەن [بە تەئکیــد لەڕووی دەمارگرژی شیعەگەرییەوە ئەو بابەتە نووسراوە..] رەفتار و کرداری ئەبوموسلم، ئەوانە هەمـوو رەد دەکـاتەوە، ئەوە روونە تەواوی فکـر و زکـری بـۆ ئـازادی میللەتــی ئێـران بــووە دژ بە رەگەزی عـــارەب بـــووە و تـــا رادەیەکـــی زۆریـــش لایەنگیـــری مەجووسەکانی کردووە، کاتێـک دەربـارەی "سـنباد" و دڵـدانەوەی کوڕەکەی وتوویەتی:


لە شـاری نەیشـابووردا ئەوە حاشـا هەڵنەگـرە بیـروڕای بەلای گەبرەکانەوە خۆی کێشاوە تـا موسـڵمانەکان، بە دوای کوشـتنیدا ئەو شۆڕشانەی کوڕەکەی سنباد و ئیسحاق تورک هەڵیانگیرسـاند بۆ تۆڵەو خوێن خـواهی، ئەبومسـلم بەڵگەیەکـی نمایـانی تـرە بـۆ لایەنگیری ئایینی مەجوسیەت.

<u>دەقەکە شێوا</u>

لەوە دڵنیاین ئەبوومسلم ئێرانی و پەیڕەوی ئایینی مەجووسـی بووە.. ڕۆژانە چاوی هەڵهێناوە زوڵم و زۆری مەروانییەکانی لەنـاو خەڵک و خواو میللەتەکەی دیوە، کە چۆن مامەڵەیان کردووە، کە چۆن وەک کوێلەیەکی بێ رێز و بـێ نـرخ و بـێبـایی روانیویـانەتە

میللەتەکەیــدا لە وڵاتــانی خوراســان و ئێراقــدا کە سەرتاســەری ئێرانی بوونە، ئەوەی ویستویانە بردوویانە، ئەوەی هەوەسیان لێی بــووە کردوویــانە بــێ ئەوەی وابــزانن مرۆڤیــان لە بەردەســتدایە و لەوەش پــڕ ئــازارتر زۆربەی ئەو نەشــیاوانەیان بەنــاوی ئــایینەوە دەکرد و پەنجە مۆری ڕەزایەتــی ئاسمانیشــیان بــۆ تۆمــار دەکــرد. ئەوی ویژدان بووە توخنی نەدەکەوتن، ئەوی فێــڵ و درۆو تەڵەکە و تاڵان و چەپاو بووە بە ڕەوایان زانیوەو دەیانکردو ئەوی بیریــان لێ نەدەکردەوە ڕۆحــی بــێگەردی دونیــای ئیســلام بــوە خۆیــان بە خــوای ســـەر زەوی دەزانـــی، ئەو هەمـــوو زەوت و زۆرە بـــوو بە هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕین و بیرکردنەوە لە ئازادی و ســەرفەرازی، ئیتـــر لە تەواوی دەڤەرەکانـــدا خەڵـــکەکە کەوتـــنە تەقەلـــلاوە، کــۆمەڵەی جۆراجــۆر ڕۆژانە لێــرەو لەوێ دەهــاتنە جــوڵانەوەوە کیسانییەکان چاوەڕوانی ئیمامی خۆیان دەکرد، خەڵکەکە پەنایان بردەوە بەر ڕم و شمشێر و ئامادەی پەلاماردان بوون.

دەوڵەتی ئەمەوی ناکۆکی و چەند بەرەکــی لەنێوانیانــدا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند، شیعەکان خەلافەتیان بــۆ ئــالی عەلــی بەڕەوا دەبینی.



**<u>ئەبوومسلم</u>**

له ئاوا ڕۆژێکدا، ئەبومسلم راپەڕی، راستی ئەم ئەبوموسلیمە، خەڵکی کوی بووە؟ بەڵێ، زۆر دەربارەی رەگەزی ئەم کەڵەپیاوە، مێژوونووسان تێکڕا هاودەنگ نین و برێک دەڵێن، له شاری "مەرو"دا هاتووەتە دونیاوە، برێکیتر لایان وایه خەڵکی ئەسفەهان بووە [مادام مێژوونووسان نەیان توانیوە لەسەر رەگەزی بریار بدەن بێگومان له رەگەزی کوردە حەیاتە بێ خیوو خاوەنەکەیە، وە دوای کوشتنی لەلایەن ئەبو جەعفەری عەباسیەوە شاعیرانی دەربارى عەباسى، وەک تۆمەت له شیعرەکانیاندا له رەگەزی کوردیان ژماردوەو ناویان بردووە "وەرگێر"] بەلای عارەبەوە به مەوالی ژمێردراوە و پێوەندی به بنەماڵەی "عجلی"یەوە هەبووە، له شاری کوفەو لەوێرا ئاشنایەتی لەگەڵ دوژمنانی ئەمەویدا پەیدا کردووە.. هێندە وتەی ئەفسانەئامێز و داستانی خەیاڵی دەربارەی دروستکراوە، کاکڵەی حەقیقەتەکە کەوتووەتە لێڵاییەوە، بەڵام سەرچاوەیەک باس لەوە دەکات، کە مێردمنداڵ بووە به کاری سەڕاجی و زین و بەرەی ئەسپ دروستکردنەوە خەریک بووە، برێکیتر دەڵێن یەکێک بووە له چاوساغانی بنەماڵەی "عجلی" بەڵام له ساڵی ١٢٤ کۆچی، کاتێک نوقەبای ئال عەباس له خوراسانەوە گەیشتنە کوفە، "ئەبوموسلم"یان له زیندانەدا وەدیکرد، که رزگار کرا خۆی گەیاندە ئیبراهیمی ئیمام.. وە بووبە یەکێک لەباوەڕپێکراوانی وە به

نــوێنەرایەتی خــۆی هەنــاردیە دەڤەرەکــانی خوراســانی، تــا دەستبەکاری ژێرزەمینی بانگهێشتی عەباسیان دەست پێبکات، وا باوە ئەو دەمە تەمەنی نۆزدە ساڵ بووە، کە دەگاتە نەیشابوور لە خانێکـدا هەنــوز دەکــا و دوای بــۆ کارێــک دەڕواتە دەرەوە، کە دێــتەوە دەنــــوارێ سەرســــەری و ئەوبــــاش کلـــک و گــــوێی گوێــدریژەکەیان بڕیــوە، دەپرســێ ئێــرە نــاوی چــیە؟ دەڵــێن، بویاباد..، دەڵیت، پیاو نەبم ئەگەر ئەم بویابـادە نەکەمە بـۆگەن ئابــاد.. کە دەســتی بەســەر سەرتاســەری خوراســاندا گــرت، ئەوشـارەی کـردە بـۆگەن ئـاوا... دەگێـڕنەوە لە مـاڵی یەکێـک لە دەهەقانەکاندا میوان بـووە، بەخـانەخوێکەی دەڵێـت: شمشـێرێکی هەزار دیناریم دەوێـت.. خـانەخویکەی لەگەڵ ژنەکەیـدا دەکەوێـتە راوێژ و ژنە دەڵێت: ئەم پیاوە دیارە زۆر باوەڕی بە خۆی هەیە و پشـتی قـایمە، ئەوی داوا دەکـات بیـدەرێ، خـانەخویکەی نـاوی "تازوسیان" بووە داخوازیەکەی بەجـێ دێنـێ، لە دواییـدا چەنـدین بەرانبەر پاداشتی دەداتەوە..

لە خوراسـاندا چەنـدین کەسـایەتیتر لە سـوودی عەباسـیاندا دەســت بەکــار بــوو بــوون، وەک "ســەلمانی کــوڕی کەســیر" و برادەرانــی، تــوانی ئەوانە بەلاوە بنێــت و زۆر بە گــورجی تــوانی سەرتاسەری خوراسـان ئامـادەی ڕاپەڕیـن بکـات، ئیتـر لە تەواوی دەڤەرەکانەوە هاتنە هانای ئەبوومسلیمەوە، وەک مەرو، بوخـارا، سەمەرقەند، کش، نەخشەب، چغانیان، حتلان، مەرو رود، تالقان،


تاهیران، پوشەنگ وە سیستان. خەڵکی ئەو شارانە بە خوێن و گیان و ماڵ ئامادەی هاوکاری ئەبوموسلیم بوون، تا لە زۆر و ستەمی دەسەڵاتی بەنی ئومەیە رزگار بن.

## تیاچوونی عەرەب

ئەبوموسلیم لە سەرتاسەری خوراساندا پەرچەمی بەرز کردەوە، هەر لەو ڕۆژگارانەیدا شەڕێکی خوێناوی و دووبەرەکی لەنێو خودی عارەبەکاندا ڕۆژانە پەرەی دەسەند و لە یەکتریان دەکوشت، دەڤەرەکانی خوراسانی لە ژێر چاودێری والی بەسرەیدا بەڕیوە دەچوو، لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا هەر تایفە و خێڵێکی عارەب لە شارو دەڤەرێکی ئێراندا نیشتەجێ بووبوون، وە هێشتا لە نێوانیاندا بگرە و بەردەی سەردەمی جاهیلیەتی پێش ئیسلام لە نێوانیاندا ریشووی داکوتابوو، لەسەر کردەوەیەکی بچووک لە نێوانیاندا شەڕیکی خوێناوی روویدەدا، خێڵی بەنی تەمیم، کە لە سەر موزرەکان دەژمێردران و لە سەرەتای فەتحی خوراسانەوە لەوێدا گیرسابوونەوە وە شەڕی نێوان یەمانی و موزری پەرەی سەندوو بوو، ئەو دوو خێڵە کە دەهاتنە سەر حوکم تەنها لەخۆیانیان دەخستە سەر کاروبار، کاتێک ئەو لابراو "قوتەیبەی کوڕی موسلم و نەسری کوڕی سەیار" دەور هاتە سەر خێڵی موزری ئیتر ئەو ناکۆکی و

دووبەرەکـیە بەردەوام لەپەرەســەندندا بــوو، لە شــام و ئێــراقیش ئاش هەمان ئاش بوو، خەلیفەکـانی دیمەشـق، نەیانـدەتوانی هـیچ چارە سەرییەکی خۆیان و وەزعەکە بکەن، نەسری کـوڕی سـەیار، گرفتاری زۆر دەورەی دابوو، راپەڕینی هۆزی بەنـی تەمـیم پەرەی بە ئـاگرەکە سـەندو ئێرانیەکـانیش راپەڕینــی ئەبومسـلم دەسـتی پێکـردەوە، نەسـر ویسـتی دوو تیـرەی یەمـانی و مـوزری عـارەب رێکخاتەوە، بەڵام کـار لە کـار ترازابـوو، ئەبومسـلم لەو نـاکۆکیەدا پەیوەستە دەست بەکار بوو بۆ تێکچونی زورتری نێوانیان.

سەرەتا راپەڕینی ئەبوموسـلم بەنـاوی "بەنـی هاشـم"ەوە، بـێ ئەوەی ناوی کەسێک بهێنێت دەستی پێکرد، چـونکە بەنـی هاشـم لەنـاو تەواوی خوراسـاندا مـایەی رێـز و ئیحتـرام بـوون، وا بـاوە سەرەتا ئەبوموسلم خۆی بە یەکێک لە بنەمـاڵەی عەباسـیەکان لە قەڵەم داوە، کە ئەبوموســـلم دەکەوێـــتە داوی ئەبـــو جەعـــفەری مەنســـورەوە، ئەو نەســـەبەی بە تـــومەت و تـــاوان بـــۆ حیســـاب کردووە، لەوە دەچێت ئەو نەسەبنامەیە ساختەیەی لەبەر دوا ڕۆژ دروســت کردبێــت، ئەگەر خولیــای خەلافەتــی کەوتە ســەر هــیچ تەگەرەیەکــی لە رێگــادا بــۆ دروســت نەکرێــت، بەڵام مەنســور خەلـیفەی عەباسـی لەوەی زیـرەک و هوشـیارتر بـوو، هەتـاوەکو لەپـــێش سەرکەوتنیشـــدا حەزی لە کـــارو کـــردەوەی چـــارەی ئەبوموسلم نەدەکردو بەدوای هەڵدا دەگەڕا بۆ لەناوبردنی.



ئەبوموسلم، بۆ یەکەمین جار کە ئاڵای رەشی بەرز کردەوە، لە دەڤەری مەرودا و لە دێ"ســـقیدنج" ئەو پەرچەمە رەشـــە بـــا شەکاندیەوە (١٢٤ کۆچی)

ئەوی دوژمنی بەنی ئومەیەی بـوو لە دەوری کۆبـوونەوە، ئیتـر لە هەر چوار لاوە لە سەرتاسەری ئێرانی گەورەدا بەسەرو مـاڵەوە کەوتنە دوای ئەبوموسلم.


## رەشپۆشەکان

ئەبووموســـلم، نـــامەی بە چـــوار تەنیشـــتیدا نووســـی کەوا جلـوبەرگی رەش لەبەر بـکەن، برێـک لە شــارەکان رەشپۆشـی کوشـتنی "یەزیـدی کـوڕی عەلـی" و یەحیـای کـوڕی بـوون بەڵام لەراسـتیدا، رەنگـی سـەوز بە دروشـمی بەنـی ئـومەیە دەناسـرا، ئەبوموســلم، ویسـتی ئەو جیـاوازییە بخـاتە روو بـۆیە هەمـوان عەمامەی رەشیان لەسەر کرد و پەرچەمـی رەشـیان بەرزکـردوەو، سـەرەتا مەرو ئـازادکرا، دارێکیـان بەدەسـتەوە بـوو ناویـان نـابوو "کـافرکوژ".. رەشپۆشـەکان هەنـدێکیان ئەسـپ سـوار بـوون و وبرێکـی دیکەیـان سـواری گوێـدرێژ دەبـوون، بە گوێـدرێژەکانیان دەوت مەروان، کە ئەو دەم خەلیفەی ئەمەوی بوو، وە بە "حمـار" نـاو دەبـرا، سـەرەتا کەوتـنە دوای مەروانیەکـان بەرەو ئێـراق

هێرشیان برد، مەروانیەکانی کوفە خۆیان تەسلیم کرد و دانیان بە خەلافەتی ئەبوعەباسی سەفاحدا نا..

## شەڕی زاب

مەروان دوا خەلیفەی ئەمەوی، هێزی بۆ کۆکردەوە لەلای ڕووباری "زێ"دا بەرانبەر ڕەشپۆشەکان ڕاوەستان شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکرد، لەو شەڕەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سوپای خەلیفە کوژران و خودی خەلیفەش بە فەلاکەت ڕزگاری بوو، گوایە ژمارەی سوپای خەلیفە لە سەد هەزار شەڕکەر زۆرتر بوونە، لەکاتی ڕاونانی مەرواندا خەڵکی موسڵ پردەکانیان ڕوخاند، تا مەروان نەتوانێت بپەڕێتەوە، بەڵام بە دژوار پەڕییەوە خۆی گەیاندە دیمەشق و لەوێڕا بۆ میسر و لە میسر کوژرا، شەڕی "زاب" بوو بە هۆی بنبرکردنی دەسەڵاتی ئەمەوی، لە ڕۆژهەڵاتدا ١٣٢ کۆچی.. شەڕی دیکە ڕوویدا، بەڵام ئەبوموسلم، خوراسانی بەجێ نەدەهێلا، وە دەسەڵاتی عەباسی لە کوفەدا بەسەر کەلاوەکانی دەسەڵاتی ئەمەویەوە بنیاتنرا، ئێمە لەوەی دڵنیاین کەوا ئەبوموسلم چەند بەلای شیعەگەری و سوننەگەریدا کێشای بووبێت دوو ئەوەندە بەلای مەجووسیەتدا کەمەنکێشی بووە.




## بەها فەرید

هەر لەو کاتانەی دەسەڵاتی ئەمەوی روخا "بەهـا فەریـد" هـاتە مەیدانەوە، رەنگە لەو رووەوە زانیاری زۆرمان بە دەستەوە نەبێـت ئەوەنــــدە دەزانــــین، کەوا کــــوڕی پیاوێــــک بــــووە بەنــــاوی "ماهفەروەردین" و خەڵکی دەڤەری زوزەن بووە، لە سەرەتاوە بـۆ ماوەی حەوت ساڵ رۆیشتوە بۆ وڵاتی چین، کە گەڕاوەتەوە جل و بەرگێکی سەوزی لەگەڵ خۆیدا هێناوە لە ناوچەی نەیشـابور دێـی [سیراوند]دا نیشتەجێ بـووەو کەوتـوەتە بڵاوکـردنەوەی ئـایینێکی تــازەوە، شــەوانە دەرۆیشــتە ســەر لــوتکە و بەرزایــیەک بەڕۆژ دەگەڕایەوە، بــڵاوی کـردەوە کەوا ئەو تـا ئەو دەمە لە ئاســماندا ژیاوە و بەهەشت و دۆزەخیان بەو سپاردووە و پەروەردگار وەحی بــۆ نــاردووە، خەڵکانێــک لێــی گلێــر بــوونەوە، ئەم داســتانە ئەبورەیحانی بیرونی نووسیویەتی، بەڵام ئەو قسانە زۆرتر لە درۆو ئەفسانە دەچن، بەڵام لەو رووەوە بیروڕای جۆراوجۆر لە ئـارادایە، دەڵێن، ئیسلامی هێناوە بەڵام وەک موغێک ژیاوە، ئەبـو رەیحـانی دەڵێت: ویستوویەتی ئایینی زەردەشتی بهێنێـتەوە سـەر کـار، کە بە شـێوەیەکی برایـانە نیـوان ئیسـلام و زەرادەشـتی ئاشـتی بە وجـود بهێنێـت، بیـروڕای "بەهـا فەریـد" هەم ئیسـلامەکان، هەم زەردەشتیەکانی ئاڵۆز و ئاشفتە کردبوو، کاتێک ئەبوموسلم، بـۆ نەیشـاپور رۆیشــت، موبەدەکــان و موغەکــان شــکایەتی خۆیــان گەیانــدێ، ئەبوموســلم هێزێکــی نــارد و گردیــان و فەرمــانی

کوشتنیشیدا. لە کتاوی [ملل و نحل]دا، بەهافەرید، بە یەکێک لە چوار فیرقەی زەردەشتی ناو بردووە، کە بریتین لەمانە [زروانیە، مەسخیە، خورەمدینیە، وە بەهافریدییە] ڕووداوی کوشتنی بەهافەرید ئەوەی دەگەیەنێت، ئەبوموسلم کۆشاوە دڵ و فکری زەردەشتیەکان لەدەست نەداو بیر و فکری دژ بە رەگەزی عارەب و بەتواناوە کۆشاوە ئایینی زەردەشتی بپارێزێت..

## نیگەرانی مەنسوور

دوای لەناوچوونی ئەمەویەکان، ئەبوموسلم بووبووە خولیای مەنسوری برای ئەبوعەباسی سەفاح و پەیوەستە جوڵانەوەی خستبووەوە ژێر چاودێرییەوەو بە دوای هەلدا دەگەڕا کە چۆن لەناوی بەرێت، ئەبوموسلم هێندە گرنگی نەدەدایە مەنسور و زیرەکی و هۆشیاری مەنسوور، بەڵام مەنسوور بەلای ئەبووسەفاحی برایەوە ئاماژەی بۆ مەترسی ئەبوموسلم دەکرد، دەگێڕنەوە کاتێک ئەبوعەباسی سەفاح، مەنسووری برای دەنێرێت بۆ خوراسان تا ئەبوموسلم [ئەبوسەلمەی خەلال] بکوژێت، کە یەکێک بووە لە باوەڕپێکراوانی بەرەی عەلەوی، بەڵام ئەبو موسلم، سەلمانی کوڕی کەسیرە، کە یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ئەو دەمەی عارەب، لەسەر قسەیەکی پڕ و پوچ بە بەچاوی مەنسوورەوە فەرمانی کوشتنیدا، وە مەنسوور گەڵێک



بەو کارە نارازی و ئاشوفتە بوو، کە گەڕایەوە بۆ لای سەفاحی برای، پێی وت: ئەگەر ئەبو موسلم نەکوژی گەورەترین گرفتاری گۆبەنمان بۆ دروست دەکات. کە ئەبوسەفاح دەمرێت ترس و تۆقیان زۆرتر لە دڵی مەنسووردا کۆ دەبێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عەلی مامەی سەفاح ئاڵای خەلافەتی بەرزکردەوە، مەنسوور بە ناچاری دیسانەوە پەنای بردەوە بۆ ئەبوموسلم، بەڵام ئەبوموسلم ئامادەی شەڕی عەبدوڵڵای نەبوو دەیوت:

عەبدوڵڵا و شۆرشەکەی بەرانبەر گرفتاری خوراسان بەهیچ دەژمێردرێت، لە حەقیقەتدا نەیدەویست لە شەڕی نیوان دوو عارەبدا بەشداری بکات، بەڵام بۆی نەدەچووە سەر و سەرئەنجام لە شەڕی مەنسوورو عەبدوڵڵای مامیدا بەسوودی مەنسوور بەشداری شەڕەکەی کردو عەبدوڵڵای راونا، بەڵام بە دوی نەکەوت، عەبدوڵڵا روو بە بەسرە رۆیشت و بەلای والی بەسرەوە سلیمانی کوڕی عەلی کە برای بووە خۆی شاردەوە، لەدوای ئەو شەڕە مەنسوور کەسانێکی ناردە لای ئەبوموسلم تا دەست کەوتەکانی ئەو شەڕەی بۆ بنێرێت، ئەبوموسلم لەو داوایە گەلێک ئالۆزو ئاشوفتە بوو، جنێوی زۆری بە مەنسوور داوەو ئەو ناسزایانەی تەواوی دەگەیەنێتە مەنسوور، وە کینەو بوغزی ئەبوموسلم ڕۆژ بە ڕۆژ لە دڵی مەنسووردا پەنگی خواردبویەوە، لەلایەکی ترەوە تەواوی عارەبەکانیش تا خوا حەز بکات "ئەبوموسلم"یان دەبوغزان...


**سەرئەنجامی ئەبوومو‌سلیم**

سەرئەنجام مەنسوور و رق و کینە کەف کردوەکەی پیلانێکی دۆزەخی خستە پێش ئەبوومو‌سلیمەوەو توانی نامەردانە لەناوی ببات.. ئەوەی مێژوونووسان باسیان لێکردووە، ئەوە دەگەیەنێت ئەبوومو‌سلیم دەربارەی مەنسوور ئەوپەڕی سادەگی و خامی نیشانداوە، دیارە مەنسوور زۆر کۆشاوە تا ئەبوموسلیم رازی بەسەردانی دەکا دەڵێن: کە ڕۆژی یەکەم مەنسووری بینی.. مەنسوور زۆر ریزی لێگرت و پێی وت: ئەمشەو هەنوزیکە، سبەینێ یەکتر دەبینین.. ڕۆژی دووەم مەنسوور چەند کەسێکی بەچەکەوە لە دیواندا شاردەوەو رایگەیاندبوو هەر کاتێ چەپڵەم لێدا وەرنەدەرەوەو بە بەرچاومەوە ئەبوموسلیم بکوژن.. هەناردیە دوای ئەبوموسلیمدا، کە هات وتی:

ئەو شمشێرەی لە لەشکری عەبدوڵڵای مامم بە دەستت هێنا لە کوێیە؟

ئەبو موسلیم وەڵامی دایەوە: ئەمەیە بە دەستمەوە، مەنسوور پێی دەڵێ: با تەماشای بکەم..

ئەبوومو‌سلیم، شمشیر بە مەنسوور دەداو مەنسوور شمشێر دەخاتە لاوەوە، روو بە ئەبوموسلیم دەست بەجنێودان دەکات و یەک یەک کارو گفتار و رەفتارەکانی هەڵدەدا، کە چەندە نەشیاوی دەرهەق بە خەلافەت کردووە.. ئەبوموسلیم لە وەڵامیدا



دەڵێت: ئەی خەلیفە، ئەوەی من بۆ خەلافەتی ئێوەم کردووە، ناوباوەکەی عالەمگیرە، ئەو تومەتانەت نەشیاوەو لە جێگەی خۆیدا نیە.. ئەبوومەنسوور لە وەڵامیدا دەڵێت؛ کوڕی سۆزانی ئەوەی تۆ کردووتە کوێلە کەنیزێکی رەشیش دەیتوانی بیکات..

ئەبوموسلیم دەڵێت: لەو قسە قۆڕانە گەڕێ.. من جگە لە خودا هێشتا ئەوەی من لێی بترسم لە دایک نەبووە.

ئەبوومەنسوور، چەپڵەیەک لێدەداو چەکدارەکانی لەپشتی پەردەوە دەردەچن و دەڕژێنە سەر ئەبوموسلیمدا و دەیکوژن.. بەو شێوەیە کەسێک دەوڵەت و دەسەڵاتی ئەمەوی لە ڕۆژهەڵاتدا ریشەکەن کرد بەوجۆرە پاداشت دراوەتەوە.


وا باوە ئەبوموسلیم، باڵابەرز نەبووە، روخسارێکی گەنمڕەنگ و روخسارجوان و چاوڕەش و ریشێکی رەشی قەترانی و پرچێکی رەشی درێژ تا سەر شانی پێوە بووە، شیعری زۆری ئەزبەربووە وتە شیرین و کەم پێکەنین و دژ بە دوژمنان سەختگیر وتراوە، بە فەرمانی ئەو سەد هەزار کەس کوژراون..

پرسیارێکە و دەکرێت.. ئەبووموسلیم چی دەویست؟ دەیویست چی بکات؟ بە پێی ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن بە دروستی رۆشن نیە چی لە خولیادا بووە.. بەڵام ئەو مەرامەی بە دیهێنا کەوا بتوانێت رەگەزی عارەب زەلیل بکاو هەستی بەخۆ بوون بۆ ئێرانیەکان بگەڕێنێتەوەو سەروەری عارەب لەناو ببات و ئێرانی

بتوانێت نەخشی سازندە و شیاو لە دەوڵەتی عەباسیدا بگێرێت.. راستە تەواوی ئارەزووکانی بەدی نەهات، بەڵام زۆریشی هاتنەدی.. زۆری نەکێشا لە بندەستی وێرانەکانی تیسفونی دا "مەدائن" شاری بەغدا دروستکراو خەلافەتێک کەوتە سەرکار لە ئاکامی دلێری و خوێنی رژاوی ئێرانیان بە وجود هات.. ئەوی لە شاری بەغدای تازە دروستکراودا وەدی دەکرا، دەبیسترا تەواوی گویای دەبدەبەو شکۆی دەوڵەت و دەسەڵاتی ساسانی بوو. ئەو دەسەڵات دارە بە رەگەز عارەبانە لە قوڵایی ناخیانەوە خۆیان بە قەرزاری رەگەزی ئێرانی دەزانی و بەو هەستەی دەشڵەژان و دەکۆشان: لەو قەرزاریانەی خۆ رزگار بکەن، گەورەترین بەڵگە کوشتنی نامەردانەی ئەبوموسلیمی شاسواری ئێرانیە کە چۆن پاداشتیان دایەوە، هەروەها کوشتنی ئەبوسەلمەی خەلال کە چەندە لەپێناوی دەعوەتی عەباسیدا کۆشا بوو یان لەناوبردنی بنەماڵەی بەرمەکیەکان.

**<u>تۆڵەی ئەبووموسلیم</u>**

راستە ئەبوموسلیم بوو بە قوربانی کینەو رقی عارەب، بەڵام بیرورای پیرۆزی ئەبوموسلیم بۆ ساتێک دەستی لە یەخەی خولەفەکانی عەباسی بەرنەداو هەمیشە خوێنی بە ناهەق رژاوی ئەبووموسلیم دامێنگیریان بوو بوو، ئەندیشەو فکری ئازادی و




سەروەری ئەوە ئەبو موسلیم بوو لە ناخ و وجـوودی سەرتاسـەری ئێراندا چاند، ئەوە ئەبوموسلیم بوو گوڕ و باوەڕ بە خۆبوونی بـۆ رەگەزی ئێرانی گەڕاندەوە، ئیتـر شـۆرش و پەلامـار و راپەڕیـن لە ئێراندا هەر بەو هەوێنە دەهاتنە کایەوە بڕێکیـان جـگە لە ئـازادی دروشمی ئایینی دژ بە ئیسلامیان بەرز کردەوە "سـنباد" دروشـمی ڕووخـــانی کـــابەی بەرزکـــردەوە "ئوســـتاد سیســـی" بەهەوای پەیـامبەریەوە دەسـتی بە راپەڕیـن کـرد، "مـوقەنەع" ئیـدیعای خـودایی کـرد، ئەو راپەڕینـانە بە هەر دروشـمێک بـووبن لەیەک مەبەستدا یەکیان دەگرت، ئەویـش لەنـاوبردنی دەسـەڵاتی عـارەب بـووەو لایـان وابـووە، ئەوە عـارەبە بـووەتە هـۆی زەبـوونی و زەلیلییان.

مەڵبەنـد و بێشـکەو هەوارگەی تەواوی ئەو بیـروڕا راپەڕینـانە خـــاک و دەڤەرەکـــانی خوراســـان بـــووە، خوراســـان هەوارگەی پاڵەوانـان و چیـرۆکە خۆماڵیەکـان و ئەفسـانەی شـاهانی ئێـران ژمێرابووە، لە تەواوی راپەڕینەکاندا تـۆڵەی خـوێنی ئەبووموسـلیم بە دروشمی یەکەم ژمێردرا و بەسەر زمانانەوە بووە..

دوای کوشـــتنی ئەبووموســـلیم یەکێـــک لە یـــارانی بەنـــاوی ئیسـحاقی تـورک، خـۆی گەیانـدە ئەولای ڕووبـار و دەسـتی بە شۆرش کرد و وای بڵاوکردەوە کەوا ئەبوموسـلیم زینـدووە.. ئیتـر بیروڕای شعوبیەت لەگەڵ بیرەوەری ئەبووموسلیمدا تێکەڵ کرا.

**راوەندییەکان**


ئەم راپەڕینە بە شێوەیەکی سەیر دەستیان پێکردووە، لە کاتێکدا بانگەوازی لایەنگری مەنسووری عەباسیان دەکرد، لەولاشەوە دەکۆشان بۆ کوشتنی، وە بە شێوەیەک دەجولانەوە کە چۆن مەنسوور ئەبوموسلیمی غافلگیر کردو بەفێڵ و تەڵەکە کوشتی، ئەم کۆمەڵە لە دەورو بەری کوفەدا زۆریان کۆبوونەوە وایان وەدەر دەخست کەوا کوێلە و سەرسوپوردەی ئەبو جەعفەری مەنسووری عەباسیان و بنکە سەرەکیەکەیان لە خوراساندا بووە.. کارو کردەوەی سەیریان دەکرد و بە کۆمەڵ بە دەوری کۆشکی مەنسووردا دەسوڕانەوەو دەیان گوت، ئەمە کابەی ئێمەیە، ئێرە هەوارگەی پەروەردگاری ئێمەیە، مەنسوور گەورەکانیانی زیندانی کرد، بەڵام لایەنگیرانیان زیندانیان شکاند و گەورەکانیان ئازاد کردو پەلاماری مەنسووریان داو شەڕ لە نێوانیان دەستی پێکرد، ئەو کۆمەڵە ئەگەرچی پەیڕەوی بیروڕای دوناودون "تەناسووخ" بوون، بەڵام باوەڕیان بە بنەماڵەی عەباسییان هەبووە، لایەنگری سەرسەختی ئەبووموسلیمیش بوونە و کوشتنەکەیان بە تاوانێکی بێ لێبوردن ژماردووە و تەواوی کۆششیان کردووە تا دەسەڵاتی عەباسی لەناو ببەن..



**سنباد**

لەوانەی کەوا بە دوای تۆڵەی خوێنی ئەبوموسلیمدا دەگەڕان و خوێن گەرمتر بوو، سنبادی مەجووسی بوو، سنباد کێیە؟ ئەمە پرسیارێکە دەکرێت.. بەڵام دەمارگرژە، موسڵمانەکانی کەوەک مێژوونووسی باسیان لە سنباد کردووە بە تەئکید وتەکانیان بێلایەن نەبووە و بۆیە دەڵێت: ئەو کابرایە جگە لە دوژمنی رەگەزی عارەب هیچ بەرنامە و پلانێکی لە ئارادا نەبووە، بەڵام لە حەقیقەتدا راپەڕینەکەی گەلێک لەوە بەربڵاوتر و بە بەرنامەتر بووە ئەلبەتە یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی راپەڕینەکەی دوژمنایەتی عارەب و دژ بە زوڵم و زۆرو کاروکردەوەی داگیرکەرانی عارەب بووە، بەڵام راپەڕینەکەی تەنها حەفتا رۆژی کێشاوە.. سنباد پەیڕەوی زەردەشت بووە سنباد کوڕێکی هەبووە، بەلای مامۆستاوە خوێندویەتی رۆژێک کوڕی سنباد و کوڕی عارەبێک بە شەڕ دێن و سەری کووڕە عارەب دەشکێ، کوڕە بەو خوێنەوە دەگەڕێتەوە لای باوکی، باوک بە کوڕەکەی دەڵێت، هیچ مەڵێ و لەگەڵ ئەو کوڕەیدا بکۆشە ببیت بە دۆستی، رۆژێک کوڕی سنباد دەبەنەماڵەوە باوکە کوڕی سنباد دەکوژیت و هەواڵ بۆ سنباد دەنێری کەوا کوڕەکەی لەماڵی ئەوانە، سنباد دەڕوا بۆ ماڵی عارەب و بەزۆر خواردنی دەخەنە بەردەست. عارەبەکە دەڵێت، خواردنەکە خۆش بوو؟

سنباد، سوپاسی دەکات و لەوەڵامدا بە سنباد دەڵێت، بۆ ئاگاداریت ئەو گۆشتەی خواردت گۆشتی کورەکەت بوو.. سنباد لە تاودا بێهۆش دەکەوێت، لەوێرا دەڕوا بۆلای براکەی ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: تۆڵەی ئێمە مەگەر راپەڕینی ئەو کابرای خوراسیانیە بیسێنیتەوە [مەبەستی لە ئەبوموسلیمی خوراسانیە]. لەوێرا هەردووکیان دەڕۆن بۆ لای ئەبوموسلیم و داستانەکەی بۆ دەگێڕنەوە، ئەبوموسلیم سوێند دەخوات دەبێ "بوی ئاباد" بکەمە "بۆگەن ئاباد" لەلایەکیترەوە ئەم داستانە بە شێویەکیتر نووسراوە: گوایە ئەبو موسلیم دوو هەزار چەکدار ئامادە دەکا و سنباد دەکاتە فەرماندەیان دەیاننێرێتەوە بۆ "بوی ئاباد" و ئەوی بە عارەبی قسەی کردووە یان تێکەڵاوی عارەب بوونە سەرتاسەریان دەکوژن، سنباد، ئەگەرچی زەردەشتی بووە، جلوبەرگی رەشی لەبەرکردووە، برژاندن و کوشتنی کوڕی سنباد دروستکراو یا ئەفسانە بوو بێت، بەڵام بۆ خرۆشانی هەستی نەتەوایەتی کاری بووە.. سەرچاوە مێژووییەکان باس لە پەیوەندی پتەوی نێوان سنباد و ئەبوموسلیم دەکەن.. "تەبەری" دەڵێت: سنباد یەکێک بووە لە قوتابیانی ئەبوموسلیم و دەڵێت: کابرایەکی زەردەشتی خەڵکی نەیشاپورو ئەبوموسلیم کردویەتە یەکیک لە فەرماندەکانی. وە کاتێک ئەبوموسلیم دەڕوا بۆ قەتلگای لای مەنسوور، سنباد دەخاتە جێی خۆی .. ڕاپەڕینەکەی سنباد ئەگەرچی بە بەڵگە و



ئەنگیزەی تۆڵەی خوێنی ئەبوموسلیمە، دەستی پێ کردووە، بەڵام بیروڕای ئایینی و قەناعەت بە دوناودون بوون بە ئەنگیزەی سەرەکی راپەڕینەکەی دەدرێت لە قەڵەم و تەواوی ناڕازییەکان لە دەوری کۆبوونەوە و راستەوخۆ کەوتە دوژمنایەتی ئایینی ئیسلام و دروشمی هەرووژانی کابەی بەرزکردبوویەوە، لە کتێبی "سیاسەتنامەدا"، بەوشێوە لە سنباد دواوە، رەنگە لە دەمارگرژی ئایینیەوە بەدوور نەبێت.. ئەوەش حاشا هەڵنەگرە بیروڕای سنباد و دەستەی "موسلیمە" و "راوەندیەکان: گەڵێک لەیەکەوە نزیکن..

ئەبو جەعفەری مەنسوور، دەهەزار چەکداری بە فەرماندەی "جەهوری کوڕی مرارئەلعجلی" هەناردە شەڕی سنباد لە نزیک هەمەداندا شەڕەکە روویداو سنباد راونراو نزیکەی شەست هەزار کەس لە لایەنگرانی کوژرا و ژن و ماڵ و منداڵیان بە یەخسیری بران بۆلای مەنسووری عەباسی وە سنباد لە دەڤەری تەبەرستاندا کوژراوە، ئەوی سنبادی کوشتووە کابرایەک بووە بەناوی "لوتانی تەبەری"

## ئوستاد سیسی

یەشتا کوشت و کوشتار و چەپاوی راپەڕینە خوێناویەکەی سنباد لەبیر نەچووبوویەوە و خوێنەکان هەڵمیان لێ هەڵدەستا، ئوستاد سیسی راپەڕینی تازەی دەست پێکرد، جیاوازی ئەم راپەڕینە لەگەڵ راپەڕینەکانی پێشوودا ئەوەیە ئەم راپەڕینە هیچ پێوەند و بۆیەکی بە تولەی خوێنی ئەبوموسلیمەوە نەبوو، زۆرتر لە راپەڕینەکەی "بهافرید"ەوە نزیک بووەو کۆشاوە بارو دۆخی ئایینی زەردەشت شیاوتر بکا.. ئەو راپەڕینە لە ساڵی ١٥٠ کۆچی دەستی پێکردووە [تەبەری و ئیبنولئەسیر] وتوویانە. کەوا سێسەد هەزاری لەگەڵدا بووەو گوایە باوکی "مەراجلی" دایکی خەلیفە مەنسوور بووە، خاڵۆی مەئمون ئەو کەسە بووە دەستی لە خوێنی فەزلی کوڕی ذولرئاسەتینی]دا هەبووە، وە لە خوراساندا بە پیاوێکی دەست رۆیشتوو ناسراو سەیرکراوەو توانیویە خەڵکی دژ بە خەلیفەی عەباسی هەڵسێنی، بۆیە خەڵکی هەرات و بادغیس، سیستان و شارەکانی خوراسان لە دەوری گلێربوونەتەوە و نزیکەی سێسەد هەزار شەرکەری لەدەور کۆبوونەتەوە، پەلاماری "مەرو"ی داوە و والی "مەرو" — ئەجسەم — روو بە رووی بووەتەوە، لەو شەڕەدا [ئەجسەم] کوژراوە.. مەنسوور "خازمی کوڕی خزیمە" بە یارمەتی والی خوراسان دەنێرێتە شەڕی ئوستاد سیس و کەوتە سەنگەر هەڵکەندن، لەو شەڕەیدا ئوستاد سیس راونراوە سەرئەنجام خۆی و کوڕەکانی

کوژراون..

**نەفرەت و کینە**

کینە و بێزاندنی عارەب لەلایەن ئێرانیەکانەوە، وەک رەشە بایەک سەرتاسەری ئێرانی گرتبووەوە، لە هەر کوێدا راپەڕینێک یا خود یاخی بوونێک روویدابا خەڵکانێکی زۆر هاورایيان دەکرد. راپەڕینی ئوستاد سیسی لە دەریایەک خوێندا خامۆش کرا، هەر لەو ڕۆژانەدا دەڤەری تالەقان و دەماوەند راپەڕینیان دەست پێکرد، خەلیفە عومەری کوڕی عەلای هەڵبژارد بۆ لەناوبردنی راپەڕینی تازەی ئەو دەڤەرە و توانی تەفرو تونایان بکات، زۆربەیان بەدیلی بگرێ و رەوانەی لای خەلیفەیان بکات.. یەکێک لە مێژوونووسان دەڵێت: گرفتی گەورەی ئێرانییەکان لەوەدایە وڵاتێکی بەربڵاویان هەبووە و خەڵکانی دیکەیان بە کوێلەو غولامی خۆیان دەزانی، بە پەلاماری عارەب و ئاييني ئیسلامی کرانە غولام و کوێلە و نەیاندەتوانی ببنە کوێلە و خزمەتکاری خەڵکانێک کەتا دوێنێ بە خوارترین و پیسترین خەڵکانێکیان دادەنان، بەرانبەکێی ئايينيش سەرباقی، لە ساڵی ١٤١ کۆچی سوپەهبود "خورشید" لە تەبەرستاندا شۆرشی دەست پێکرد، ئەوی عارەب بووە کوشتویەتی و هەتاوەکو ئەوانەی ئیسلامیش بوونە، سەرتاسەریانی کوشتووە، بەڵام دیسان ئو شۆرشەش لەلایەن عارەبەوە خامۆشکراوەو سوپەهبود خورشید خۆی

کوشــتووه، بەو هەمــوو کوشــت و کوشــتارەی عــارەبەوە رەگەزی ئێرانی بیروڕای سەرفرازی لە خولیادا دەقی بەستووەو پەیوەسـتە لە تەقالیـدا بـوونە، هەتـاوەکو هەر راپەڕینێـک لەلایەن عـارەب و تورکەوە رووی بدابا ئێرانی هاوکاریان بوونە


## - ٦ -
## لەوپەڕی جەیحونەوە

**<u>ئەوبەری ڕووبار</u>**

لەو ڕۆژانەیدا دانیشتووانی شارەکانی ئێران وەک تیسفون، شوشتەر، نەهاوەند، ئستەخر، رەی و شارەکانی دیکەی ئێران چاو لە دوور بە ئومێد، تەنها کەسێک کە پاشماوی دەسەڵاتی خوسرەوانی ساسانی نەبوون، ئەو شا دەربەدەرە پەیوەستە لە تەقەلـلای بەدەست هێنانەوەی تاجی کەیانی بوو، لەلایەن ئاشەوانێکی بێ ناوونیشانی دەڤەری مەروو کوژراو چرای ئومێدی خەڵکی ئێرانی کوژاندەوە، یەزدگرد، بە ئومیدی یارمەتیدانی ئیمبراتوری وڵاتی چین، دیاری گران بەها و نامەی بۆخاقان نووسی.. ئەو بەری ڕووبار دیسانەوە لەسەر ئێران دەژمێردرا، وەک بوخارا و شارەکانی دیکەی ئەو دەڤەرانە، ئەگەرچی تورک زمان بوون، بەڵام لەگەڵ ئێراندا تێکەڵاو بوون و زۆربەیان بە زمانی :دری: دەدوان، دیارە لەو دەڤەرانەیدا ئاییني زەردەشت وەک خوراسان پەیڕەوانی سەرتاسەری نەبووە، وەک

پەرستگاکانی ئایینی بودائی..

سـەمەرقەند، ئەویـش هەر بە شـارێکی ئێرانـی دەژمێـردرا، ئەگەرچی دەم راستانی تورک فەرمانڕەواییان تیا کردووە، بەڵام بە زمـانی "دڕی دواون، شـاری کـش و نەخشـەب، دوو شـاری ناسـراوی دەڤەری سـەغدیەکانە سـەغد بـۆ خـۆی بە یەکێـک لە کـۆنترین ولایـاتی ئێـران ژمێـردراوە، وە لە "ئاوێسـتاو کتێـبەکەی داریـوش"دا دیسـان نـاوی هـاتووە، کە دەڤەری ئێـرانیە — لەو ڕۆژگارە — سەختانەدا سەرتاسـەری شـارەکانی ئێـران کەوتبـوونە ژێر سـمی ئەسـپی عـارەبەوە، شـارەکای ئەوبەری ڕووبـار ئـازادانە دەژیـان، لە سـاڵی ٥٣ کـۆچی خوراسـان لە ژێـر فەرمـانڕەوایی [عوبیدەڵلای کوڕی زیاد]دا بوو، بۆخۆی بوخـارا شـازادە نشـینێک بـوو، میرنشـینەکەی مردبـوو، منـداڵێکی شـیرەخۆرەی لـێ بەجیمـابوو، دایکـی منـداڵەکە میرنشـینەکەی بەڕێـگەوە دەبـرد، "تعنشـاد"ی سـاوا لەژێـر بـاڵی دایکیـدا کە بە خـاتون نـاودەبرا ئیمارەتی بۆ بەڕێوە دەبـرد، لەو کاتانەیـدا سـوپای عـارەب چەنـد جارێـک پەلامـاری ئەو دەڤەرەیـان دابـوو، بەڵام خـاتون لە رووی عەقڵ و لێزانینەوە خەرج و خاوەی بژاردبوو لە تاڵان و وێرانکردن دەڤەرەکەی پاراسـتبوو، عەبـدوڵڵای کـوڕی زیـاد لە جەیحـون گـوزەراو بەهەوای داگیرکردنـی بوخـارا، خـاتون بە لەشـکرەوە بەرێکەوت و شەڕی خوێناوی لە نێوانیاندا روویدا، عارەب هەرچـی باخ و بێسـتان بـوو ریشەکێشـی کـرد، زۆربەی دێکانیـان وێـران و



خەڵکەکەشیان بە دیلی گرتووە.

## خاتون بوخارا

بەدوای عەبدوڵلادا، سەعیدی کوڕی عوسمان بوو بە ئەمیری خوراسان، لەشکرەکەی لە تالانکەرو دزو جەردە و بەندیەکان پیکهاتبوو، بە ئومێدی تالان کردن چەکیان هەڵگرتبوو، بەو لەشکرەوە پەلامارەی سەمەرقەند و بوخارای داو بەشەڕ نەیتوانی بیانگرێت و بەشێوەیەکی نەرم و نیان کەوتە گفت و گۆ کردن لەگەڵ خاتونی بوخارادا، بڕێک دەڵێن، خاتون توانی دلی سەعید بەدەست بهێنێت لەو ڕۆژانەیدا سەعید نەخۆش دەکەوێ و خاتون دەڕوات بۆ سەردانی و لەکیسەیەکی مەخمەڵیدا دوو دەنگ خورما وەدەر دینێ و دەڵێت: ئەم دووانەیەم بۆ خۆم دانابوو، کە نەخۆش بکەوم بیخۆم، ئەمە دەرمانێکی نایابە.. سەعید، کە دەنواڕێ ئەوە خورماکەی لای خۆیانەو گەلێکیشی کۆن بووە، دەنگ ناکات، تا خاتون دەگەڕێتەوە ناوشار، دوو گونیەی خەت سور خورمای بۆ دەنێرێت، گوایە ئەوخاتونە گەڵیک شیرین کەلام و شۆخ و شەنگ بووە، سەعید گرفتاری عیشقی بووەو خەڵکی بوخاراش شیعر و پەند و باڵورەی سەیریان سازاندووە.

**<u>قوتەیبەی کوڕی موسلیم</u>**

نە عەبــدوڵڵای کــوڕی زیــاد، نە ســەعیدی کــوڕی عوســمان نەیانتوانی جگە لە تاڵان و ویرانکردن هیچیتـر بەدەست بهێـنن و ئیسلام لەو دەڤەرەدا بڵاونەکرایەوە، کە قـوتەیبەی بـاهلی، بـووبە فەرمــانڕەوای خوراســان – ٨٦ کــۆچی – ئەمــیش هەروەک حەجاجی فەرمانڕەوای یەکێک بووە لە دڵ رەقترین کەس و بکوژە ناودارەکان، ڕووبارێک خوێنی لە خوارەزم و خارستان و ئەوبەری ڕووبـار هەڵسـتاند و ئەو دەم ڕوویکـردە شـاری بوخـارا و تـوانی بەشــەڕ بوخــاراش بگرێـت و خەراجــی ســاڵانەی دووســەدهەزار درهەمــی بـۆ خەلـیفەو هەزار درهەمیتـر بـۆ ئەمیـری خوراسـانی خستە سەریان و ئایینی ئیسلامیان قەبوڵ کرد و ئاگردانەکانیـان کوژانــدەوەو بتخانەکانیــان روخانــد و لە جێگەیانــدا مزگەوتیــان دروســتکرد، قــوتەیبە یەکێکــی کــردە والــی بوخــارا و بۆخــۆی پەلاماری سەمەرقەندیدا.

**<u>گردنی سەمەرقەند</u>**

قـوتەیبە نەیتـوانی بە ئاسـانی سـەمەرقەند بگرێـت، گەمـارۆی شاری داو شار هەروا لە بەربەرەکانیدا بەردەوام بوو، فەرمانڕەوای سەمەرقەند پەیامی ناردە لای قوتەیبە، گەر تـا سـەد سـاڵیتریش


له گه‌مـــارۆ به‌رده‌وام بێـــت، ئه‌م شـــاره به‌تـــۆ ناگیرێـــت، ئه‌وه‌ی ده‌تـــوانێ ئه‌م شـــاره بگرێـــت نـــاوی "پـــالاَنه" وه تـــۆش نـــاوت قـوته‌یبه‌یه.. عـاره‌ب كه ئه‌وه‌ی بیسـت كه‌وتـنه سـه‌لاَواتدان بـۆ ئه‌وه‌ی نـاوی قـوته‌یبه یـانی جـله حوشـتر، كه‌واته ئه‌م شـاره به ده‌ستی ئـێمه ده‌گیرێـت.. قـوته‌یبه كه‌وته فێـڵ و ده‌خه‌ڵبـازیه‌وه، پیلانێكی كه‌وته بیره‌وه، فه‌رمانی‌دا سه‌د سندوق دروست بـكه‌ن و هه‌ر سنوقێك جه‌نگاوه‌رێكی له‌ناوناو په‌یامی بۆ ئه‌میری شار نـارد كه ئه‌و ده‌ســـتبه‌رداری گرتنـــی شـــار بـــووه‌و ئه‌وه‌ســـا شـــاری ســـه‌مه‌رقه‌ند به‌جـێ دێڵێـت و روو له "جغه‌تایـان" ده‌كـات، به‌لاَم داوام وایه ئه‌م ســـه‌د ســـندوقه‌م به ئامـــانه‌ت بـــۆ هه‌ڵگـــری تـــا ده‌گه‌ڕێمه‌وه، گوایه سندوقه‌كان له‌ناوه‌وه ده‌كرانه‌وه، فه‌رمانڕه‌وایی شـــار گـــوایه داواكه‌ی قه‌بـــوڵ ده‌كـــا و ســـندوقه‌كان ده‌به‌نه نـــاو شـــاره‌وه‌و به شـــه‌و له ســـندوق ده‌رده‌چـــن و ده‌روازه‌ی شـــار ده‌كه‌نه‌وه‌و سـوپای قـوته‌یبه ده‌رژێـنه نـاو شـاره‌وه‌و سـه‌مه‌رقه‌ند ته‌سلیم ده‌بێت [ئه‌م داستانه زۆرتر له خه‌یاڵ و ئه‌فسـانه ده‌چێـت و ره‌نـگه له داسـتانی ئه‌سـپه‌كه‌ی ته‌رواده وه‌رگیرابێـت.و.] به‌لاَم ئه‌وه حاشـا هه‌ڵنه‌گـره قـوته‌یبه به فێـڵ سـه‌مه‌رقه‌ندی گرتـووه و خه‌ڵكـــی ســـه‌مه‌رقه‌ند په‌یمـــانی دوســـتی و بـــاج دانیـــان له‌گه‌ڵ موســـلمانه‌كاندا تۆمـــار كردبـــوو.. قـــوته‌یبه خه‌ڵكـــی شـــاری له‌شـاروه‌ده‌رناو شـه‌ڕ كه‌رانـی خـۆی تیـادا نیشـته‌جێ كـرد، كه عومه‌ری كوڕی عه‌بدولعه‌زیز ده‌بێـته خه‌لـیفه‌ی ئه‌مه‌وی، خه‌ڵكـی

شاری سەمەرقەند شکاتی زوڵم و زۆری قوتەیبەی پێ دەگەیەنن، بەڵام خەلیفەش هیچی پێ نەکراوەو زوڵم و زۆر و تالآن لەوشارەیدا بەردەوام بووەو زۆری نەکیشاوە شار بووبە ویرانە و کاول بووە.. قوتەیبە بەدوای سەمەرقەنددا، شاری "کش و نەخشیش"ی گردوە راستە قوتەیبە بەدەستی خودی عارەبەکان کوژرراوە بەڵام ئەو شارو دەڤەرانەی ویرانی وێران کردووە و بە تەواوی ئەو وڵاتەیان خستوەتە ژێر رکێفی خۆیانەوە، ئەوە حاشا هەڵنەگرە، دەسەڵاتی ئەمەوی توانیویە زۆر بە توندوتیژی ئەو دەڤەرانە داپلۆسێ و ئەوی ململانیە لەناو ببات.

بەڵام کە راپەڕینی ئەبو موسلیم دەستی پێکردووە خەڵکی ئەو دەڤەرانە بەسەروماڵەوە لەگەڵیا بوونە.

<u>ئیسحاق تورک</u>

ئەم ئیسحاقە بە دروستی نەزانراوە چ رەگەزێک بووە، بڕێک دەڵێن گوایە لەبەرەی [زەیدی کوڕی عەلی] بووەو داوای ئیمامەتی کردووە، گوایە ئەم ئیسحاقە، یەکێک بووە لە پەیڕەوانی ئەبوموسلیم، کە کوژراوە پەنای بردۆتە تورکستان و لەوێڕا خەڵکی لەخۆی گلیر کردووتەوەو وتوویەتی: زەردەشت نەمردووە و دووبارە دیتەوە مەیدان.




..........................................................................

**<u>پەیامبەری دەمامکدار</u>**

گەورەترین راپەڕینێک لەدوای کوشتنی ئەبوموسلیم لەوبەری ڕووباردا روویدا، راپەڕینی دەمامکدار بوو، دوای راپەڕینی ئوستادسیس، شۆرشی [موقەنەع] هاتە مەیدانەوە، ئەم شۆرشگێڕە کەم کەس روخساری دیوە و بۆخۆیشی کۆشاوە ژیانی بەرازو ئەفسانە بکەوێتە سەرزمان، سەرچاوە عارەبیەکان لەرووی دەمارگرژیەوە نەیانتوانیوە راستی ئەو کابرایە وەک خۆی بەرچاو بخەن، دەڵێن، لادییەک بووەو لە دێی "مەرواز"دا هاتووەتە دونیاوەو ناوی "هاشمی کوڕی حەکیم" بووە، لە دواییدا کەوتووەتە دوای زانست و کیمیاگەری و تەلیسم و چاو بەستەکی و لەدواییدا داوای پەیامبەری کردووە.. بەڵام لە حەقیقەتدا ئەم کابرایە گەڵێک زیرەک و هۆشیار و لێزان بووە، کۆمەڵیک کیتابی نایابی پێشینانی کۆکردبوویەوەو سەروکاری لەگەڵ جادوو سحر و چاو بەستەدا بووە، ئەوەیان حاشا هەڵنەگرە کەوا ئەم پیاوە لە کارو کردەوەی خۆیدا بێ هاوتاو زیرەک بووە، مانگی "نەخشەب" کە بە یەکێک لە موعجیزەکانی دەژمێردرا بوو بووە جێی سەرسوڕمان و تێڕامان دەڵێن لە دەڤەری – نەخشەب –دا بیرێکی ئاو هەبووە [موقەنەع] توانیویە لەرووی جادووەوە یان موعادەلاتێکی ریازیەو شتێک بەشێوەی مانگ لەو بیرەوە بهێنێتە دەرەوەو دووبارە بیگێڕێتەوە بۆ ناو چاڵاوەکە، ئەم هاشمە لەسەردەمی ئەبوموسلیمدا یەکێک بووە لە سەرهەنگەکانی، بۆیە

لە دەعواکەیدا ئەبوموسلیمی لە پەیامبەر بالآتر لە قەڵەم داوە، ئەوەشی وتووە کەوا رۆحی ئەبوموسلیم هاتووەتە نێو لە شیەوە هەمیشە دەمامکێکی زێڕینی لەسەر روخساری داناوە هاوالآنی وایان بڵاوکردۆتەوە بۆیە دەمامکی داناوە تا نوری روخساری ئازار و ئەزیەت بە بینەرانی نەگەیەنێت، بەڵام دوژمنانی، بە پێچەوانەوە وتوویانە: ئەوە روخساری هێندە ناحەزو شێواوە بۆیە شاردویەتیەوە.. تا رادەیەک دەربارەی رەگەزی مێینە، ئەو بە پێچەوانەوە کراس و عەمامەکەی سپی کردووەتە دروشم، بۆ ماوەی چواردە ساڵ خەلیفەی عارەب نەیتوانیوە لەناوی ببات، لە شەڕەکاندا هاوالآنی ناوی هاشمیان دەبرد و پەلاماریان دەدا، هاوالآنی کاری ناڕەوایان دەکرد، ژن و کچی خەڵکیان داگیر دەکرد، مزگەوتەکانیان دەروخاند پول و پارەو زەڕو زێوێکی یەکجار زۆریان کۆ کردەوە. سەرئەنجام خەلیفە لەشکرێکی گەورەو گرانی پێکهێناو ناردی بۆ دەڤەرەکانی ئەوبەری ڕووبار، وە توانیان دەوری بگرن "موقەنەع" زانی هیچ چارەیەکی بۆ نەماوەتەوە خۆی خستە نیو گڕو بڵێسەی ئاگری تەنورەوە، یەکێک لە ناسراوان گێڕایەتەوە کەوا نەویش یەکێک بووە لەو ژنانەی وا موقەنەع داگیری کردون بۆ [نەنکی] گێڕاویەتەوە ڕۆژێک هەر سێ ژنەکەی کۆ کردەوە منیش یەکیک بووم لەوانە، شەوێک وەک هەمیشە سێ پێک شەرابی ئامادەکرد و وتی، هەمووتان بەیەک ڤڕ بیخۆنەوە، هەموو وایکرد من کردمە سنگ و بەرۆکمدا



هەر هەموویان مردن و منیش خۆم کردە مردو، بەڵام ئەوەم دی کە "موقەنەع" خۆی هاویشتۆتە ناو تەنورەوە رەنگە ئەو داستانە درۆبێت، بەڵام ئەوەیان حاشا هەڵنەگرە کەوا "موقەنەع" خۆی کوشتووە.. مێژوونووسان نەیانتوانیوە بە دروستی سپی پۆشان و بیروڕایان لەیەک بدەنەوە، بڕێک لەریزی زەنادیقەو خورەمیان و شیعە دانراون بەڵام ئەوەش زانراوە پەیڕەوانی ئاییینی "مانی"یش سپی پۆش بوونە.


## - ٧ -
## شاری بەغدا

لەو ڕۆژەوە کــــوفە کـــــرایە پـــــایتەختی عەباســـــییەکان و ئەبووسەفاحی تیادا جێگیر بوو، دیمەشق پـێگەی خـۆی لەدەست داو ڕۆژبەڕۆژ روو لە کزی دەرۆیشت، خەلافەتـی عەباسـی دەست کرد و بە خـوێنی خوراسـانییەکان هـاتە کـایەوە، پـایتەختی ئـاوا دەســەڵاتێک دەروازەکـانی دەبـێ لە نـزیکەوە روو بە خوراســان بکـرێتەوە، دیمەشـق لە دامێنــی دەســەڵاتی رومــدا بــوو، وە لە ولایەتە ئیســلامیەکانەوە بە دوور دژمێــردراو خەڵکــی دیمەشــق هەواداری مەروانیەکـــان و شـــوفێنیەکان بـــوون، بەلای رەگەزی ئێرانیەوە کە دەسەڵاتی عەباسیان هێنـاوەتە سـەرکارو دەسـەڵات، هـیچ کـوێ بە ئەنـدازەی ئێـراق شـیاوتر نەبـووە تـا پـایتەختی عەباســی تیــادا بێــت، هەم لە وڵاتــی عــارەبەوە نــزیکە هەم لە ولایەتەکـانی ئێـرانەوە بە دوور نیـیە، شـاری کـوفە بە هەوارگەی لایەنگرانــی ئیمــامی عەلــی دەناســرا، بەســرەش لەســەر دوور دەژمێردرا سـەفاح شـارێکی تـازەی لە نزیکـی کـوفەدا دروسـتکرد بەنـاوی [هاشـیمە] بەوەش رازی نەبـوو پـایتەختی گـوێزایەوە بـۆ

"ئەنبــار" بەدوای ســەفاحدا، ئەبــو جەعــفەری مەنســووری بــرای جیگەی گـرتەوەو بـوویە خەلـیفە کەوتە بیـری ئەوەوە تـا شـارێک دروســتکاو بیکــاتە پــایتەختی خەلافەتەکەی بــۆ ئەو مەبەســتە ئەنجــومەنیکی لەچاوســاغان و لێزانــان پێکهێنــا تــا لە رووی درایەتەوە جــێگەکەی دەســت نیشــان بــکەن، وە دوای گەڕان و لێکدانەوە بریاریـان لەسـەر جێگـای ئێسـتای بەغـدا داو هـاتنەلای خەلـیفە و یەکێـک لەو چاوسـاغانە نەسـرانی بـووە، بە خەلـیفەی وتووە: ئەی خەلـیفە یەکێـک لە خەسڵەتی ئەم خـێگەیە لەوەدایە کەوتووەتە نێوان دیجلە و فـوراتەوە، وە ئەوی خـۆراک و ئـازوقە هەیە بە ئاســانی لە دیــاربەکرەوە دەگــاتە ئەوشــارە. وە روو بە بەسرە دیسان لە دیمەشقەوە بەهـۆی فـوراتەوە بەنزیـک لە قەڵەم دەدرێ وە کەوتــووەتە نێــوان بەســرە و موســل و لە راســتەوە، لەچیاوە بە دوور نیە، مەنسوور جـێگەی پەسـەند کـردووە، ئیـدی کەوتـنە تەدارەکـی دروسـتکردنی شـاری بەغـدا، مەنسـوور بەردی بنـاغەی دانـا، بریـاریدا شـورەی دەوری بەغـدا لە بـنەوە پەنجـا گەزبێت و لە سەرەوە سێ گەزو سەرای مەنسوور لەناوەنـدا بێـت، کە حیساب کرا چوار ملیون و هەشتسەد و سی و سێ درهەمـی تێدەچی.

## شاری هەزار و یەک شەوە

بەو شێوە شاری بەغدا دروستکراوەو ناونرا "مدينة السلام — شاری ئاشتی —" ناوی بەغدا لەناوی دێیەکەوە وەرگیراوە کە لەوێدا بووە بەغدای ناوبووە ئەو شارە لەنزیک شاری "تیسفون"ی پایتەختی ساسانیەکان بیناکراوە و لەسەردەمی هارون و مەئمونی عەباسیدا گەلێک مەزن و بەربڵاو بووە، بووە بە هەوارگەی هەزاران داستان و بەتایبەت داستانەکانی هەزار و یەک شەوە ئیتر بەغدا رازاوەتەوە بە تەواوی پێویستییەکانی شارسازی و مەرجەکانی ژیان، دەگێڕنەوە کە لەو شارەدا شەست هەزار سەر شۆرگەی تیادا بووە، کۆشکی جۆراوجۆرو گوایە سی و سی هەزار مزگەوتی تیادا بووە [ئەو ژمارانە لەگەڵ نیازەکانی شارسازیدا ناگونجێن، بەندە وەک ئەندازیارێکی میعماری و شارساز ئەوە ناسەڵمێنم —وەرگێر—] دەربارەی هارونەرەشید بووبە سوجدەگای میللەتانی دوورونزیک هەتاوەکو [شارلمان]ی شای فەرەنگ نوێنەری هەناردۆتە بەغداو، بەغداش شاری قوستەنتینیەی بە هاوبەشانی خۆی نەدەزانی و چەند جار لەشکری ئیسلام تا بن شورەی ئەوشارە رۆیشتووە، بەڵام نەیتوانیوە بیگرێت، بەڵام لەوکاتانەدا هیچ شارێک نەیتوانیوە شان لە شانی بەغدا بدات، سەدان و هەزاران کۆشک و سەرای پڕ لە کەنیزو خەساوەکان و شەوانە موزیک و ئاهەنگ و شەونشینی و ڕۆژگاری پڕ لە شانازی کۆشکی خوسرەوانی دەسەڵاتی ساسانی دەهێنایەوە یادو خەیاڵ.




## خەلیفەی بەغدا

ئەو شــارە کە بووبــووە دیــدگاو کــابەی ئامــالی دوورو نزیــک شــارێک کە بە هەوارگەی خەلــیفە دەناســرا لە هەرچــوارلاوە زەڕو زێوی تیا دەباری و خەزێنەی خەلیفە لێوان لێوی دارایی و سامان بــوو.. راســتی ئەو هەمــوو ســامانەی دەبــاریە ســەر خەلــیفە و دەربارەکەیدا لە کوێوە دەهات؟ ئایا خێرو هەناردەی ئاسمانی بوو یا لە ئاکامی رووتاندنەوە و تــالآنی مــیللەتە ژێردەســتەکان بــووە، ئەبووســەفاحی بــرا گەورەی مەنســوور کە مــرد لە چــوار کــراس زیــاتری هــیچ لــێ بەجــی نەمــابوو، بەڵام کە مەنســوور جــێگەی گرتەوە کەوتە رووتاندنەوەی وڵاتان، کە مردووە خەزینەی خەلیفە شەش سەد ملیۆن دیناری تیادا بووە، لە سەرەمەرگدا بە کــوڕەی وتووە: ئەی مەهدی من ئەوەنــدە ســامانم کــۆ کــردووەتەوە ئەگەر دەساڵ خەراجی وڵاتانت پێ نەگات سوپا و وڵاتی تــۆ لە ئەمــن و ئاسایشدایە، بەڵام کە هاروون بووە بە خەلیفە هێندە دەست بــڵاو بووە هێندە بەزم و شەونشین و رابواردنی ئەنجامداوە، کە مردووە خەزینەکەی تەنها نووسەدملیون درهەمی تیــادا مــابووەوە. ئومیــد بە عەدالەت و چاکســــازی لە دڵــــی ئێرانیەکانــــدا درایە دەم رەشەباوە، ئەوەیان لەسەر دەرکرد دەسەڵاتی عەباسـی عەدالەت و مافی گەلان بپارێزێت، هــیچ جیاوازیەکــانی نەدەدی هەمــان بگــرەو بەردەی زەمــانی حەجــاج و هیشــامی ئەمەوی بەردەوام بــوو، لە بوخارادا راپەڕینــی [شــریک کــوڕی شــێخ مهــدی] دەســتی پێکــرد،

ئەوزاتە دەیــوت: ئــێمە ئەم هەمــوو قوربانیانەمــان داو بەنــی ئومەیەمان لابرد، تا خانەدانی پەیامبەر جیگەیان بگرنەوە، کەچی ئــاش هەمــان ئاشــە، خەوارج لێــرە لەوێ یــاخی دەبــوون، یــان راپەڕینی "یوسف ئەلبیرم" کە لەسەر بنەمـای [الأمـر بـالمعروف و النهی عن المنکر] دەجولایەوە، نوێنەران و والیەکان لە زمـانی زۆر و زەوت و چەپاوو تالان زیاتر زمانێکیتریان نەدەزانی، دەوڵەمەند و بازرگانی ولاتانی هەمیشە لەلایەن چاوساغانی خەلیفەی بەغداوە چەپـاو دەکـران، هەزاران و ملیونەهـا خەڵکـی دەڤەرەکـانی تـالان دەکـران، تـا شــەوێک خەلــیفە لەکـاتی مەسـتیدا هەزاران درهەم ببەخشــێتە گــۆرانی بێژێــک بــا شــاعیرێک پــڕ دەمــی دەکــرا لە گەوهەرو موجەوهەرات، گوایە وەزیـر و دەسـت رۆیشـتوانی شـاری بەغـدا وەک بنەمـاڵەی بەرمەکـی و بنەمـاڵەی ســەهل، ئەوانـیش هەمان تەخشان و پەخشانیان کردووە.

## دەوڵەتی عەباسی

لە حەقیقەتــدا دەوڵەتــی عەباســی لەســەر بنەمــای غەدر و خیانەت بونیاد نراوە، ئەو دەسەلاتە بەخـوێن و تەقەلـلای مەوالـی و خوراســانیەکان هاتەکــایەوە، کەچــی شمشــێرەکەیان هەمــان شمشـێری بەنـی ئـومەیە بـووەو دژ بە ئێرانـی بەکاریـان بـردووە، ئەبووسەلمەی خەلال، ئەبوموسلیمی خوراسانی، بەرمەکیەکـانیش




هەرواو بنەماڵەی "سەهل"یش هەر بەو ئاگرە سوتاون..

بڕێک لە مێژوونووسانی عارەب ئەو غەدرانە بە ڕەوا لەقەڵەم دەدەن و دەڵین: ئەگەر وایان نەکردبا دەسەڵاتی عەباسی دەمێک بوو لەناو دەبرا.

## <u>بەرمەکیەکان</u>

لەبنەچەکدا بەرمەکیەکان خەڵکی دەڤەری "بەلخ" بوونەوە باو باپیریان سەرپە سەرپەرشتکاری بتخانەی بودائی ئەو وڵاتە بوونە و تەواوی زەوی و زاری ئەو پەرستگانە لەژێر چاودێری ئەواندا دەسوڕا، هەتاوەکو کە ئایینی ئیسلامیان قەبول کردووە ئەو زەوی و زارانەیان هەر بە دەستەوە ماوەتەوە، پەرستگای "نەوبەهار" بە گەورەترین پەرستگای ئەو دەڤەرانە دەژمێردرا، بەڵام بڕێک بە هەڵە وەک ئاگردانی زەردەشتیەکان لەقەڵەمیان داوە.. دووبارە بەرمەکیەکان لەسەدەی یەکەمی کۆچەریدا ئیسلامیان هێناوەو تا رادەیەک پەیوەندیان لەگەڵ خولەفای ئەومەویدا پتەو بووە، دوای لەناوچونی ئەمەوی [خالدی کوڕی بەرمەک] کە یەکێک بووە لە دەمڕاسانی زەمانی خۆی بووە بە موریدی ئەبوعەباسی سەفاح و کراوەتە وەزیر و لە سەردەمی خەلافەتی ئەبو جەعفەریشدا هەر بە وەزیری ماوەتەوەو کوڕەکانی لە دەرباری عەباسیدا خاوەنی

جـێگەو پـێگەی خۆیـان بـوونە، "یەحیـای کـوڕی خالـد" کە وەک لەلەی هارونەرەشـــید دەناســـرا و وردە وردە زۆربەی کارەکـــان لەلایەن یەحیاوە هەڵدەسوڕا، فەزل و جەعفەری کوڕانی یەحیـا لە دەربـاری خەلـیفەدا هەمەکـارەو خـاوەنی دەسـەڵات بـوونە، ئەو قودرەت و جێگەو پێگەیە بە هیچ نەدەژمێردران وە ئەو دەسەڵاتە بووبـووە هـۆی شـاکامی و حەسـادەتی تەواوی دەرباریەکـان و دەوروبەری خەلـیفە وردە وردە ڕۆژگارێـک هـاتە پێشـەوە، بـووبە هۆی نەگبەت و مـاڵ وێرانـی بنەمـاڵەی بەرمەککیەکـان، لەسـاڵی ١٨٧ کـۆچی، بە فەرمـانی هارونەرەشـید، جەعفەریـان کوشـت و فەزل و یەحیاش خرانە زیندانەوە، ئەوی داراییان هەبـووە تـەواوی دەستی بەسەرداگیراوە، چەپاو کراوە، ئەو لەناوبردنەی بنەمـاڵەی بەرمەکیە لەسەرتاسەری وڵاتـانی ئیسـلامدا دەنگـی خـۆی دایەوەو گەلێـک داسـتانی جۆراوجۆریـان لـی سـازاندووە، لە داسـتانەکانی [هەزار و یەک شـــەوە]دا روخســـارو کـــارو کـــردەوەی جەعـــفەری بەرمەکی خـۆی وەدەرخسـتووە، جەعـفەر وەک مەسـروری جەلاد، هەمیشـــە هاوهەنگـــاوی هـــاروون بـــووە.. وە یەکێـــک لە تـــۆمەتی بەرامـــیکە، زەردەشـــتی بوونیـــانە، ئەوە لە راســـتیەوە بە دوورە، راســـتە باپیرانیـــان بـــودایی بـــوونە، بەڵام دوژمنەکانیـــان لە درۆ و دەلەسە و بوختـان درێغیـان نەکـردووە، دەسـەڵات و دەوڵـەمەنـدی ئەو بنەمـــاڵەیە چـــاوی دوژمنەکانیـــانی کـــویر کردبـــوو، هەتـــاوەکو خەلـیفە ئەگەر پـارە و پـولی پێویسـت بـوایە، دەبـوا لە رێـگەی



.........................................................................................

ئەوانەوە پێی بدرابایە.. ئەو دەسەڵاتە وردە وردە لە دڵی خەلیفە هاروندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندا بووە.. "ئیبنولخەلدون" دەڵێت: هوکاری سەرەکی لەناوچوونی بنەماڵەی بەرمەکی لەوەدایە کە تەواوی کاروباری مەملەکەت لە ریگەی ئەوانەوە دەسوڕاو کەسێکیتر قسەی نەدەرۆیشت.. بەوەوە رازی نەبوون پێشنیاری ئەوەیان کرد لەناوکابەیدا ئاگردانیک بسازێنن [بێگومان ئەمە درۆ و دەلەسەی مێژوونووسە دەمار گرژەکانی عارەبە، تا پاساوی کوشتن و تالانی بنەماڵەی بەرمەکیەکان بکەن — وەرگێڕ]

## تالان و لەناو بردنی بەرمەکییەکان

داستانی لەناوبردنی بەرمەکییەکان، مێژوونووسان و داستاننووسان تێکەڵی ئەفسانە و ڕاز و نیازی دوور لە هەقیقەت کردووە، بەڵام لەوەدا گومان نییە یەکێک لەهۆ گەورە و سەرەکی ئەو کوشتارە و رەشبگیریەی دەوڵەمەندیی و دارایی ئەو بنەماڵە بووە و خەلیفە تەماحی تێکردووە، لەلایەکی ترەوە دەستبڵاوی بەخشەندەگی ئەو بنەماڵەیە بوو، بووە هۆی حەسادەتی خودی خەلیفە و پەیوەستەش دوژمنایەتیان لە بندەستی خەلیفەیدا دژ بەو بنەماڵەیە دەیانخوێندە گوێی خەلیفەدا، هەتاوەکو زوبێدەی ژنی خەلیفەش یەکێک بووە لەوانە، "ئیبنولئەسیر" دەڵێت:

"جەعفەر کۆشکێکی دروستکرد بیست ملیون درهەمی تێچوو دوژمنانی جەعفەر ئەوەیان گەیاندە خەلیفە ئەگەر تەنها کۆشکەکەی ئەوەندەی تێ چووبیت، داخۆ ژیانی ڕۆژانەی دەبێ چی بیت؟

ئیسحاقی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای عەباسی وتویەتی: "ڕۆژێک خەلیفە دەربارەی بەرمەکیەکان لەگەڵ مندا دووا، وتم ئەی ئەمیری موئمنین لەوەی دەچێ شاکامی بەوانە دەبەی ئەوانە دەستکردی خۆتن و تۆ ئەوانەت دروستکردووە، ئەوانە پیاوماقوڵانی خۆتن و هەرچیت بۆی دەتوانی دەر حەقیان بیکەی.." خەلیفە نەرۆیشتە ژێر وتەکانم ئەوە وەدەردەکەوێت، خەلیفە لەمێژدا چاوی بڕیبێتە سامان و دارایی ئەو بنەماڵەیە و تەنها مەبەست لە قەلاچۆ کردنیان، دەست بەسەر ماڵ و موڵکەکەیان بووەو بەس.. بڕێکیتر دەیکێشنە لای داستانێکی عیشقی نیوان جەعفەرو عەباسەی خوشکی هاروندا، گوایە خەلیفە عەباسە و جەعفەری هەردوو زۆر خۆشویستوون، هەردووکیان لە بەزمی هاروندا بەشدارییان کردووە، بۆ ئەوەی شەرعیەت بپارێزێت لەرووی شەرعەوە، عەباسەی لە جەعفەر مارەبڕیوە، بە مەرجێک هیچ جۆرە پەیوەندییەکی جنسییان پێکەوە نەبێت مەیلی ناو پێخەفیان لە مەرجەکەی خەلیفە بەهێزتر بووە، خەلیفە دەڕواتە ناو بەغداوەو لەو تێکەڵاویە کوڕێکیان بووە و ناردوویانە بۆ شاری مەککە، بەدوای ئەوەدا کوڕێکیتریان بووە، گوایە


یەکێک لە کوێلە کەنیزەکانی عەباسە ئەو رازەی گەیاندووەتە خەلیفە، وەکاتێک خەلیفە رۆیشتووە بۆ حەج، هەردوو منداڵەکەی کوشتووە و کە گەڕاوەتەوە بەرمەکیانی قەلاچۆ کردووە.. "ئیبنولخەلدوون" لەم رووەوە دەڵێت: "ئەو داستانە هیچی بەسەر هیچەوە نییە و داستاننووسەکان دروستیان کردووە.." عەباسەی ناوبراو سێ جاران شووی کردووە وە هەرسێ مێردەکەی لەپێش خۆیدا مردون.. ئەبونەواسی شاعیر، لەو رووەوە وتوویەتی: "ئەمینی خەلیفەی رقی لە هەرکەسی بوایە، عەباسەی پوری لێ مارە دەکرد.

**<u>مەیموونەکەی زوبیدە</u>**

دەڵێن هاروونەرەشید مەیموونێکی کردووەتە والی، سێ خزمەتکار هەمیشە دەست بەسینە لە بەرانبەریدا راوەستابوون، شمشێر و جلوبەرگی ئاوریشمیان لەبەر کردووە، گوایە ئەو مەیموونە چەند کچی بەژن کردووە، ئەو مەیمونە هی زوبیدەی ژنی خەلیفە بووە، ئەمیرە بەغیرەتەکان لەو کارە یەکجار دڵگران بوو بوون، یەکێک لەوانە بەناوی، یەزیدی کوڕی مەزیدی شەیبانی" بووە مەیمونی ناوبراو دەکوژێت و شاعیران بەیت و بالۆرەی زۆریان بەو مەیموونەدا هەڵداوە...

**بەرمەکییەکان و عەلەوییەکان**

ئەمیرەکانی عەباسی کە ولایەتێکیان پێ دەسپێردرا زۆرو زوڵمیان دەگەیشتە ئاسمان ماڵ و حالی خەڵکیان بەهی خۆ دەزانی، خەڵکی دەڤەری دەیلەم، دژ بە زوڵمی والی خەلیفە یەحیای عەبدوڵلای حەسەنییان کردە پێشەوای خۆیان و ئالای شۆرشیان بەرزکردەوە، ئەگەرچی دووبرای لەو رێگەیەیدا کوژرا بوون [محەمەد نەفسی زەکیە و ئیبراهیم قەتیل]، یەحیا ترساو رۆیشت بۆ تەبەرستان، بەلام هەر خەڵکەکە دەست بەرداری نەبوون لە دەوری کۆبوونەوە، خەلیفە، فەزلی کوڕی یەحیای ناردە بەرانبەری، یەحیا، ئەمان نامەی ویست و بەدەست و خەتی خودی خەلیفە، نامەی ئەمانی بۆ نووسی، وە یەحیا هات بۆ بەغداو، سەرەتا خەلیفە رێزی لێگرت و لەدواییدا خستیە زیندانەوە و سەرئەنجام فەرمانی کوشتنیدا. ئەوی حەقیقەتە، برێک لە دارایی بەرمەکیان لەرووی زوڵم و زۆرەوە کۆ کرابووەوە، کاتێک محەمەدی کوڕی یەحیای بەرمەکی دەکرێتە والی تەبەرستان، بەزۆر موڵکی دەهاقانەکانیان بە نرخێکی کەم دەکڕی و داگیردەکرد، لە هەرکوێ کوڕو کچە جوانکیلەیەکیان بدیبا، دەبوا بەدەستیان بهێنابا...



## <u>عەلی کوڕی عیسا</u>

بێگومان خودی خەلیفە ئاگاداری تەواوی ئەو زوڵـم و زۆرانەوە هەبـووەو بەشـی خەلـیفەش نیـردراوە بـۆ بەغـدا، فەزلـی کـوری یەحیای بەرمەکی، والی خوراسان بـووە، خەلـیفە لەسـەر کـار لای دەبا و عەلی کوڕی عیسای ماهان، دەکاتە والی خوراسان.. عەلی بەزەبـری شمشـیر و زینـدان و ئەشـکەنجە کەوتە رووتانـدنەوەی خەڵکـی، خەڵـکەکە کەوتـنە شـکایەت، بەڵام خەلـیفە سـوێندی خوارد هەر کەسـێک سـکاڵا لە عەلـی بکـات دەینێـرمە بەردەسـتی خودی عەلی. عەلی بووبە خواندگاری خوراسان و ئەودیو ڕووبـار، گورگان، رەی، جبال، تەبەرسـتان، کرمـان، سـوپاهان، خـوارەزم، نیمروز و سیستان.


عەلـی، ئـاگری لەسـەر پشـتی خەڵکـی دەکـردەوە، کەوتە کۆکردنەوەی دیاری بـۆ خەلـیفە، زەواری دیـاری خەلـیفە گەیشـتە دەوروبەری بەغـداو، خەلـیفە زۆر بەو دیارییـانە شـادمان بـوو، بڕیـاردرا خەڵکـی بەغـدا بێـنە شـەقام، تەماشـای ئەو دیاریـانە بـکەن.. هەزار کـوێلەی تـورک، هەریەکە لەوانە بـوخچەیەک هەوریشم بەدەستەوە بوو، هەزار کوێلەکەنیزی جـوانکیلە و نـازدار هەریەکە لەوانە کراسـێکی بەزێـڕ چنراویـان لەبەردابـووە، سـەد غولامی هیندی، سەد کەنیزی هیندی، پێـنج نیـرە فیـل، دووسـەد ئەسپی رەسەن، بیست شاهین، بیست هەڵۆی راو، هەزار حوشتر،

دووسەد زین و بەرگی بەساتان چنراو، پێنج سەد هەزار پارچەی بلور، سێسەد هەزار دانەمرواری، دووسەد دانە چینی قیمەتی، دووهەزار پارچەی چینی جۆراوجۆر، دووسەد مافوری چنراو، .. ئەو دیاریانە گەیشتنە بەرچاوی خەلیفە، نەقارەخانەی خەلیفە و دهۆڵ ژەنەکانی کەوتنە سەڵاوات و بەزم و بالۆرە وتن، هارونەرەشید، رووی کردە یەحیای بەرمەکی وتی:

"لە سەردەمی والیگەری کورەکەتدا ئەمانە لەکوێ بوون؟ یەحیا لە وەڵامی خەلیفەدا وتی: "ئەوانە لامالی خاوەنەکانیاندا بوون" ..ئەو وەڵامە رەقە، رووی خەلیفەی هێندەیتر ترش کرد.. خۆ هەر ئەو "عەلی"یە نەبوو کە چەپاوی خەڵکی کردبووە پیشە، تا خەزینەی خەلیفە پڕ بیت.. خەلیفە بەوەوە رانەدەوەستا جارەوبار هەرچی دارایی والیەکان هەیە داگیری دەکرد و بریکیانیشی دەکوشت..

## حەمزەی کوڕی ئازەرەک

کە حەمزە دژ بەو زوڵم و زۆرە راپەڕینی دەست پێکرد، مەزلوومان هاتنە دەنگیەوە و شەڕو ململان و دلاوەری شۆرشگێڕان برێک سەرچاوە باسی لێدەکەن، گوایە ئەو حەمزەیە لەنەوەی [زوین تەهماسوب] بووە، هەتاوەکو برێک لە خەوارجیش



هاوشمشێر بوونە بیروڕای خەوارج وابـووە کە مەرج نیـیە خەلـیفە هەر دەبـێ لە رەگەزی عـارەب یـان قورەیشـی بێـت، لەسـەردەمی عەلی کوڕی عیسادا لە سیستاندا شۆرش دەستی پێکردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی ناڕازی لێ گلێربووەتەوە شەڕی خوێناوی لەنێوانـدا روویداوە، شارەکان زۆر جار دەست بەدەست کـراون، بـێ مەبـاداو بێ رەحمانە لایەنگرانی یەکتریان کوشتووە.

ئەوی والی خوراسان دەیکرد عەلی کـوڕی عیسـا و کوڕەکـانی خەڵکی تەنها سەری بۆ مابوویەوە. بە ناچاری نامەی بـۆ خەلـیفە نووسی، خەلیفە بەناچاری خۆی گەیاندە خوراسـان، عەلـی کـوڕی عیسـای لە والێتـی خوراسـان لابـرد، نـامەی ئەمـانی بـۆ حەمـزە نووسـی، بەڵام حەمـزە لە وەڵامـی خەلـیفەدا ئەنـدازە نـاڕەزایی خەڵکـی وەدەرخسـت دژ بە والییەکـانی خوراسـان و تیایـدا وتوویەتی: من چاوم لە موڵک و دارایی نییە، تەنها دژ بە زوڵـم و زۆری فراوان و تاڵان دەستمان داوەتە چەک..

## لە دەرو دەروازەی خەلیفەدا

دەهاقانەکان، ناودارانی ئێران بە هیچ جۆرێک رابووردوی پڕ لە شـانازی وڵاتەکەیـان لەبیـر نەکردبـوو، بەڵام لەبەر ئارەزوکانیـان هەزاران هاوڵاتی خۆیان کـردوەتە قوربـانی شـەڕی نێـوان دووبـرا،

"ئەمین و مەئمون" یان بە هەل زانیوە لەو شەڕەیدا بەشداریان کردووە، تا بە ئامانجەکانیان بگەن

## بنەماڵەی سەهل

کوشتنی ئەمین بەدەستی تاهیری زولیەمینەین، هەستی باڵادەستی عارەب لەبار برد، دەسەڵاتی سەهل و براکەی لە دەرباری مەئموندا گەیشتنە پلە و پایەی بەرز و بڵند، عارەب ئەو دەسەڵاتەی بە حەقی خۆی دەزانی و نەیدەتوانی بە چاوانی ببینێت، مەوالی هەمەکارەی وڵات بێت دیسانەوە کەوتنەوە پیلان و درۆو دەلەسە کە چۆن کابرایەکی نوێ موسڵمانی زەردەشتی فەرمانڕەوای وڵات بێت، لەسەر داوای فەزل مەئموون، تاهیری کوڕی حوسەین فاتحی بەغدا بکوژی ئەمینی برای خەلیفە کە فەرمانڕەوای ئێراق بۆ مەئموون لیی سەندەوە و دای بە [حەسەن کوڕی سەهل] ئەو گۆڕانکارییەی بوو بە هۆی ئاڵۆزیی زۆرتر، لە بەغدادا بووبە دەنگۆ بڵاوکرایەوە کە فەزل مەئموونی بەلاوە خستووە دەستبەسەری کردووە، عەباسییەکانی ناو بەغدا زۆرتر خرۆشاند، بنەماڵەی سەهل پەیڕەوی تەشەیوع بوون، ترسی زۆرتری خستە دڵی عەباسییەکانەوە، لە خودی سەهل بیستراوە: ئەگەر تەمەن مەودا بدات گەلێک زۆرتر لە ئەبوموسلیم ئەنجام دەدەم.


## شۆرشی گشتگیر

خەڵکــی ئێــراق لە فەرمــانڕەوایی حەســەن نــیگەران بــوون، دەســـەڵاتی عـــارەب قەت ئەوەنـــدە لە کـــزی و بێدەســـەڵاتیدا نەبینرابوو، دەڵـین: عـارەبێکی خەڵکـی شـام بە خەلـیفە دەڵێـت: ئەی ئەمیـر چـۆن دەنـوارێتە ئێرانیەکانـدا هەروا سـەیری ئـێمەش بــکەن.. فەزل بە رەگەز لە بنەمــالەی خوســرەوان بــوو، ئەوەش زۆرتــر نیگەرانــی دروســت کردبــوو، لە بەغدایــدا ڕۆژانە شــۆرش دەبینــرا، مەئمــوون بەوەی ئەدەزانـــی، ئیمـــارەتی حەســـەنیان دەبێزاندو فەزل بۆی دادەپۆشی:

## گەڕانەوە بۆ بەغدا

سەرئەنجام مەئموون وشیار بووەوە هەستی بە مەترسـی کـرد، بەتایبەت دوای ئەوەی عەلـی رەزای وەلـی عەهـدی پێـی راگەیانـد ئەگەر فریـای خـۆت نەکەوی کـار لە کـار تـرازاوە و وەزیـرەکەت فەزلی زولرەئاسـەتین ئەوەی راسـتیە لە تـۆی شـاردۆتەوەو... کە چۆن حەسەنی برای سەرتاسەری ئێراقی لە خوێنا نـوقم کـردووە، زۆری نەکێشاوە، فەزلـی وەزیـر لە گەرمـاوی شـاری "سـەرخس"دا دەکوژرێـــت و بکوژەکـــانی ددان بەوەدا دەنـــێن کە فەرمـــانی مەئموونیـــان جێبەجـــێ کـــردووەو، بەدوای ئەوەدا عەلـــی رەزای

وەلیعەهــدی خەلــیفەش بە بۆلێــک ترێــی ژەهــراوی دەکوژرێــت، حەسەنی برای سەهل شـێت دەبـێ و زنجیـری دەکەن.. مەئمـوون کۆشــا دووبــارە دڵــی عــارەبە تۆراوەکــان بەدەســت بهێنێــتەوە، خوراسان نیوە ئازاد بـوو بـوو، مەئمـوون دووبـارە تـاهیری کـوڕی حوسـەینی بـۆ خوراسـان نـاردەوە، تـوانی دەسـەڵات بەدەسـتەوە بگرێت، لە دواییدا لە ڕۆژی جومعەیدا ناوی خەلـیفەی بەلاوە نـاو بــانگی ســەربەخۆیی بەرزکــردەوە، بەڵام زۆری نەکێشــا و لەنــاو جــێگەدا مــرد، بەڵام خەلــیفە ناچــار بــوو کوڕەکــانی تــاهر لە خوراســاندا بهێڵێــتەوە، دوای دوو ســەدە ئێرانییەکــان توانییــان دەوڵەتێکی تازە پێکبهێنن.




- ٨ -

# بانگی سەرفرازی

## سەرفرازی ئێران

بە کـوژرانی ئەمـین و بە خەلیفەبـوونی مەئمـوون هەیـبەت و بگرەو بەردەی عارەب لە دەڤەرەکانی ناو ئێرانـدا هەیبەتـی شـکاو ترۆکـرا و خەڵکـی دادوەری ئێـران بریـاریدا ئیتـر مـاوەو مەودای دەست درێژی تالأن کەرانی عـارەب نەدەن مـاڵ و منـداڵی ئێرانـی لەجیاتی خەراج و خاوە بدەن لەبـری، تـا ببـنە هـۆی بەدیهێنـانی بەزم و شەهوەت رانانی خولەفای عارەب و دەستپاکانی، هەتـاوی ئازادی لە ئاسۆی چیاکـانەوە رۆشـنایی وەدەرکەوتبـوو. ئەوە بـوو شۆرشی قارەمانانەی مازیـار، بـابەکی خـورەمدینی ئـازادی خـوازو یارانی شۆرشگیری، ئەگەرچـی بـۆتە قوربـانی بـانگەوازی ئـازادی، بەڵام گرێکیـان هەڵگیرسـاند بە تەواوی قـودرەت و دەسـەڵاتی عەباسـییەوە نەیـانتوانی لەفکـر و زکـری رەگەزە ئێرانیەکانـدا بکوژێننەوە، بەدوای ئەواندا دەسـەڵاتی تاهیریـان و سـەفارییەکان

پەرچەمی ئازادیان بەرزکردەوە گەڕانەوەی مەئموون بۆ شاری بەغدا، هەلی باشتری بۆ ئازادیخوازانی ئێرانی رەخساند، میللەتی ئێران گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە ناسراوانی دەهاقانان پەرچەمدارانی ئایینی توانای سەرکەوتنیان نیەو هەر سات مومکینە بکەونە داوی سازشکاری یان داوی هەڵەی توانای تەماحەوە، بۆیە راپەڕینەکانی سنباد، ئوستاد سیسی موقەنەع، بەو شێوانە لەناوچون، بەڵام جارەوبار لەرووی نائومێدییەوە نەیاندەتوانی دەست بەرداریان بین.. لە تەبەرستاندا خەڵکەکەی حەزیان دەکرد کوێر ببن.. بەڵام عارەب نەبینن.. لەساڵی ١٨٠ کۆچی، خەڵکەکە کەوتنە راپەڕینەوە چاوساغانیان هاتنە مەیدانەوە، وەک وندان هورمزد و سوپەهیود شروین، موسمونان وەلا، لەیەک ڕۆژدا تێکرای خەڵکەکە پەلاماری ئەوەی عارەب بوو دایان و سەرتاسەریان کوشتن و تالآن کرد، نەک تەنها عارەبەکان هەتاوەکو ئەوانەی بووبوون بە موسڵمان حیسابی عارەبیان بۆ کردن، هەتا وەکو ئەو ژنانەی مێردیان بە عارەب کردبوو ریشی مێردەکانیان دەگرت و لە ماڵ دەریانیان دەکرد و دەیاندان بە دەست شۆرشگێڕانەوە، لە دواییشدا خەلیفە و دەسەڵاتی خەلیفە نەیانتوانی تۆڵەیان بکەنەوە، زۆری بەسەردا نەگوزەرا بوو [یەزیدی کوڕی موهب الله] لە گورگاندا سوێندی خواردبوو دەبێ بە خوێنی ئێرانی ئاش بگێڕێ و گەنم بکاتە نان و بیخوا، هەرواشی کرد!



## خوڕەم دینەکان


له ئازەربایجاندا شێوەکه جۆڕێکی دیکه بوو، لەمێژدا جاویدانی کوڕی سەهل و بابەک ئایینی خورەم دینیان تاز کردبوویەوە، ئەو ئایینە وه نەبێت تەنها دژی ئایینی خەلیفە عارەبەکان بووبێت، بووبووە بەڵگەیەک بەدەست بنەماڵە کۆنەکانی ئێرانی، تا ئایینی زەردەشت تازە بکەنەوە، ئایینی خورەمی بە پاشماوەی ئایینی مزدەک دەژمێردرا و له ولایەتەکانی گورگان، دەیلەمان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، هەمەدان، دینەوەر، ڕەی و ئەسفەهان لایەنگیری خورمیەکان بوون، زۆربەیان بە هەوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ساسانیەکانەوە خەویان دەدی، بڕێکیتر نۆکەر سفەتیان هەڵبژاردبو بوبونە خزمەتکاری خەلیفەی بەغدا، وەک ئەفشین، کە بە تەواوی قودرەتەوە کەوتە دژایەتی بابەک..

لەسەردەمی خەلافەتی مەهدی عەباسیدا خورەمیەکان ئاڵای ئازادیان بەرز کرەوەو داوای خوێنی ئەبو موسلیمیان دەکرد و بڕیاری لابردنی حەڵالی و حەرامیان بانگەواز کرد و ژنانیان له پەیوەند داریدا ئازاد کرد.

**داستانی جۆراوجۆر**

پرسیارێکە دەبێ بیکەین: خورەمیەکان تا چ ئەندازە بە ئایینی مەزدەکەوە پەیوەندیان هەبووە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا سەرچاوەکان جیاوازن و رەنگە نەتوانین وەڵامی راستەقینەمان دەست بکەوێت، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەو سەرچاوانە تێکڕا بێلایەن نەبوونە و دەمارگرژی ئایینی رەگەزایەتی لە نووسینەکانیاندا ئاشکرایە.. موقەدەسی، دەربارەی خورەمیان دەڵێت: پاریزیان لە کوشتن کردووە، مەگەر یەکێک دوژمنایەتیانی کردبێت، گەلێک گرنگیان بە پاکی و خاوێنی داوە، لەگەڵ خەڵکیدا بە نەرم و نیانی دەدوان، دەربارەی تێکەڵاوی ژنان، بە مەرجی رەزایەتی خودی ئافرەتان بووە... "ئیبنولنەدیم" دەڵێت: خورەمیەکان پەیڕەوی ئایینی مەزدەک بوونە، مەزدەک بە یارانی خۆی وتووە: ئازادن، هەر چێژ و لەزەتێک حەز لێ بکەن، بیکەن، لە خواردنەوە و خواردندا خۆتان مەحرووم مەکەن، پابەندی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بن، دژ بە دیکتاتوریەت بجەنگن، ژنان و خێزانەکان با هاوبەش بن، ئەوانە کەسیان نەدەکوشت، ئازاری خەڵکیان نەدەدا دەربارەی "بابک" دەڵێت: بابەک، توانی لە ناویاندا رەواج بداتە شەڕ و تالان و ململان. بابەکی پەیڕەوی ژیانی پڕ لە ئاسایش بوونە...

خواجە نیزامولمولک، لە کتێبی سیاسەتنامەدا، دوژمنانە



دەربارییـــــــان دواوە و دەڵێـــــــت: ئەوانە لە رەنـــــج و دەرد و مەحرومیەتەوە بە دوورن، حەج و نوێژ و زەکات و دوورکەوتـن لە شــەراب و ژنــی خەڵکیــان حەلاڵ کــردووە، "بەلعەمــی" دەڵێــت: گەنجــان و نەخوێنــدەواران و هەژار و مەحرومەکــان بــوو بــوونە پەیـڕەوی ئەو ئـایینە، تـا لە حەج و نـوێژ و لەشپیسـی و تەواوی شەریعەتی ئیسلامەوە بە دووربن، بۆیە بە ئاسانی لە بـابەک گلێـر بوونەوە..


"ئیبنولئەسیر" دەڵێت: ئەوانە پەڵـێکن لە ئـایینی مەجـووس و هاوپێخەفی دایک و خوشک و کچی خۆیـان لا ئاسـایی بـووە. وە باوەڕیـان بە ئـایینی تەناسـووخ – دۆنـاودۆن – هەبـووە، سـەیر لەوەدایە لەدوای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە هەر مەزهەب و ئایینێک هاتبێت تەواوی ئەوانە باوەڕیان بە بیـروڕای "تناسـووخ" هەبـووە، پەیڕەوانــی بــابەک، لایــان وابــووە کە رۆحــی چــووەتە کەولــی مــوقەنەعەوە، یــان لایەنگرانــی جاویــدان لایــان وابــووە، رۆحــی رۆیشتوەتە کەولی بابکەوە، دیارە بیروڕای دوناودون بووەتە هـۆی بەردەوامــی شــۆرش و راپەڕیــن و ســەرئەنجام ئومێــد ئومێــدی ئازادی.

<u>**بابەک**</u>

**بـابەک کـێ بـوو؟ ئەوانەی دەربـارەی ئەویـان نووسـیوە، لە دوژمنایەتیەوە بەدوور نەبوون، بـۆیە ئـێمەش رەنـگە نەتـوانین بە شێوەیەکی دروست لە بابەک بدوێین.. مێژوونووسانی ئیسـلام بـێ رەحمـانە دەربارەیـان نووسـیوە، بەڵام ئەوە حاشـا هەڵنەگـرە، بـابەک لەنـاو میللەتەکەیـدا لایەنگیرانـی زۆری هەبـووەو باوەڕپـان پێی بووە، بە تـایبەت خەڵـکە زۆرەکە، ئەو ئەفسـانەی دەربـارەی وتوویانە لەبیـری ئەوانـدا بـووە بە واقیعـیەت و بە پێچەوانەشـەوە دوژمنـانی بـابەک و بیـروڕای بـابەکی زۆر نـاحەزانە داسـتانی نەشیاویان بۆ خولقاندووە..**



**یەشتا بە تەواوی ددان بە رەگەزی بابەکدا نەنراوە [دینەوەری]**



له کتێبــــی [اخبـــار الـ×ـــوال]دا، هێنـــاویەتی کە کـــچەزای "ئەبوموسـلیم"ە. دانەری کتـاوی [الفهرسـت] دەڵێـت: بـاوکی کابرایەکی رۆنفرۆشی خەڵکی مەداین بووە، بەڵام گوێزایەتەوە بۆ دەڤەری ئازەربایجان، لە دێیەکدا نیشتەجێ بووە، بەنـاوی "بـیلال ئاباد"، وە ناوی مرادس بووە لە "الفهرست"دا، لە بەشـی بابەکـدا دەڵێت: دایکی بابەک چاوێکی نەبووە و بە حەرامی لەگەڵ بـاوکی بابەکدا ماوەتەوە.

## داستانە دەست هەڵبەستەکان


دەربارەی منداڵی بابەک زۆر وتـراوە، لە نووسـراوێکدا دەڵێـت: ڕۆژێک دایکی بابەک بە دوایدا دەگەڕێ، لەو دەشـت و دەرەدا، کە گاوان بـووە. لە ژێـر درەختێکدا دەیدۆزێتەوە، دەبینـێ بەرووتـی نووسـتووە، دەبینـی لەبنـی هەر مویەکیـدا خـوێن دەچکێـت، کە بابەک لە خەو هەڵدەسـتێت هـیچ خـوێنێکی پێـوە نابینرێـت، زۆر ناکێشـێت نـاوی بـابەک دەکەوێـتە سـەر زمانـان، ئەم خـۆرە داستانانە، بۆ ئەوە بووە کەسێکی شۆرشگێری وەک بـابەک، وەک دێوێـک، درنـدەیەک، جانەوەرێـک بە خەڵـک بناسـرێت. [بێگومـان شورش یـانی ململانـێ، بەربەرەکـی، پەلامـار، کوشـت و کوشـتار، ئیـدی هەروابـووە، هەمیشـە قەڵەمـی مێژوونووسـان زۆرتـر لەگەڵ سەرکەوتوەکاندا بووە، بۆیە مێـژووی نووسـراو تەواوی حەقیقەتـی

مێژوو نییە. وەرگێڕ]

مەســـعوودی دەڵێـــت: [لە مـــاوەی بیســـت و دوو ســـاڵی شۆرشـەکەی بـابەک زۆرتـر لە پێـنج سـەد هەزار کەس کـوژراون، بڕێکیتــر دەڵــێن، یەک ملیــون کەس کــوژراوە، "نیزامەلمولــک" نووسیویەتی، جەلادێک لە جەلادەکانی بـابەک گیـراوە وتـوویەتی: تەنها من سی و شـەش هەزار موسـڵمانم کوشـتووە.." لەم جـۆرە داستانانە دام و دەزگای خەلیفەی بەغدا بە هەمـوو توانـایەکیەوە بڵاویـان دەکـردەوە، بـۆ رسـواکردنی بـابەک بەڵام ئەوەش حاشـا هەڵنەگرە، لایەنگرانی بابەک لەناو چینی هەژاراندا، هەروەها لەناو خەڵکی کوردستاندا یەکجار زۆر بووە.

## راپەڕینی بابەک

بابەک لەساڵی ٢٠٠ کۆچی بە نـاوی ئـاینی خورەمـدینەکانەوە وە پەرەسەندنی شۆرشەکەی جاویـدانی مەزدەکـی ئـاڵای شۆرشـی بەرزکـــردۆتەوە، لەو کاتانەیـــدا خەلـــیفە مەئمـــوون گرفتـــاری ناڕەزایەتیەکـانی ئەمـلاو ئەولا بـوو، نەیـدەپەرژایە سـەر بـابەک و جـولانەوەکەی، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسـەند و چەنـدین جـاریش چەکـدارانی خەلـیفەی راونـابوو، بەتـایبەت لەنـاو چیاکانـدا. بەو شـێوە بـابەک بیسـت سـاڵ لەشـەڕی خەلـیفە مەئمـوون و



موعتەسـەمی عەباسـیەوە بـوو، لە سـاڵی ٢٢٠ کۆچی موعتەسـەم خدری کوڕی کاوس، کە بۆ خۆی میرزادەیەکی ئەشروسـنە بـووە، بەناوی ئەفشین دەناسرا، ناردیە شەڕی بابکەوە، ئەم ئەفشینە تـا سـەر ئیسـک دوژمنـی رەگەزی عـارەب بـووە، بەڵام بەشـێوەیەک کاری دەکرد بۆی گرنگ نەبووە هەزاران ئێرانی بە کوشت بدات لە پێناوی مەبەستی خۆیدا، وە ئەوانەی لە خەلیفەوە نزیک بـوون بە تومەتی مەجووسیەتەوە تۆمەتباریـان دەکـرد، وابـاوە کە ئەفشـین دۆسـت و هـاوڕێی بـابەک و مازیـار بـووەو بە پەنهـانی پێوەنـدی لەگەڵیانـدا هەبـووە، لە دواییـدا کە "مازیـار" دەسـتگیر کـراوە، وتـوویەتی: مـن و بـابەک و ئەفشـین پەیمانمـان لەگەڵ یەکـدا بەسـتووە تـا دەوڵەتـی ئێـران لەدەسـت عـارەب رزگـار بکەیـن و بیدەینەوە دەستی بنەماڵەی خوسرەوانەوە.


**<u>ئەفشین و مازیار</u>**

راسـتە راپەڕینـەکەی بـابەک راپەڕینێکـی سـەد لەسـەد ئێرانـی بـووە، بەڵام ئەفشـین بەوشـێوە ململانـیە رازی نەبـووەو بەتەمـای کـارێکی لەوە گەورەتـر بـووە، لەوانە گوزەشـتە بـابەک پەیـڕەوی ئایینی مەزدەکی بـووەو ئەفشـین و مازیـار زەردەشـتی بـوونە، وە زۆرتـریش تەنهـا فکریـان لەخۆیـان کـردۆتەوە، ئێـران و ئێرانـی بوونیان کردبووەتە دەستەگیرە و پردو بەسەریا گـوزەراون مازیـار

مـامەی خـۆی کوشـت، کە ئەویـش بە دوژمنـی عـارەب دەناسـرا، ئەفشـین بـۆ مەبەسـتی خـۆی رێگـای لەنـاوبردنی بـابەکی خسـتە بەردەسـتی خەلـیفە تـا دەسـەڵات لە تاهیریەکـان وەرگرێـت و جێگەیـان بگـرێتەوە، دەگێـڕنەوە سـنباد کە راونـرا پەنـای بـردە تەبەرسـتان، ئسـپەهبودی تەبەرسـتان کە بۆخـۆی بە دوژمنـی عارەب دەناسرا، سنبادی کوشت و ئەوی دارایـی هەبـوو هەمـووی داگیرکرد .

## تورکەکانی بەغدا

ململانێی نێوان [تورک و عارەب و ئێرانی] لە دەرباری خەلـیفە موعتەسـەمەدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتـر دەبـوو وە سـەردارەکانی دەسـتەڵاتی خەلـیفە بەدوای فرسـەتدا دەگەڕان، بـۆیەکتری لەنـاو بردن، دەرباری خەلـیفە بووبـووە هەوارگەی پـیلان و داو نـانەوەو ساختەکاری، خەلیفە بۆخـۆی ئاگـاداری ئەو شـەڕە قـۆچەی بـوو، جارجـاریش پەرەی بەو هەرایە دەدا، لەسـەردەمی موعتەسـەمدا هێـزی چەکـدارانی تـورک لە پەرەسـەندندا بـووە، خەلـیفە، تورکەکـانی بەهێـز دەکـرد، تـا بتـوانن بەرانـبەر هێـزی خوراسـان بوەستن، ساڵانە هەزاران کوێلەی تورک لێرەو لەوێ کۆدەکرانەوەو رادەهێنـران وەک سـەرە رمیـک بەدەسـت خەلـیفەوە بـوونە، عارەبەکـان لەو تورکـانە گەڵێـک نـاڕازی و بە سـوک تەماشـایان



دەکـردن، ئێرانیەکـان و فەرهەنگـی ئێرانـی هێنـدە بایەخیـان بەو تورکـانە نەدەدا، بەڵام عارەبەکـان زەبـوونی دەسـتی تورکەکـان بووبوون، تـا وای لێهـات خەڵکـی بەغـدا کۆبـوونەوەو نوێنەرانیـان رۆیشـتنە لای موعتەسـەم کە ئیتـر نـاتوانن لەوەی زیـاتر بەرگەی رەفتاری تورکە چەکدارەکان نـاگرن و خۆیـان بە کوشـت دەدەن، موعتەسەم بریاری دا شاری "سورِەمەن رەئا" — سـامەرای ئێسـتا — دروسـت بکـات، ئەو سـوپا تـورکەی بنێـرێتە ئەوێ، دەسـت درێـژی فەرمانـدە تورکەکـان گەیشـتە رادەیەک بە ڕۆژی رۆشـن دەسـتی ژنێکـی چـادر بەسـەریان دەگـرت ە بەزۆر دەیـانبرد، موعتەسوم گەڵێک هەواداری ئەو تورکـانە بـوو، زۆریـش پابەنـدی بیروڕای دایکی دەکرد کە لە رەگەزی تورکان بوو..

<u>**ململانێی نێو میرەکان**</u>

ئەو فەرمانـدانە پەیوەسـتە دەکۆشـان دڵ و بیـری موعتەسـەم بەدەست بهێـنن، روداوەکـانیش ئەو هەلەی بـۆ دەرەخسـاندن، تـا خۆیـان دەرخەن لەمـاوەی بیسـت سـاڵی شۆرشـەکەی "بـابەک"دا شەش فەرمانـدەی بەناوبـانگی خەلـیفەی بەغـدا لەلایەن بـابەکەوە راونرابـوون خەلـیفە دەسـتی لە بـابەک شـۆردبوو، بەڵام تەنهـا ئومێـدێک بـۆ خەلـیفە مـابویەوە، ئەفشین بـوو.. کاتێـک خەلـیفە پێپێشـنیاری پەلامـاری بـابەکی پێکـرد ئەفشـین بـێ یەک و دوو

قەبوڵی کرد، بەڵام ئەوەی دەزانی ئەگەر فێل و داو بەکار نەبا بەرەنگاری بابەک کارێکی ئاسان نیە..

## دەربارەی بابەک و ئەفشین

ئەفشین دەڵێت: ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ بابەکدا هەمبووە تەواوی ئەوانە داونانەوەیەک بووە، تا بابەک بە دەست بهێنم، بەڵام کە خەلیفە ویستی ئەفشین لەناو ببات یەکێک لە تومەتەکانی پەیوەندی بابەک بووە، ئەفشین لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا دۆستایەتی لەگەڵ شەیتانیشدا دەکرد.. بابەک توانی پەیوەندی لەگەڵ دەرباری بیزەنتەدا ببەستێت و هانیان بدات تا پەلاماری خەلیفەی بەغدا بدەن وە خورەمیەکان لە وڵاتی بیزانتدا رێزیان لێ دەگیرا، لە ساڵی ٢١٨ کۆچی، مەئموون لەشکرێکی گەورەی سازکرد و بەرێ کەوت، لەگەڵ بیزەنتدا بەشەر بێت، لە دەڤەری "تەرسوس"دا مردووە.

## شەرەکانی بابەک

شەڕی نێوان بابەک و ئەفشین درێژای کێشاوە بابەک لەناو چیای بەرز و بڵندی ئازەربایجاندا ئامادەی شەڕ بووە، سێ ساڵی

کێشاوە موعتەسەم ئەوەی ئەفشین ویستبووی بۆی کردووە والیێتی ئازەربایجان و ئەرمەنستانی پێداوە.. ئەفشین جگە لە شەڕ ویستویەتی فێڵیش بەکار ببات. محەمەدی کوڕی بەئیس، یەکێک بووە لە فەرماندەکانی خەلیفە و لەگەڵ بابەکدا پەیمانی ئاشتی هەبووە، بەڵام کە ئەفشین هاتووە ئەویش پەلاماری بابەکی داوە، ئەو شەڕانەی ئەفشین لەگەڵ بابەکدا کردوونی بەفێڵ و حیلە دەستی پێکردووە، بە فێلیشی تەواو بووە.


## <u>شەڕو فێڵ</u>

جێگە و شوێنی بابەک شورەیەکی سروشتی دەوری دابوو، حەوت مانگ شەڕی لەگەڵ ئەفشیندا نەکرد، ئەفشین کەوتە تەقەللاوە، نامەی بۆ موعتەسەم نووسی و داوای یارمەتی و پارەی کرد، موعتەسەم، سەد حوشتر درهەمی بۆ نارد لەگەڵ سێسەد کوێلەدا، سێ ڕۆژە ریگا مابوو بگاتە ئەفشین، ئەفشین نامەی بۆ فەرماندەی زەوارەکە نووسی کە یەک مانگ لەوێڕا بمێنێتەوەو بڵاوی کەرەوە کە ئەو پارەو پولە فڵانە ڕۆژە دەگەیەنمە لای ئەفشین، تا جاسوسەکانی بابەک ئەو هەواڵە بگەیەننە بابەک، تا لە شورەی خۆی بێتە دەرەوەو پەلاماری تۆ بدات.. هەروا کرا، سەر قافلە پارەکانی لە جێگەیەکدا شاردەوەو لە ڕۆژی وتراودا کەوتە ڕێ بۆلای ئەفشین.. بابەک بە پێنج هەزار

سـوارەوە لە بێشـەکەی هـاتەدەرێ تـا ئەو کـاروانە چەپـاو بکـا، فێڵەکەی ئەفشین سەری نەگرت و بابەک بە برێـک دەسـتکەوتەوە گەڕایەوە مەکۆکەی خۆی، دوای ئەو ڕووداوانە چەند وردە شەڕێک لەنێوان هەردوولادا روویدابو و پەناگای بابەک پـتەو و قـایم بـوو، بەڵام سەرما و یەخبەندان و بەستەڵەک ئازاری دەدان و تاموليـان دەکـرد، بە پـێچەوانەوە لەشـکری ئەفشـین بەرگەی ئەو سـەرما سەختەيان نەدەگرت، دووساڵ درێژايی کێشا، سەرئەنجام ئەفشين بڕياریدا پەلاماری مەکـۆی بـابەک بـدات، دەوری مەکـۆی بـابەکی داو نامەی بۆ نووسی کەخۆی رادەستی بکات يـا شـەڕی شـەوانەو بگرەو بەردە و شـەبەيخون ڕۆژانە بەردەوام بـووە، ڕۆژێـک بـابەک هـاتە سـەر ديـوار وتـی: بـا ئەفشـين بێـت قسـەی لەگەڵ دەکەم، ئەفشين هـاتە بـن ديـوار بـابەک وتـی: مـن کـوڕە گەورەکەم وەک بارمتە لەلاتان دادەنێم، بڕۆ بەخشينم لە خەليفەوە بـۆ وەرگـرە... لەشکری ئەفشين لە ديوار دوور کەوتنەوە، کە شەو داهات بـابەک لەگەڵ پەنجا کەسدا بەرەو ئەرمەنستان بۆی دەرچوو..

**<u>بەديل گرتنی بابەک</u>**

بـابەک گەيشـتە ئەرمەنسـتان هەواڵ گەيشـتە سـەهلی کـوڕی سنباد ئەميـری ئەرمەنسـتان لەمێژدا ئەفشـين نـامەی بـۆ تەواوی ئەميرەکـانی ئازەربايجـان، ئـاران، بەلقـان، ئەرمەنسـتان نووسـی



بـوو.. کەوا یـارمەتی بـابەک نەدەن، سـەهل ڕۆیشـت بـۆ دیـداری بابەک و میوانداری لە بابەک کرد، بە پەنهانی نامەی بۆ ئەفشـین نووسـی، کەوا بـابەک میـوانی ئەوە. لەگەڵ ئەفشـیندا بڕیاریـاندا لەکاتی ڕاوکردندا بۆسەیەک بنێتەوە تا بـابەک بەدیلـی بگـرن، کە بابەک زانی کەوتووەتە داوەوە، بە سەهلی وت: تۆ منت بەهەرزان فرۆشت، پول و زەڕت دەویست زۆرترم پێت دەدا.. "بەو شێوە بە فێڵ و غەدرو نامەردی ئەفشین، بابەکی بە دیلی گـرت و شـورەی بـابەک وێـران کـرا، بەڵام شـۆرش و ڕاپەڕینـی لەدوای کوشـتنی بابەکیش هەر بەردەوام بووە.. ئەفشـین بەدیلـی بـابەکی گەیانـدە سـامەرای خەلـیفە، شـاری بەغـدا باوەڕیـان نەدەکـرد کەوا قارەمانێکی وەک بابەک بەدیلی بگیرێت.

<u>**ئاکامی بابەک**</u>


بۆ سبەینێ موعتەسەم دانیشـت و خەڵکێش ریزیـان بەسـتبوو بۆ تەماشای بـابەک، کە بەسـەر فێڵـێکەوە زنجیرکـراوە، هێنایـانە بەر دەرگای خەلیفە ئەمیرولموئمنین، فەرمانیدا تا دەست و پـای بـابەک ببـڕنەوە، کە دەسـتیان بـڕی بەو دەسـتەکەی رووخسـاری خۆی خوێنین کرد، موعتەسەم پرسی بۆ وادەکەی؟

وتی: تاکو تۆ ڕەنگـی زەردی مـن نەبینـی.. لەشـی بـێ ڕۆحـی

پەل پەلکراوی بابەکک لەدەروازەی شاری بەغدادا هەڵواسرا..

**ئەفشین**

زۆرکەس کۆشاوە ئەفشین وەک قارەمانێکی نەتەوایەتی ئێرانی لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئەو خیانەتـانەیدەربـارەی بـابەک و مازیـار ئەنجامـداوە شایسـتەی ئەو نازنـاوەی نـیە، بەڵام ئەوەیـان حاشـا هەڵنەگرە ئەفشین شازادەیەکی ئێرانی بووە و ویسـتویەتی پـێگەو جـێگەی بەرزو بڵنـدی خـۆی و بـاپیرانی بەدەسـت بهێنێـتەوە، وە لەو رێگەیەدا هەر کەسێکی لە پێشدا بووبێت لەناوی بـردووەو بـێ رەحمـانە بـۆی کۆشـاوە، ئەوەش راسـتە لە نـاخی دڵیـدا دوژمنـی بـاوە کوشـتەی عـارەب و ئاییـنەکەیـان بـووە، بەڵام خزمەتکـاری خەلـیفە و دام و دەزگـای خەلـیفەی کـردووە. عـارەبی خـۆش نەویستووە، بەڵام بۆ رەزایەتی عارەب کـاری ناشایسـتەی ئەنجـام دەدا لەبەر خاتری ئەوان پیوی ورچـی دەخـوارد، سـواری حوشـتر دەبوو، نەعلی لەپێ دەکرد، دوژمنـی خێڵـی تاهیریەکـانی لە دڵـدا بـوو، چـونکە بە تەمـای والێتـی خوراسـان بـوو، دۆسـتایەتی ئەو لەگەڵ مازیاردا لەبەر دوژمنایەتی تاهیریەکان بووە..




............................................................................

## ئەشروسنە

ولاٚتێک بوو باوباپیرانی ئەفشین لەوێدا فەرمانڕەواییان دەکرد لە ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاواوە کەوتبووە نێوان فەرغانەو سەمەرقەندەوە، ئەو ولاٚتە پڕ لە ئاو و کانیاوی زۆرو کانی جۆراوجۆر بووە، وتراوە لەوێدا چوارسەد قەلاٚی تیادا بووە [یەعقووبی] دەلێت: "دوای فەتحی ڕۆژهەلاٚت عارەبی موزری و یەمانی لە سەرتاسەری خوراساندا نیشتەجێ بوونە، جگە لە ئەشروسنە کە خەلکی ئەو ولاٚتە بەوەی رازی نەبوونە، لەو ولاٚتەدا چەندین شاری گەورەی تیادا بووە وەک: پەنجیکیت، سامان، وەرامین، دارک و خەرقانە.. شاری پەنجیکیت جێگەی فەرمانڕەوایی بووە، ئایینی ئەو دەڤەرە "ئەسمەنی" بووە یا "مانەوی" وە وەک عارەبی پێش ئیسلام بتیان دروست دەکرد و دەیانپەرەست، بەلاٚم بەلگە بە دەستەوەیە شازادەکانی ئەشروسنە پەیڕەوی ئایینی بودائی بووە، ئەو ولاٚتە تا لەناو چوونی ئەمەویەکان هەروەک خۆیان مانەتەوەو عارەبیان پێ نەگەیشتووە "بەلازەری" دەلێت: نەسری کوڕی سەیار پەلاماری ئەشروسنەیدا بەلاٚم سەرنەکەوت، تا سەردەمی مەئموون عەباسیەکانیش نەگەیشتبوونە ئەو ولاٚتە.. کە مەئموون بوو بە خەلیفە کەوتە غەزای سند، فەرمانڕەوایی ئەشروسنە "کاوس" نامەی بۆ فەزلی زولرئاسەتەین نووسی داوای ئاشتی و دۆستایەتی تیا کردووە، وە ئامادەی خەراج دان بووبوو، فەزل پێشنیارەکەی قەبووڵ کردووە

کە مەئموون گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، کـاوس نەڕۆیشـتە ژێـر خەراج دان، یەکێک لە خزمانی خەینەریش بووە بەناوی [تەرادیس] کچـی خۆی داوە بە کوڕێکی کاوس بە نـاوی فەزل لەبەر ئەوەی گەلێـک بەلای "کـاوس"ەوە رێـزدار بـووە، پەیوەسـتە دژ بە کـوڕەکەی دیکەی [خیبر] خراپەی دەوت و ستایشی لە زاواکەی دەکـرد، ئەو مامەلە بووبە هۆی کینەی زۆر لەدڵی خیبـری کـوڕی کاوسـدا، کە بە ئەفشـین دەناسـرا، سـەرئەنجام ئەفشـین تەرادیسـی کوشـت و پەنای بردە لای هاشم محوەرئەلختلی، وە دوای چەند مانگ داوای لە هاشم کرد تا نامەیەک بۆ باوکی بنووسێت و لێی خـۆش بێـت، خیبر روانی وڵاتی ئەشروسنە پـڕ بـووە لە ئاشـوفتەگی، کۆشـا بە فێـڵ و تەڵەکە دەسـەڵات لە بـاوکی وەرگرێـت، ئـایینی ئیسـلامی قەبول کرد و خۆی گەیانـدە بەغـداو کەوتە هانـدانی مەئمـوون بـۆ دونیایی باوک و براو وڵاتەکەی فرۆشتە دوژمـن.. رێـگەی نزیـک و بـێ دەردەسـەری نیشـانی خەلـیفە داو مەئمـوون لەشـکرێکی گەورەوگرانـی بە فەرمانـدەیی ئەحـمەدی کـوڕی خالـد ئەحـوەل، خسـتە تەک بەرەو ئەشروسـنە، وە کـاوس ئەوەی نەدەزانـی ئەفشـین رێگـای نزیکـی بە خەلـیفە نیشـانداوە، نەگەیشـتە کۆکردنەوەی لەشکرو سوپاوە کاتێکی زانی هێزی عـارەب دەورەی شورەی شاریان داوە، کاوس بە ناچاری ئیسلامی هێنـاوە سـەری تەعزیمی دانەواندەوە.



<u>**له خزمەتی خەلیفەدا**</u>

کــاوس له بەغــدا گەیشــته خزمەتــی خەلــیفەو، خەلــیفەش گەڕاندیەوە سەر ئیمارەتەکەی و "ئەفشین"یش بە وەلیعەهـدی ئەو بەو شێوە ئەفشین وڵات و کەس و کاری فرۆشته عارەب و کەوته قــایم و قــوول کردنــی پــێگەی خــۆی بەلای خەلـیفەوە، زۆرتــر بە مەبەســتی بەدەســت هێنــانی فەرمــانڕەوایی خوراســان و ئەودیــو ڕووبــار، بــۆ ئەو مەبەســته له هــیچ خزمەتکــاریەک بــۆ خەلــیفە و دەستگای عارەب دریغی نەدەکرد، ئەفشـین ئەو نـۆکەر سفەتیەی کـردە پردیـک تــا بگــاته ئامانجەکــانی، ئەویــش وەک عارەبەکــان کەوته غەزاکردن


<u>**خوراسانی ئەو دەمە**</u>

خوراسان و سیستان لەژێردەستی تاهیریەکاندا دەچەرخـا، ئەم بنەماڵەیە له خزمەتی خەلیفەدا درێغیان نەدەکرد، وە هەروەها بۆ بەدەسـت هێنـانی لایەنگـری ئێرانیەکـان هەسـتی ئێرانـی بوونیـان وەدەردەخست و ئومێدی سەربەخۆییان بەخەڵکی دەداو دەکۆشان دەســەڵاتەکەیان ئیرســیکی بنەمــاڵەیی بەدەســتیانەوە بمێنێــتەوە، تاهیریەکـــان دژ بە خەوارج له سیســـتاندا پەیوەســـته له شـــەڕدا بـــوون، چاوســـاغانی تاهیریەکـــان زوڵـــم و زۆرێکـــی بەربڵاویـــان له

خەڵکی دەکرد. سەرئەنجام توانیان خەوارج لە سیستاندا بنبڕ بکەن بەڵام دوای وێرانکردنی لە ساڵی ٢٢٠ کۆچی، قاتوقڕی لە سیستاندا بڵاوبووەوە، زۆرتر لە ئاکامی دۆشینی ئەو خەڵکە قاتوقڕی بڵاوبوویەوە، بەڵام خەزێنەی تاهیرییەکان پەیوەستە پڕ لە زێڕ و زێو بووە، بۆیە ئەفشین چاوی تەماعی بڕیبووە والێتیی خوراسان.

## ململانێ لەگەڵ تاهیرییەکاندا

کاتێک ئەفشین بە شەڕی بابەکەوە خەریک بوو، ڕووداوێک روویدا، ناکۆکی ئەو دووکەسە ئاشکرا بوو گوایە، ئەفشین هەر دەستکەوتێکی بەدەست کەوتبایە بۆ ئەشروسنە دەینارد، ئەو زەوارە هەر دەبوا لە خوراسانەوە بگوزەرێت و بەناو دەستەڵاتی عەبدوڵڵای تاهیریاندا بڕوات.. عەبدوڵڵا ئەو هەواڵەی گەیاندە موعتەسەم، خەلیفەش بۆی نووسی لیستی ئەو دەستکەوتانەی بۆ بنێرێت، عەبدوڵڵا توانی هەناردەکانی ئەفشین بگرێت و ئەو ڕووداو دوژمنایەتیەکی ئاشکرا کرد لە نێوان عەبدوڵڵا و ئەفشیندا، بەڵام بەدیل گرتنی بابەک لەلایەن ئەفشینەوە پێگەی ئەفشینی بەلای خەلیفەوە بەرز و بڵند کردو خەڵکانێکی نارده پێشوازی ئەفشینەوەو خەڵاتێکی یەکجار زۆر بە ئەفشین درا، بریاریدا کچی ئەشناس فەرماندەری لەشکری تورکەکان لە کوڕی ئەفشین مارە



بکرێت و شاعیرانی دەرباری خەلیفە کەوتنە ستایشی ئەفشین و لێزانی ئەفشین.. ئەلبەتە ئەو هەموو رێز و نوازشەی خەلیفە بوو بە هۆی کولانی دڵی دوژمنانی ئەفشین، بەتایبەت بەرەی عەبدوڵلا تاهیری...

## گومانی خەلیفە

دوژمنانی ئەفشین زۆریان بە گوێی خەلیفەدا خوێندبوو، کە ئەفشین نەک دڵسوزت بێت، لە ناخ و دڵیدا دوژمنێکی سەختی خەلیفەیە، خەلیفەش ویستی تاقی بکاتەوە بە ئەفشینی وت: چی دەڵێیت ئێمە دەست بەرداری شەڕی بابەک بین و لێی گەڕێین، یا بەردەوام بین لە شەریدا؟


ئەفشین لە وەڵامدا وتوویەتی: ئەی خەلیفە کابرایەکی وا کافر کە دەستی لە خوێنی هەزاران موسڵماندایە لەرووی کام شەریعەتەوە وازی لی دێنی ئەو موستەحەقی کوشتنە..

ئیدی موعتەسەم، لەوە دڵنیابوو کە ئەو هەواڵە درۆیە.. بەڵام شەڕی بابەک بۆ ئەفشین بوو بووە پردی سەرکەوتن بۆیە سێ ساڵ چاوەڕوانی کرد.. ئەفشین ئەوی بەلایەوە پیرۆز و خۆشەویست بوو کردیە قوربانی، تا خەلیفە باوەڕی پێ بکاو ئەوی دەیەوێ بەدەستی بهێنێت، وە لە مەبەستەکەیەوە کە

لەناوبردنی عەبدوڵڵای تاهیری بوو گەڵی بوو بوویەوە، ڕاپەڕینی مازیار ئەو ئومێدەی خستە دڵیەوە کە بتوانێ بە سەریا زاڵ بێت

**مازیار**

ڕاپەڕینی مازیار و ئەندێشەی زیندوو کردنەوەی ئایینی کۆنی ئێرانی خەڵکانێکی لە دەور کۆ کردەوە، زوڵم و زۆری چاوساغانی خەلیفە میللەتەکەی رووتاندبوویەوە، مازیار لە بنەماڵەیەکی ناسروای تەبەرستان بوو، کە باوکی [قارن] مرد مامەی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و مازیار رووی لەلای خەلیفە کرد، مەئموونی خەلیفە ریزی لێگرت و ناوی محەمەدی لێناو کردیە والی تەبەرستان و خەلیفە نامەی نووسی تا مامی دەست لە دەسەڵات هەڵگرێ و بیداتە مازیار، مامی بەو فەرمانە گەڵێک ئاشوفتە و ئالۆز بوو بەڵام وای نیشان نەداو لەشار هاتە دەرەوە، گوایە هاتووە بۆ پێشوازی مازیار، یەکێک لە یارانی باوکی مازیار لەنیازی مامەی هوشیار کردەوە، وە مازیار مامی بردە لاوە تا راوێژی لەگەڵدا بکاو بێ یەک و دوو کوشتی و بە زاهیر خۆی بە دڵسۆزی خەلیفە نیشان دەدا، بەڵام لەدڵیدا بەرنامەی ئازادی دەپەروەراند و باجی تەبرستانیشی دەنارده لای والی خوراسان، کە عەبدوڵڵا تاهیریان بوو..






## **مازیار و تاهیریان**

ورده ورده نێوان مازیار و والی خوراسان تاهیرییەکان گەیشتە قۆناغی ناکۆکی، مازیار خەراجی دەدا، بەڵام نەشیاوی قەبول نەدەکرد، بریاریدا ئیدی خاوەو خەراج بۆ والی خوراسان نەنێرێت و وتی، بۆ خەلیفەی دەنێرم، وە مازیار خەراجی دەنارد لای نوێنەری خەلیفەو ئەویش دەینارد بۆ عەبدوڵڵای تاهیریان، چەند ساڵێک بەو شێوە گوزەراو دوژمنایەتی نێوان ئەو دووانەش پەرەی دەسەند.. ئەفشین لەو ناکۆکیە دەیویست سوود وەرگرێت، خەلیفە لە عەبدوڵڵا ناڕازی بوو، بەڵام زاتی ئەوەی نەبوو بەلایەوە نێت، ئەفشین لە خەلیفەی دەبیست هەر دەبێ عەبدوڵڵا لە خوراساندا نەهێلێتەوە، دیارە ئەو ناحەزییەش لەسەردەمی مەئموونەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو..

## **یاری ئەفشین**

ئەفشین دەیزانی خەلیفە عەبدوڵڵای خۆش ناوێت، دەیزانی ناکۆکی ئەو و مازیار دەگاتە شەڕ، وە ئەوەی بە هەلزانی تا بگاتە والێتی خوراسان. وە پەیوەستە مازیاری هان دەدا تا لە عەبدوڵڵا یاخی بێت و لای وابووە کەوا عەبدوڵڵا توانای لەناوبردنی مازیاری تیادا نابێت، ئەو دەم خەلیفە ئەو هەڵدەبژێرێ بۆ لەناوبردنی، وە

مازیار ئاڵای یاخیبوونی بەرزکردەوە و خەڵکی هان دەدا تا ماڵ و حاڵی داگیرکەران تاڵان بکەن، کوهیاری برای مازیار، خیانەتی لە مازیار کرد و نامەردانە خستیە داوی عارەبەکانەوە.. لەناو یارانی مازیاردا پەیرەوی ئایینە جۆراوجۆرەکانی زۆر تیادا بووە، وەک: زەردەشتی، مانەویە، مەزدەکی، هەتاوەکو بودائی.. شورشی مازیار پڕ بووە لە بیروڕای تێکەڵ، ئایینی، نەژادی، وە هەستی دەوڵەتداری.. مازیار لە ساڵی ٢٢٤ کۆچی راپەڕینی دەست پێ کردووە، مزگەوتەکانیان وێران کردووە، خەلیفە فەرمانی بە عەبدوڵڵا دا، تا پەلاماری مازیار بدات.. عەبدوڵڵا، حەسەنی کوڕی حوسەینی مامی بە سوپاوە ناردە سەری و لە بەغداشەوە لەشکریکی دیکە بە فەرماندەی محەمەدی کوڕی ئیبراهیم مەسعەب هاتن بۆ لەناوبردنی مازیار.. ئومێدی ئەفشین لە درێژاخایانی ئەو شەڕەیدا بوو، بەڵام زۆری نەکێشا مازیار برایەکی بوو بەناوی کوهیار، ئێرەیی بە مازیار دەبرد، کاتیک سوپای خوراسان گەیشتە بەرەوە کوهیار نامەیکی بۆ حەسەنی فەرماندە نووسی، کەوا ئامادەیە مازیاری بە دەست بەسراوی تەسلیم بکا.. بەو شێوە پیلانی دارشت، کە حەسەن لە جێگەیەکدا لەبۆسەدا بێ، تا مازیاری دەخاتە بەردەست، لەولاشەوە بە مازیاری وت، حەسەن دەیەوێ لەگەڵتا رێک بکەوێت و نیازی راوێژی هەیە و لە فلانە جێگەدابە، مازیار رۆیشتە ئەو جێگەیە، هەواڵی گەیاندە حەسەن کەوا مازیار لەفلانە جێگەدایە، حەسەن دەورەی ئەو



شوێنەیدا مازیار ویستی خۆی دەرباز بکات، کوهیار بەر هەلستی لێکرد و مازیار دەستگیراکرا و بە دیلی بۆ سامەرا برا.. لە رێگەدا مازیار پەیوەندی خۆی و هاندانی ئەفشینی درکاند و وتی: من و ئەفشین زەمانێکە پەیمانمان بەستووە کە دەوڵەتی عارەب لەناو ببەین و شاهانی ساسانی بگێڕینەوە سەر دەسەڵات وە دوینی نامەی ئەفشینم پێ گەیشت تیادا نووسی بوو خەریکم میوانی بۆ موعتەسەم و کوڕەکانی دەدەم تا لەناویان ببەم.. لەراستیدا گرتنی مازیار گەورەترین زیانی بە ئەفشین گەیاندووە و بەڵگەی زۆریش کەوتە دەست عەبدوڵڵای دوژمنی سەرسەختی ئەفشین، لەولاشەوە دەرباریەکان عارەبەوە دەسەڵاتدارەکانی نزیک خەلیفەوە، لە دوژمنایەتی ئەفشیندا بەردەوام بوون.

**دوژمنانی ئەفشین**

دەرباری موعتەسەم پڕ بوو لە پیلان و ململانی گرووپە جۆراجۆرەکان، محەمەدی کوڕی عەبدولمەلیک زیات و ئەحمەدی کوڕی داودقازی هەر یەکە دەکۆشا پێگەی خۆی بەهێزتر بکات، سەرکردە تورکەکان وەک ئەشناوە بەغا لەلایەکەوە، ئەبی دەلەف عجلی، فەرماندەی عارەب لەولاوە، وە ئەفشین لەناویاندا زۆرتر شاکامی پێدەبرا.. ئەبو دەلەف فەرماندەرێکی ئازاو بەخشندەی عارەب بۆ ئەفشین کینەی ئەبودەلەفی لەدڵدا بوو داوای لە

موعتەســەم کـرد کە ئەبـو دەلەف بخـاتە بەردەسـتی تـا ئەوەی دەیەوێ پێــی بکــا، ســەرئەنجام موعتەســەم ئەبــو دەلەفــی دا بەدەسـتی ئەفشـینەوە تـا بیکوژێـت.. ئەحـمەد کـوڕی ئەبـو داود کەوتە تەقەلـلای رزگـارکردنی ئەبـودەلەفەوە، ئەحـمەدو بڕێـک لە یـارانی دەڕۆن بـۆ مـاڵی ئەفشـین، ئەحـمەد دەنـواڕێ سـفرەی کوشــتنی ئەبــودەلەف راخــراوەو چــاوی بەســتراوە، ئەفشــین دانیشـتووە دەنـواڕێتە زەلالەتـی ئەبـو دەلەفـدا، ئەحـمەد داوا لە ئەفشین دەکات تا ئەبو دەلەف پێ ببەخشێت، ئەفشـین بە تـوڕە بــوونەوە دەڵێــت: ئەوە مەحــاڵە، موعتەســەم ئەوی بەمــن داوە ئەحمەد سەرو شـانی ئەفشـین مـاچ دەکـات، بەڵام ئەفشـین پێـی دەڵێــت، هەزار جــار زەویــش مــاچ بکەیــت، مــن ئەبــوو دەلەف ســەردەبڕم لەمێــژدا ئەحــمەد مــوافەقەتی ئــازادی ئەبــو دەلەفــی وەرگرتبـوو، ئەحـمەد روو لە ئەفشـین دەکـاو دەڵێـت: کەواتە تـۆ ناتوانیـت ئەبـو دەلەف بکـوژی، مـن فەرمـانی ئـازادیم لە خەلـیفە وەرگرتــووە.. بەو شــێوە ئەبــو دەلەف رزگــار دەکــاو نــامەردی ئەفشــین بــۆ خەلــیفە دەگێــڕێتەوەو داوا دەکــات ئەم ئەفشــینە سنووری بۆ دابنرێت، وە لەسـەر قسـەی ئەحـمەد خەلـیفە سـوپا دەکاتە دوو بەشەوە، بڕێکی بە سەرداری ئەفشین، ئەو بەشـەکەی بە فەرماندەی باشناس.. ئەو کارە بووبە هـۆی نـارەزایی ئەفشـین و هەستی بە مەترسی کردن.. ئەحمەدی کوڕی ئەبوواعدو عـارەبە دەسـت رۆیشـتوەکان کەوتـنە ئەوەی هەرچـۆنیەک بـووە ئەفشـین

لەناو ببەن. لەو کەین و بەینەدا ڕووداوی مەنکجورو مازیاریش هاتە نێوانەوە، بوو بە هۆی بەدگومانی زۆری خەلیفە دژ بە ئەفشین.. مەنکجور یاخی بوو، ئەم مەنکجورە یەکێکە لە باوەڕپێکراوەکانی ئەفشین و لەوێڕا چەندین شاری لەژێر دەستدا بووە، خەلیفە داوا لە ئەفشین دەکات مەنکجور لەسەر کار لاببات، ئەفشین لەشکرێک بە فەرماندەی [ئەبوساج دیوداد] کە باوەڕپێکراوی خۆی بووە دەنێرێت، گوایە بۆ لابردنی مەنکجور، بەڵام لەراستیدا بۆ یارمەتی مەنکجور بوو، ئەو هەواڵە گەیشتە خەلیفە و فەرمانیدا کە سەرداری تورک بغا بە لەشکرێکی زۆرەوە ناردە سەر مەنکجور، وە شەڕ روویدا لەنێواندا مەنکجور راونرا و خۆی گەیاندە یەکێک لە قەڵاکانی بابەک، بەڵام برادەرانی بە قۆڵ بەستراوی تەسلیمی بەغا کراو لە هەردوو ڕووداوەکەدا [مازیار و مەنکجور] پەنجەی تومەت بۆ ئەفشین دریژ دەکەن.

**<u>لەناوچوونی ئەفشین</u>**


یەشتا مازیار نەگەیشتبووە سامەڕا، ئەفشین لە زیندان ئاخینرا، ڕووداوەکان دژ بە ئارەزووەکانی ئەفشین ڕوویدا، تەواوی دەوروبەری خەلیفە دوژمنی بابەکوشتەی ئەفشین بوون. ئەفشین کۆشا بۆی دەرچێت و خۆی بگەیەنێتە وڵاتی خۆی، ئەوەشی بۆ نەکرا، کەوتە بیری ژەهرچێژکردنی موعتەسەمەوە، ئەو کارەشی

بـۆ نەکـرا و موعتەسـەم بەوەی زانـی وە یەکێـک لە لایەنگرانـی ئەفشـین بە خەلـیفەی سـەلماند کە ئەفشـین لەتەدارەکـی ژەهرچێژکردنی خەلیفەدایە..

## دادگایی ئەفشین

دادگـایەک پێکهێنـرا لە مـحەمەدی کـوڕی عەبـدولمەلیک زیـاتی وەزیر و ئەحمەدی کوڕی ئەبـو داود قـازیلقوزات و چەنـد کەسـێک لە پیاو ماقولانی دەرباری خەلیفە.. تومەتی ئەفشین، خیـانەت بە خەلـیفە نەبـوو، بەڵکـی بە تـومەتی بە درۆ بە ئیسـلام بـوونی و پەیرەوی کردنی ئایینی باو بـاپیرانی، ئەوە بە تـومەتی سـەرەکی دادگـایی کردنـی ئەفشـین دەژمێـردرا وە بڕێـک لە هـاوالآنی ئەفشـینیان هێنـابوو بـۆ شـایەتیدان یەکێـک لەوانە مازیـار و ئەویتریش مەرزەبای کوڕی تەرکەش، کە بۆ خۆی بە ئەمیرزادەی سەغد دەناسرا.. سەرەتا دوو کەسی ڕووت و رەجاڵیان هێنـا و لە ئەفشینیان پرسی، ئەم دوو کەسە دەناسێت؟

وتـی: بەڵـێ دەیانناسـم.. ئەم دووانە لە مزگەوتـی دێکەیانـدا بانگیـان دەدا، مـن بریـارم دا هەر یەکـی لەوانە هەزار قـامچی لـێ بدرێت، چونکە بتخانەیان ڕووخاند و مزگەوتیان دروسـت کـرد، لە کاتێکدا لەوێڕا تەواوی ئایینەکان ئازاد بووە.



- باشه، ئەو کیتابە وا بە زێر نووسراوە و بەرگی زێڕینی بۆ دروستکراوە چی تیادایە؟

- ئەو کتێبە، لەباو و باپیرمەوە بۆم ماوەتەوە، تیایدا وتەی پڕ لە حیکمەتی زانایانی عەجەمی تیادایە، وە من زۆر سوودم لەو زانیاریانە وەرگرتووە..

- لە ماڵەکەتدا، کتێبی کلیلە و دەمنە و کتاوی مەزدەکی تیادا بوو..

- با.. ئیدی ئەو کتاوانە ناتوانن من لە ئاییني ئیسلام هەڵگەڕێنێتەوە.

موبەدێکیان هێنابوو بۆ شایەتی، لە دادگا وتی: "ئەفشێن جانەوەری مردارەوە بووی هێناو گۆشتەکەی خوارد و منیشی ناچار کرد لە هەمان گۆشت بخۆم.. لەوە گوزەشتە هەموو ڕۆژێکی چوارشەممە مەڕێکی ڕەشی دەخنکان، شمشێری هەڵدەکێشا و دەیکردە دو لەتەوە و نیو دوولەتەکەدا دەگوزەراو ئەو دەم گۆشتەکەی دەخوارد.

ئەفشین وەڵامی دایەوە، ئەم کابرایە بەپێی دینی ئێوە شایەتی قەبووڵ ناکرێت، وە لەوە گوزەشتە ئەم کابرایە پابەندی هەتاوەکوو ئاییینەکەی خۆیشی نییە، ئیدی چۆن باوەر بە کابرایەکی ئاوا دەکرێت؟

**<u>ڕووبەڕووبوونی ئەفشین و مازیار</u>**

مازیـار سـوپەهبود و شۆرشـگێڕی تەبەرسـتانیان هێنـایە نـاو دادگاوە، "ئیبنولداودی" قازی ڕوو بە مازیـار: ئەمەیە ئەفشـین کە تۆ دەڵێی هانی دەدایت تا شۆرش دەست پێبکەیت؟

یەفشین، نەیهێلا مازیار وەڵام بداتەوە وتی: درۆکـردن پیشـەی پیـاو نـیە، نەک شـازادەکان بە پەروەردگـار سـوێند دەخـۆم درۆکردن، تۆ لە مەرگ ڕزگار ناکات.. درۆ بێ سوودە..

مازیار وتی: ئەفشـین نە نـامەی بـۆمن نووسـیوە، نە نـوێنەری بۆلای من ناردووە، جگە لەوەی ئەبو حارسی بـاوەڕپێکراوی خـۆم وتــی، کە چــوم ئەفشــینم بینــی زۆر ڕێــزی لێگــردم.. یەعقــوبی دەڵێـت: مازیـار، پەیوەنـدیی خـۆی لەگەڵ ئەفشـیندا خسـتوەتە درۆوە و ئینکاری کردووە..


"تەبەری" لەو ڕووەوە دەڵێت: کە مازیاریـان هێنـایە دادگـا، لە ئەفشینیان پرسی: ئەو پیاوە دەناسی؟

- نەخێر، نایناسم..

کاتێک لە مازیاریان پرسی: تۆ ئەم پیاوە دەناسی؟

- وتی: بەڵێ، دەیناسم، ئەوە ئەفشینە..

بە ئەفشینیان وت، ئەوەش مازیارە



له ئەفشین پرسیار کرا: تۆ نامەت بۆ مازیار نووسیوە؟

- نەخێر نەمنووسیوە...


له مازیاریان پرسی: ئەفشین نامەی بۆت نووسیوە؟

وتی: بەڵێ، "خاش"ی برای نامەی بۆ کوهیاری برام نووسیوەو تیایدا نووسیبووی، ئەم ئایینی ئێمەیە کەسێک نیە بڕواتە هانایەوە جگە لەمن و تۆ و بابەک.. بابەک لەرووی نەزانینەوە خۆی بە کوشتندا و زۆر کۆشام لە مەرگ رزگاری بکەم نەمتوانی، بەڵام ئەگەر تۆ راپەڕی کەسێکیان نیە بینێرنە سەرت جگە لەمن، کە زۆربەی شەڕکەرانی ئێرانی لەگەڵ مندان.. ئەگەر من بنێرنە سەرتۆ بێگومان دەبمە پاڵپشتت. سێ تاقم هەن ڕۆژئاواییەکان، عارەبەکان وە تورکەکان.. عارەب وەک سەگ وان ئێسقانێکی بۆ فڕێ دەو بەلەقە بڕۆ سەرسەری، ڕۆژئاواییەکان وەک مێش و مەگەز وان، بەڵام نەتەوەی شەیتان کە بکاتە تورکەکان دوای یەک کاتژمێر شەڕ کە تیرەکانیان تەواو دەبێت پەلاماریان بدە، ئەمە ڕەوشت و بیروباوەڕی باو باپیرانمانە.

ئەفشین، وەڵامی دایەوە: ئەم کابرا باسی لە برای خۆی و برای من دەکات، یا باس لەمن دەکات..؟ ئەگەرچی من هیچم بۆ ئەو نووسیبێت، هەتاوەکو ئەگەر نامەشم نووسی بێت، مەبەست لە دەستگیری ئەو بووە، من بە شمشێر لەگەڵ خەلیفەیدا بووم، ئەوە نیە عەبدوڵڵا بە فێڵ مازیاری گرتووە.. منیش هەروام کرد.

- تۆ لەوانە گەڕێ.. تۆ خەتەنە کراوی؟
- نەخێر نەمکردووە..
- باشە، نازانی ئەوە یەکیکە لە ئەرکەکانی موسڵمانی؟
- من لەو باوەڕەیدا نیم تا ئەو گۆشتەم لێ بکرێتەوە ترسام توشی نەخۆشی ببم..
- تۆ لای خۆی شەڕکەرێکی بەناوبانگی، کەچی لە برینی پارچە گۆشتێک لە لەشت ترساوی؟
- شەڕ شتێکی ترەو خەتەنەش باوەڕم پێی نیە.. ئەمەش بە سەرپێچی ئیسلام نازانم.

بەوشێوە دادگاییکردنی ئەفشین پایانی هات و گەڕانیانەوە زیندان، تا لە دواییدا ئاکامی دەرکەوێت. لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کە لە زینداندا ژەهرچێژ کراوە و مردووە لە دواییدا لەشاردا لاشەکەیان هەڵواسیوە و لە ماڵەکەشیدا چەندین بتیان دەرهێناوە..



<u>**تاهیرییەکان**</u>

ئایا دەکرێت دەسەڵاتی تاهیرییەکان بە یەکەمین زنجیرە دەسەڵاتی ئازادی ئێران بژمێرین؟ تاهیریەکان لە رەگەزی ئێرانی و خەڵکی دەڤەری پوشەنگی هەرات بوونە و بەوەش شانازییان کردووە، کە لە رەگەزی پاکی ئێرانین، بەڵام پەیوەستە خۆیان لە عارەب جیاواز نەدەکردەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەو پەیوەندیەیان بچڕاند و کەوتنە دڵدانەوەی خەڵکی ئێران، بەڵام بانگەوازی ئایینی زەردەشتیان نەکرد و ئایینی ئیسلامیان هێڵایەوە و ئێرانیە بە ئیسلامبووەکان لایەنگیریان لێکردم.. لەساڵی ٢٢٠ کۆچی، قرِوقاتی لە سیسیاندا روویدا، ئاوی هیرمەند وشکی کرد، سێسەد هەزار درهەمیان ناردە لای پیاوانی ئایینی تا لە نێو خەڵکدا دابەشی بکەن، بەسەر ئەوەشدا ناکرێت ئەو دەسەڵاتە بە شێوەی ئەبو موسلیم و سنباد و ئوستادسیسی و بابەک و مازیار دابنرێت، ئەوەش راستە دەسەڵاتی تاهیریەکان بەسەر قافڵەی زەواری سەروەری ئێران دانرێت.

# - ٩ -
# شەڕی بیروڕا


<u>شەر لە رۆشناییدا</u>

شەڕێکی دوو سەد ساڵەی ئێرانییەکان دژ بە عارەبی دەیان کرد هەمووی لە تاریکی و ئاڵۆزی و دەمارگرژیدا نەبووە، فکری فەلسەفەی لەنێوان ئەوان و عارەبدا بەردەوام بووە، زۆر لە ئێرانییەکان بە باوەڕەوە موسڵمان بوونەو لایان وابووە ئایینێک عارەبەکان هێناویانە لە زۆر لاوە لە ئایینەکەی خۆیان شیاوتر و پەسەندتر بووە، بەتایبەت دووفلیقانەیی، ئایینی زەردەشتی بەرانبەر ئایینی یەکتایی، وە ئەو باوەڕەی ئەوی بیری خاوێن و پاک و چاک شیاوە هی غەیری ئێرانیە، ئەو بیرانەیان بەلاوە نابوو، بەڵام نەیارەکانی دۆینێیان خستبووە ژێر تیشکی رۆشنایی فەرهەنگی ئێرانیەوە. برێکیتر وڵاتیان بەجێهێلا بوو روو لە وڵاتانی تر رۆیشتبوون و لەوێڕا گیرسابوونەوە، ئایینی عارەبیان قەبول نەکردبوو، برێکیتریش ملی دانواندەوەو جەزیەی داوە،

بێ‌ڕێزی و جنێودانی عارەبی تامول کردوە، زەنادقەو ئازاد پیران لەسەرەتای دەوڵەتی عەباسیدا ژمارەیان کەم نەبووە، هەر ئەو بیر و ڕا جۆراجۆررە بووبە هۆی بازاڕگەرمی لێدوان لە بوارەکاندا، وەک ئایین، فەلسەفە و شەریعەت و کەلتوورە جۆراجۆرەکان.

**<u>ئایینی زەردەشت</u>**

ئیسلام ئایینی زەردەشتی خستە مەترسیەوە، لە ئایینی زەردەشتدا دوو گۆشەی سەرەکی تیادایە، خەیر و شەڕ.. ئەوی باش و چاکە و پەسەند و ڕۆشنی شیاو بێت، لەو ئایینەدا بەهێزی خەیر دەژمێردرێت، وە ئەوی ناپەسەندی و تاریکی و ناپاکی بێت، بۆ شەڕ دەگەڕێتەوە، وە وەک هەر ئایینێکی پیاوە ئایینیەکانی ئەو ئایینە توانای ئەوەیان تیادا بووە کە خەلکی بۆ کاری خێر و شیاو هان بدەن، وە بە پیچەوانەوە خەڵکی لە کارو کردەوەی ئەهریمەنی و نەشیاوی دوور بخەنەوە، قوربانی بکەن، مەی نەخۆنەوە، لەو ململانێی شەڕ و خێردا مرۆڤی زەردەشتی قۆڵی خێری کردەوەو بۆی کۆشاوە. وە پیاوی زەردەشتی بەرپرسیاری کار و کردەوەی خۆیەتی وە پەیوەستە هانی پەیڕەوانی داوە تا بەدوای زانست و ڕۆشناییدا بڕۆن و بۆی مانوبوونە وە ئەو چاوساغانەی کە خەڵکیان هانی چاکەو پاکی دەدا، لەدوادوای دەسەڵاتی ساسانیەکاندا کەوتبووە حاڵی نارەوایی و سوودجویی و ململانیی دەسەڵات و دارایی، بۆیە



نەیتوانی جەوهەری ئایینەکە بپارێزێت و نەیتوانی ئەو فەرهەنگە پێگەیشتووە بگرێتە خۆ، ئەگەرچی ئەو ئایینە، ئایین و شای بەدوو برا دەزانی بەڵام [موبدان و هیریدان] کۆشان کەوا دەوڵەت و دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، کتاوێک لە دوادوایی دەسەڵاتی ساسانیدا نووسراوە بەناوی:


[مینوگ خرد] تیایدا رەفتاری نەشیاوی رومانییەکان یەک بە یەک تیادا نووسیوە، کە چەندە ریاباز و دەمسازی زورداران و لەش پەروەری و زەڕدۆستی رەخنەگرتنی بێجێو نا دروست گەردنیان تیادا بڵاوە.. موغەکان خنکاوی ناو لیتاوی نارەوایی بوون، ئەوی بیریان لێ نەدەکردەوە کاری خۆیان و ئەرکانی ئایینی زەردەشتی بووە بەسەر ئەوەشدا لە زۆربەی کاری دەوڵەتی و ئایینی و ئابووری و سیاسیدا خۆیان تێهەلقورتاندووەو نەشیان توانیوە بەشێوەیەکی دروست کار و بار هەڵچەرخێنن. وە لە لەایەکیترەوە بڕێک بیروڕای ئایینی تازەو کۆن هەیبەت و سامی پێگەی هیربودان و موبدانی لەفکری خەڵکیدا کەم کردوو بوو ئەوە دەردەخات بە شێوەیەکی گشتی لەنێو بەڕێوەبەرانی ئایینی زەردەشتیدا ململانی و چەند بەرەکی دەستی پێکردبوو وە لە وڵاتی بەربڵاوی ئێراندا ئایینی جۆراوجۆر پەیڕەوانی لێ گلێربوویەوە وەک ئایینی عیسەوی، کلدانی، مەندانی، وە لە ڕۆژهەڵاتداا ئایینی بودائی، ئایینی شمنان وە هەروەها فەلسەفەی یۆنان بەتایبەت لە سەردەمی نەوشیرواندا.

## ئاییني ماني

ئەم ئـایینە بە یەکەمـین مەترسـی دژ بە زەردەشـتی ناسـراوە، داسـتانی ئەو ململانـیە گەڵێـک دوورو درێـژە، مـانی، ئـایینێکی هێنایە کایەوە بە تـێکەڵەیەک لە ئـایینە جۆراوجۆرەکـان دەناسـرا وەک [عیسەوی، زەردەشتی، زروانی، مەندائی، حەڕانـی..]، مـانی لە باوک و دایکێکی ئێرانی هاتوەتە دونیـاوە و لە بابـل پـەروەردە بووە، بیروڕای ئاییني ئەو دەڤەرەی وەرگرتووە، سـەفەری بەرەو ڕۆژهەڵات کردووە تـا لە نـزیکەوە ئاگـاداری ئـاییني بـودایی بێـت. ئەو ئـــایینە لەلایەن مـــوبەدانی زەردەشـــتیەوە بە تونـــدی ڕەدکرابوویەوە، وە توانیان مـانی بـدەنە دادگـا و لەنـاوی بـبەن و پەیڕەوەکانیـان لە زینـدان بئـاخنن، بەسـەر ئەوەدا ئەو ئـایینە حـاڵەتێکی عیرفـانی وە هەسـتێکی ناسـکی هونەرمەنـدی بە پەیڕەوانـی دەبەخشـی.. ئەم ئـایینە گەلێـک لە هێـز و هەیبەتـی ئاییني زەردەشتی لەناو بردوەو خستوەتە مەترسیەوە..

## مزدەک

بـا وەک موغەکـان تونـدوتیژی زۆریـان دژ بە پەیڕەوانـی مـانی بەکـار بـردووە. بەڵام نەیـانتوانی بەرگـری لە ئـاییني تـازە بـابەت بگرن.. زۆری نەکێشا مزدەک هاتە مەیدانەوە.. مـزدەک بـۆ خـۆی



یەکێک بووە لە موبەدانی ئایینی زەردەشتی، وە ئایینەکەشی زۆر لە زەردەشتیەوە بە دوور نییە، دەربارەی "شەڕ و ژان" هەم زەردەشتیەکان و هەم مانی گرنگیان پێداوە، مەزدەک و بیروڕای تازەی روو کردووە — خراپەکان، نەشیاوەکان، لە ئاکامی ئێرەیی و تورە بوونەوە دێنە کایەوە، کەواتە یەکسانی دەبێتە مایەی رەزامەندی خەڵکی وە دەبێ ئەو هۆیانەی کە مایەی ئێرەیی و ئاڵۆزی خەڵکە لەناو بچێت وە هاوبەشی لە ئافرەتدا و لە داراییدا بە کۆڵەکەی ئەو ئایینە دەژمێردرێت، بەڵام نەوشیرەوان بە شێوەیەکی سەخت و خوێناوی بەرهەڵستی مەزدەکیەکان راوەستا و زۆریانی لێ لەناو برد. بەسەر ئەو کوشتارەیدا ئەو ئایینە هەتاوەکو دوای لەناوچونی دەسەڵاتی ساسانیان هەر مایەوەو بەناوی خورەم دینی هاتنەمەیدانەوە

## زەندەقە:

بیروڕای فەلسەفی یۆنانی لەسەردەمی نەوشیرواندا لە ئێراندا لایەنگیرانی زۆری هەبووە، وە فەلسەفەی هیندوستانیش دیسان لە ناو گەلانی ئێرانیدا پەیڕەوانی زۆر بووە، لەو سەردەمەدا زۆر لەو کتاوە فەلسەفیانە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی پەهلەوی، فەلسەفەی هیندی و یۆنانی لە ئاسۆی ئێراندا دەبینران وە ئەو بیروڕایانە بوو بووە هۆی گومان و دوودڵی لەفکری خەڵکیدا وە

بیروباوەڕی گوتەکانی لەژێر قورسایی فەلسەفیدا پاماڵ دەکرد، وە زەنـدەقە مـوبەدانی زەردەشـتی بەرەنگـاری بووبـوونەوە، ئـایینی مـانی و مەزدەک تـا رادەیەک لە زەنـدەقەوە دوور نەبـووە، وردە وردە بیروڕای کـۆن و ئەفسـانە تـا دەبـوو بێرەنـگ و بـۆ دەنـوا.. عەقڵ هاتبووە مەیـدانەوە، ئیتـر شـەڕە دەنـووکی ئاییـنەکـان بـوو بـووە کـاری ڕۆژانە لەنێـوان مـوبەدیکی زەردەشـتی و قەشـەیەکی عیسـەویدا، ئەم باسـە ڕوویـدا بـوو [مـوبەد وتـی: ئـێمە بە هـیچ رەنگێـک ئـاگر بە خـودا نـازانین، ئـێمە بەهـۆی ئـاگرەوە خـودا دەپەرەسـتین، وەک ئێـوە چـۆن "خاچ"تـان کـردووەتە دروشـمی خۆتان]

ئاییـنی زەردەشتی بەخۆش بینی و سادەگی بەناوبانگە لەم دوا دوایـیەدا وردە وردە جـێگەی چـۆڵ کـردووە بـۆ ئـاییـنی مـانی و عیسەوی.

**<u>زروانی</u>**

زروان خـوای هەرە گەورەی کـۆنی بـاوکی هـورمزو ئەهـریمەنە نیشـانەی تەقـدیر و سەرنویشـت و سـەرئەنجامە، لەو ئاییـنەیـدا شـــەڕو خێـــر، وەک یەک ڕێـــزی لێـــدەگیرێ، لەوکاتەیـــدا زروان پەروەردگاری تاک و تەنها بـوو، لە ئاییـنەیـدا هـورمز و ئەهـریمەن

دوو بــرا بــوون، دوو هێــزی هەرە گەورە، لەیەک ســەرچاوەوە هــاتبوونە کــایەوە.. زروان، لەئێرانــدا تەواوی هێــزو قــودرەتی بە دەستەوە بوو، زئوس لە یونان‌دا خاوەنی هەمان هێزو توانا بــوو، بڕێک لە لێزانــان لایــان وایە، ئەم ئــایینە دوای ئــایینی زەردەشــت هاتووەتە مەیدانەوە، وە بیــروڕای فەلســەفەی یونــانی تیــادا بەدی دەکرێــت، وە نــاوی زروان لە ئێســتادا هــاتووەو ڕەنــگە بڕێــک لە بیروڕای کلدانیەکانیشی تیادا وەدی بکرێت، وە پیاوە ئایینیەکــانی زەردەشتی ئەم دینەشیان بەلاوە نەشیاو و دروستکراو نــاوبردووە، وە لە دوادوای دەســەڵاتی ساســانیدا کە ئاشــوفتە بــازاڕی وەدی دەکــرا ئەم ئــایینەش خەڵکــانێکی زۆری لــێ گلیــر بــووەوە، لە زەردەشتیەکان زۆرتر پەرەیان سەند بوو.

## **گومان و سەرسامی**

ئەو هەمــوو داهێنــانە ئــایینیە کە ڕۆژانە لە ســاحەکەیدا لە تەقەللادا بوون بەو ئەندازەشە موبەدەکان ئەوپەڕی توند و تیژیان بەکــار بــردووە، لە "دینکــرت"دا زۆر بە ناپەســەندی نــاوی لەو ئایینــانە بــردووە کە خودایــان لا وابــووە کە ســەرچاوەی شــەڕو خێرە... ئەو توندوتیژیانەی پیاوانی ئــایینی زەردەشــتی بەکاریــان دەبــرد بــوو بە هــۆی نــاڕەزایەتی ئــازاد فکــران و ئەندیشــەمەندان. ئەگەر ئــایینی ئیســلام زەردەشــتی لەنێــوان ئــایینی بــودایی لە

ڕۆژهەڵات و ئایینی مەسیحی لە ڕۆژئاوەوە گەمارۆدرابوو، بەڵام لە پڕ هاتنی هێزی ئیسلام بە بیروباوەڕەکانی قورئانی پیرۆزەوە زۆر بە زوو وە بە تواناوە ئەو وجوودە لە رزۆکەی ئایینی زەردەشتی لەق کرد و جیگەی گرتەوەو مەسیحیەت و بودایش لە ئێراندا کەوتنە پاشەکشێ و نەیانتوانی بەرانبەر هیچ جۆرە بەرانبەریەک بە ئیسلام و شمشێر بەدەستەکانی ئیسلام بکەن.

## ئایینی مەسیحییەت

ئایینی مەسیحیەت لە زنجیرە دەسەڵاتی ئەشکانیەکاندا لە ئێران دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە، لە سەردەمی زنجیرە دەسەڵاتی ساسانیدا لە پایتەختەکەیدا "تیسفون" گەورە قەشەیەک لە پایتەختدا بووە، بڕێک لە بنەماڵە ناسراوەکان ئایینی مەسیحیەتیان وەک دین قەبووڵ کرد، بەڵام کە ئایینی مەسیحیەت بووبە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی رۆم، شاکانی دەسەڵاتی ساسانی ئایینی مەسیحیەتیان بە مەترسی زانیوە بۆ سەر ئێران و دەسەڵاتەکەیان و کەوتنە ئازاردانیان، موغ و موبەدەکانیش پەیوەستە شاکانیان هان دەدا بۆ لەناوبردنیان دوو شای گەورەی ساسانی، یەزدگوردی یەکەم و خوسرەو پەرویز، بە نەرمونیانی دەیاننواڕیە پەیڕەوانی مەسیحیەتدا، ئیتر وای لێهات قەشە مەسیحییەکان ڕەفتاری توندوتیژ و نەشیاوییان دەربارەی

ئـاییـنی زەردەشـتی و ئاگردانەکـان دەکـرد، قەشـەیەک لە شـاری هــورمز ئاشــیر، ئاگردانێــک لە نزیکــی کلیســایەکدا بــووە، روخانـدوویەتی، وە لەشـاری "رەی"دا قەشـەیەک بەنـاوی "نرسـی" ئـاگردانێکی کوژانـدۆتەوە، ئەو کـارانە وایکـرد یەزدگـوردی شـا بیرورِای دەربارەی مەسـیحیەکان بگۆرِێـت، لەسـەرچاوە سـریانی و رۆمانیەکانـــدا زۆر نووســـراوە کە ئێرانیەکـــان پەیرِەوانـــی مەسـیحیەتیان ئــازار داوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێــت بەســەر ئەو ئازاردانەدا ئاییـنی مەسیحیەت لە ئێراندا زۆر پەرەی سەندووە.

**ئاییـنی بودایی**


لە رِۆژهەڵاتـی ئێرانـدا ئـاییـنی بـودائی لە بەربڵاویـدا بـووە. بە تایبەت لە بەلخ و سەغد و وڵاتانی نزیک بە چـین و هینـد، وە لە دەڤەری سیستاندا گەرِیدە بودائیەکـان سـەرگەرمی بڵاوکـردنەوەی ئــاییـنی بــودائی بــوونە، لە دوادوایــی دەســەڵاتی ساســانیدا سەرگوزەشــتە و بەســەرهاتی بـودا کرابـووە پەهـلەوی خەڵکـی دەیخوێنــدەوە.. ئــاییـنی "شــمنی" کە لە تورکســتان و ســەغدا لایەنگری زۆر بووە، بۆخۆی بەشێکە لە ئاییـنی بودایی، بەو شێوە لە وڵاتانی بەڵخ و سەغد و تورکستان ئاییـنی بودایی بڵاوبوەتەوە.

## دەمەقاڵەی فەلسەفی

وەک پێشـــتروتمان ئـــایینی زەردەشـــتی لە دوولاوەوە دەورە درابـــوو، بـــودایی لە ڕۆژهەڵاتەوە، مەســـیحیەت لە ڕۆژئـــاواوە، پەیوەستە گەمارۆکەیان تەنگتر دەکردەوە و بەهۆی موبەدە داوێن گڵاوەکـــان و ڕۆژانە ئـــایینی زەردەشـــتی لاوازو لایەنگرانـــی لـــێ دەکشانەوە.. ئیسلام بە روحێکی تازەوە، وە بە شمشـێرێکی تیـژ و بڕندەوە ماوەو مەودای نەداوە لەپڕ هاتە مەیدانەوەو تەواوی ئەو ئایینانەی رامالّی و بوونە تاکە سواری مەیدانەکە، ئەوانەی ئەهلی کتێب بوون، یـا موسـڵمان بـوون، یـا جەزیەدانیـان قەبـووڵ کـرد، ئەوانەی ئەهلی کتێـب نەبـوون، یـا کـوژراون یـا ئـاوارەی وڵاتـانی دوور بوون. ئـایینی زەردەشـتی بە فەرمـانی پەیـامبەری خـودا بە ئەهلی کتێب ناسراون وە جەزیەیـان لـێ قەبـوڵ کـراو و مـامەلەی کافر و موشرکیان لەگەڵدا نەکردن.

بەڵام مـــاوەی بـــاس و بڵاوکـــردنەوەی ئایینەکەیـــان پـــێ نەدرا، کاتێک بانگ لە مزگەوت دەدرا، سرودی زەردەشتی قەدەغەکرا..

زۆری کێشـــا تـــا مـــوبەد و هیریودەکـــان بتـــوانن لە رووی ئایینەکەیـانەوە بـدوێن، ئەو ئـازادیە لە سـەردەمی خەلیفەکـانی عەباسیدا وەدی کرا، بە تایبەت لە سەردەمی خەلـیفە مەئموونـدا، بڕێک بیروڕاو کولتوورێک کە تایبەتمەندی مەجووسەکان بوو لەناو موسڵمانەکانیشدا ئەنجـام دەدرا، هەتـاوەکو ئەو ئێرانیـانەی وا بە




دڵ و داو ئایینی ئیسلامیان قەبول کردبوو، بڕێک ئاداب و نەریتی باو باپیرانیان لە ناخیاندا هەروەک خۆی مابویەوە.

**فەلسەفەی خێر و شەڕ**

بیـــرو بۆچـــوونی کـــۆمەڵەی "قەدەریە" تـــا رادەیەک لە مەجووسیەتەوە نزیکەو بنەمای فکر و کاکڵەی قەدەریە لەوەدایە کە دەڵێت: مرۆڤ دەبی ئاکامی کارو کردەوەی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، ئەڵێت ئەوە خودا ویستوویەتی بۆیە وابووە، وە ئەم بۆچـــوونە جۆرێـــک "ســـنویەت"ی تیـــادایە و لەگەڵ یەکتاییـــدا ناگونجێت، وە ئەوە دەگەیەنێ لە بنەماوە جیاوازی خستوەتە نێـوان ســـەرەتای شـــەڕ و ســـەرەتای خێـــرەوە بەڵام بڕێـــک لە موســـڵمانان ویســـتیان ئەو بیـــروڕایە لەگەڵ ئـــایینی ئیســـلامدا بگـــونجێنن، وە بە ســـەر ئەو تەقەلـــلایەدا نەیـــانتوانی تارمـــایی مەجووسیەت دوور بخەنەوە، وە بڕێک لە چاوساغان لایان وایە تەرخـان کردنـی ئیمـامەت بـۆ عەلـی و کوڕونەوەکـانی عەلـی لە حەقیقەتـدا بیروبۆچـونیکی سـەردەمی دەسـەڵاتی ساسـانیە، کە چۆن ساسانیەکان لایان وابووە فرەخوایی و مافی سەڵتەنەت و دەسوەڵات تەنها هەر بۆ ساسـانیەکانەو بەس. ئەگەر کۆمەڵەی [قەدەریە و شیعە] بڕێک پابەندی بیروڕای مەجووسـیەت نەبووبن خۆ ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە هەندێ ئاداب و نەریەتـی ئیسـلامی

هێندە لەگەڵ بیروبۆچوونی مەجووسیەتدا جیاوازیان نەبووە راستە یەزدان و ئەهریمەن لەسـەر تەختـی زێڕینـی دەسـەڵاتن لەبیـروڕای خەڵکیدا ئاینی ئیسلام هێنابوویە خـوارەوە، بەڵام لە هەمانکاتـدا خـودا و شـەیتان دیسـان هەمـان قەنـاعەتی شـەڕخیرە، یـا ئاهورامزدا و ئەهریمەنی لەبیر و فکردا زینـدوو کردبـوویەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا خوداو شەیتان دیسان هەمان قەناعەتی شەڕخێرە، یا ئاهورامزدا و ئەهریمەنی لەبیروفکردا زیندوو کردبـوویەوە، بەڵام بە شێوەیەکیتر، داستانی ئیبراهیم و ئـاگری نەمـروود یادئـاوەری زەردەشت و ئـاگری پـاکە. دۆزەخ و بەهەشـت و قیـامەت، زۆر لە بیـروڕا کۆنەکـانەوە دوور نەبـووە، نـوێژی پێـنج فەرزە تەنهـا لە ئاینی ئیسلامدا نەبووە، بەڵکی لە ئـاینی زەردەشـتدا دیسـان بە ئەرک دانـــراوە.. خەڵـــکە زۆرەکەی ئێـــران خـــۆ وەک مـــوبەد و هیربودەکان پارێزگاری ئاگر نەبـوونە، بە ئاسـانی دەیـانتوانی ئەو ئاینەی لە وڵاتانی عارەبەوە هاتبوو قەبـووڵ بـکەن و ئەو هەمـوو نەشیاوی و ناڕەوایانەی پیاوانی زەردەشتی دەیانکرد دڵ و فکـری خەڵکی ئامادە کردبوو بـۆ ئەوەی پەیـڕەوی ئـاینێکی تـازە بـبن، ئەوانەش سوربوون لەسەر ئاینی باوباپیریانیان بە [ئەهلی زیمە] دەژمێـــردران و ئاگردانەکانیـــان نەدەروخـــا، بەڵام مـــاوەو مەودای جوڵانەوەی ئاینیان لێ قەدەغە کرابـوو مەودا نەدرا هـانی شـەڕی قورئان و ئاینی ئیسلام راگەیەنن خەلیفەکانی ئەمەوی سەختی و دژواریـان دەخسـتە پێشـی هەر بیروڕایەکـی تـازە، وە بـۆ خۆیـان




هێنـده پابەنـدی ئـایینی ئیسـلام نەبـوون، لە هەر خـولانەوەیەکی تازە دەترسان و زۆر بە دڵ رەقـیەوە دایـان دەپڵۆسـاو لە ناویـان دەبرد، بەتایبەت ئەگەر لە دەڤەرو وڵاتی مەوالیدا بـوایە، ئەوەیـان بە دژایەتی عارەب دەزانی، تا ئایینی ئیسلام.. حەجاج، بـێ یەک و دوو هەر فکرێکـــی تـــازەی بە "بـــدعەت" لەقەڵەم دەدا، بـــێ بەزییانە خاوەنەکەی دەکوشت.

**زەنادیقە**

خەلـــیفەی عەباســـیەکان لە ســـەرەتاوە لەو رووەوە گەڵێـــک سەختگیر و داپڵۆسێنەر بوون لەسەردەمی مەنسوورو و مەهدیـدا، گەڵێک رۆشـنبیر بە تـومەتی زەنـدیقی کـوژران، لە دوادوا رۆژانـی ئەمەویدا، دیـارە ئـایینی مەجووسـی و مـانەوەی ریشـوەکانی هەر وەک خـــۆی مـــابویەوەو کـــۆمەڵی زەنـــادیقە دیـــارە لەپـــێش کۆمەڵەکـانیتردا کەوتبـــوونە تەقەلـــلاوە، شـێوەی کـاری ئەوانە خولقاندنی گومان و دوودڵی بووە دەربارەی ئایینی ئیسلام. لەبەر ئەوەی دەوڵەتـــی ئەمەوی لە هەمـــوو بـارێکەوە داخورمـــا بـــووە، زەندەقە بە پاشماوەی ئایینی مانی درژمێردرا، بنەمای ئەو ئایینە لەســـەر گومـــان لە تەواوی ئایینەکـــان دانرابـــووە وە یەکێـــک لە خەلیفەکـــانی ئەمەوی [وەلیـــدی کـــوڕی یەزیـــد] مەیلـــی بەلای زەندەقەوە چەرخابووە وە لە سەرەتای دەوڵەتـی عەباسـیدا لەبەر

نەچەسپاوی دەسەڵات و بگرەو بەردەی ئەملاولا نەدەکەوتنە بیری زەنادیقەوە، لە بەسرەو بەغدادا ئازاد بیران وە" زەنادیقە و بێ ئایینەکان لە جوڵانەوەیەکی دیاری و بەربڵاودا بوون دژ بە ئایینی ئیسلامی، لەسەردەمی مەنسوورو و مەهدیدا جوڵانەوەکانیان بەرچاوتر بوو، بۆیە دەسەڵاتی کەوتە چارەجوییەوە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەوە کەوا ئەو دەستە و تاقمانە تەنها دوژمنی ئایینی و خەلافەتیش بەتایبەتی، دەربارەی قورئان گەلێک نارەوا بیریان دەکردەوەو مەرج و ئەرکەکانی ئایینییان بە گاڵتەجاڕی باس دەکرد [یەزدان بن بازان] لە مەککەدا بووە و "تەواف" کە دەبینی دەڵێت: "ئەمانە دەڵێی گای گێرەی خەرمانن. زەندیقێکی دیکە لەگەڵ [جەعفەر سادق]دا کەوتبووە گفتوگۆ پرسی بووی: ناڵێی سوودی ئەم نوێژ و ڕۆژووە چییە؟ ئیمام وەڵامی دابوویەوە: "ئەگەر قیامەتێک هەبێت ئەوە ئەرکمان بەجێ هێناوە، ئەگەریش نەبێت زەرەر و زیانێکمان نەکردووە.."... ئەو جۆرە تێفکرینانە بووبوونە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی عەباسی توندی و تیژی بنوێنێت.




## عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع

ئیبنولمـوقەفەع یەکێـک بـوو لەوانەی گرفتـاری دەسـەڵاتی عەباسـی بـوو، بە جـۆرێکی وەحشـیانە کـوژراوە، ئەم عەبـدوڵڵای کـوڕی مـوقەفەعە، یەکێـک بـووە لە نووسـەر و وەرگێـڕە بەناوبانگەکـانی ئەو دەمە کە بە رەگەز ئێرانـی بـووە [رۆزبەی کوڕی دادویە] خەڵکی دەڤەری فارس و دەربارەی زەنـدیق بـوونی زۆر نووسـراوە و وتـراوە، گـوایە کتێبێکـی بەرانـبەر قورئـان نووسـیوە، مەهـدی خەلـیفەی عەباسـی وتـوویەتی هەر کتـاوێکی زەنـدەقەم خوێنـدبێتەوە پێنووسـی ئیبنولمـوقەفەع تیایـدا دیـار بـووە.. ئەبـو رەیحـانی بەیروونـی دەڵێـت: " ئیبنولمـوقەفەع کە [کەلـیلە و دمـنە]ی لە زمـانی پەهلەویـیەوە وەرگێـڕاوەتە سـەر عارەبی، بەشی برزویەی تیادا نەبووە و بۆخۆی نووسیویوتیەوە تا گومـان دژ بە ئیسـلام زۆرتـر بێـت، تـا خەڵـکەکە ئامادەکـا بـۆ قەبوڵکردنی ئایینی [مانی] کە بۆخۆی یەکێک بووە لە پەیڕەوانـی ئەو ئایینە، سۆفیانی کـوڕی مەعـاویە "ئەمیـری" بەسـرەو بکـوژی مـوقەفەع بە تـومەتی زەنـدیق بـوون کوشـتویەتی بەڵام لە حەقیقەتـدا بـووە بە قوربـانی کیـنەی شەخسـی، ئەو سـۆفیانە لە تەقەلـلادا بـوونە مـوقەفەع بەدەسـت بهێنـێ ، خـودی خەلـیفەش بەدوایـدا دەگەڕا، سـەرئەنجام سـوفیان تـوانی ئیبنولمـوقەفەع بە چەنگ بهێنێـت، فەرمـانیدا تـا تەنورێـک گەرم بـکەن و پەلوپـۆی ببڕنەوە و بە بەرچاویەوە توڕی دەنە ناو تەنوورەکەوە.

لەراستیدا ئیبنولموقەفەع بووە قوربانی لێزانی و تێفکرینی خۆی، ئەو کۆشاوە بیروبۆچوونی موسڵمانەکان بەبیر و باوەڕی تازەوە دەوڵەمەندترکا، بەتایبەت لەبواری دادگا و قەزاوەت و شەریعەتەوە، وە لەو ڕووەوە نامەیەکی دووردرێژی بۆ مەنسووری خەلیفە نووسیوە.

<u>**بەشاری کوڕی بورد**</u>

بەشار وەک " ئیبنولموقەفەع" رەفتاری نەدەکرد، ئەو بێ سەرپۆش و راستەوخۆ بیروڕای زەندەقەی کردبووە هەوێنی شیرینکاری و گاڵتەجاڕی و هیچ ترس و تۆقیانێکی لەدڵدا نەبوو بێ چەکەرە قسەی خۆی دەکرد. ئەم کابرایە شاعیرێکی بەتوانا و قسەخۆش بوو، زکماک بە کوێری هاتبووە دونیاوە، خەڵکی بناری تەخارستان و هێندە شیعر و غەزەلیاتی پڕ لە زەرافەت و مەوزون دەخوێندەوە، ژنان دەرۆیشتنە ماڵەکەی بۆ بیستنی شیعرەکانی و گۆرانیبێژان زۆربەی شیعرەکانیان کردبووە گۆرانی و لەبەزمەکاندا تێکەڵ بە سەمای شۆخ پەیکەران دەوترا بووبووە هەوێنی بەزمی شەوانەی خەڵک و خوا، پیاوە ئایینییەکان دەیان وت: هیچ شتێک بە ئەندازەی شیعری ئەم کوێرە رەواج ناداتە تاوان و شەهوەت و پێوەندیی نێوان نێرو مێوە لە هەمانکاتدا هەڵبەستەکانی ڕاستەوخۆ هانی یاخیبوون لە دین دەدا و



پەنابەردن بۆ زەندەقەو بێ ئاینی دەژمێردرا، لەم ڕووەوە [واسلی کوڕی عەتـا] کە یەکێـک بـووە لە گەورە پیـاوانی موعتەزیلەکـان دەڵێت: "ئەوی ئەم کوێرە دەیڵێـت تەڵەی شـەیتانە، بەشـار، لای وابــووە، ئــاگر دیــاردەی ڕۆشــنایی و پەرســتگاری مەجــووس و زەنــدیقەکانە، خــاک کە کرنوشــی موســڵمانەکانی لەســەرەمایەی بێزاری مرۆڤە، هەتاوەکو خودی شـەیتانی بەلاوە گرنگتـر بـووە لە ئادەم، دەیوت، شەیتان لە ئاگر دروستکراوە وە ئادەم لە خـاک و خۆڵ

ئەو جــۆرە قســـانە سەرتاســـەری دژ بە کـــاکڵەی بیـــروڕای موسڵمانانە، بۆیە بە تـۆمەتی زەنـدەقە دەسـتگیرکراوە.. مەهـدی خەلیفەی عەباسی لەبەر هەجوکردنی لێـی بێزاربـووە، فەرمـانی دا دووسەد قامچی لێدەن.. لەژێر ئەو لێدانەدا مردووە...

## بڵاوکردنەوەی زەندەقە

جگە لەو دووانە [بەشارو موقەفەع] چەنـد کەسـێکی دیـکە کە بەزمــانی عــارەبی دەیاننووســی و چەنــدین کتێبیــان لەو ڕووەوە نووســی بــوو، بــو تــۆمەتی زەنــدەقە گیــراون و کــوژراون، وەک، عەبدولکەریمی کوڕی عەوجا، کە پەیـرەوی ئـایینی مـانی بـووە بە فەرمــانی مەهــدی کــوژراوە، بەســەر ئەو کوشــت و کوشــتارەیدا

بیـروڕای زەنـدەقە لە تەواوی ئاییـنەکـانی دیـکە جـگە لە ئیسـلام، ڕەواجـی زۆرتـر بـووە، بەتـایبەت لەنـاو ئازادیخوازانـدا، ئەوانەی نەدەچـونە ژێـر هـیچ ئـایین و مەزهەبێـک بڕێکیتـر هەر بـۆ گاڵتەجـاری و نوکتەبـازی لەزەنـدەقە دەدوان نەبێـت تەنهـا لەنـاو مەوالیەکانـدا زەنـدەقە ڕەواجـی پێـدرابێت، لەنـاو عارەبیشـدا ئەو بیـروڕایە هەر هەبـووە، بە تـایبەت لە دەڤەری [حیـرە]دا. لەوانە گوزەشـتە، لەم دۆڵـی دوو ڕووبـارە، کە ئێسـتا بە عێـراق دەناسـرێت، بـۆ خـۆی بەلانـکەی ئـایینی مـانی دەژمێـردرا، کە دەسەڵاتی عەباسـی پێکهـات بیـروڕا جۆراوجۆرەکـان هەسـتیان بە ئـازادیەکی زۆرتـر کـردو کەوتـنە جـوڵانەوەوە، تـاوای لێهـات دەسەڵاتی عەباسـی نەیتـوانی هەروا کەمتەرخەم و پـێ دەربەسـت بێـت. بـۆیە کەوتە گـرتن و کوشـتنیان بڕێکیتـر هەڵگـری هەمـان بیروڕای زەندەقە بوون بەڵام خۆیان وەدەر نەدەخست و هەروا بە پەنهـانی وەدەر نەدەخسـت و هەروا بە پەنهـانی لە کـاردا بـوون، ئەوی خەلیفەکانی عەباسی ئاڵۆز کردبـوو، زەنـدیقەکان دەکۆشـان تەواوی ئایینەکان ڕەدکەنەوەو خەڵکەکە لە ئایینەکان بە گومان و دوودڵ بکەن، بەشێوەیەکی وا تەواوی پەیامبەرانیـان بە درۆزن بە خەڵکـی دەناسـاند، ئەو جـۆرە تێفکـرینە بەلای خەلیفەکـانی عەباسیەوە قەبوڵ نەدەکرا، بەتایبەت لە قورئاندا بە هیچ جۆرێـک بـاس لە ئـایینی "مـانی" نەکـراوە و ئەو ئـایینە بە کـوفرو ئیلحـاد دەناسرا، بۆیە مەهدی خەلیفەی عەباسی، بە توند و تیـژی کەوتە

تەفروتوناکردنیانەوە، کابرایەکی دەست نیشان کردو دەستگایەلی تایبەتی بۆ سازاند، ئەو کابرایە ناسرا بە [×احب الزنادقة] وە وەسیەتی بۆ هادی کوڕی کرد، تا هیچ مەودایەک بە "زەنادقە" نەدات، هەروەها، هارونە رەشیدی خەلیفەش، هەمان رەوشتی توند و تیژی لە بەرانبەر زەندیقەکاندا بەکار برد، بەڵام لە سەردەمی مەئموونندا، مەوداکە کرایەوەو بە فەرمانی خەلیفە، یەکێک لە چاوساغانی زەنادەقە بەناوی "یەزدان بەخت"ی هێناو مەودای پێدا لە حزوری ئەودا بەرانبەر زانایانی ئیسلام بدوێت، بە مەرجێک خەلیفە متمانەی خەلیفەیی پێدرابوو.. دیارە "یەزدان بەخت" نەیتوانیوە بیرو بۆچونی خۆی بسەلمێنێت بۆیە مەئموون پێی دەڵێت: "ئەی یەزدان، بەخت، ئەگەر متمانەم پێ نەدابایت بێ یەک و دوو دەمکوشتی، وەرە ئیمان بهێنە..."


یەزدان بەخت، وەڵامی دەداتەوە: ئەی خەلیفە وتەکەت بەجێیە، بەڵام تۆ لەو کەسانە نیت خەڵکی ناچار بکەیت ئاینی خۆیان بگۆڕن.."

مەئموون، وەک خەلیفەیەکی موسڵمان رەفتاری کرد، هەواڵیان پێ گەیاند کەوا دە کەس لە کۆمەڵی زەندیقەکان خەریکی بڵاوکردنەوەی ئایینی "مانی"ن، فەرمانیدا، بیانهێننە حزووری ئەو دەکەسەیان هێنایە دیوانی خەلیفە، لە ڕێگەدا کابرایەکی چلێسی موفتەخۆر "×فیلی" لای وابوو ئەوانە بۆ داوەت و میوانی دەڕۆن،

کەوتە دویان و ئەویشیان بە زنجیرکراویەوە بردە حزوری خەلیفە، کـابرای چلـێس، لە بەنـدکراوەکانی پرسـی: ئەرێ نـاڵێن ئێـوە چ کارەن؟ .. بـۆی رۆشـن دەکەنەوە، بەڵام کـابرا بەپێـوەنەوە بـرایە بەردەستی خەلیفە و دانەدانە برانە پێش خەلیفە و داوای لێکـردن تا قسە بە مانی بڵێن و لە ئایینی مانی هەڵگەڕێنەوە.. نەرۆیشـنە ژێرو هەموویانی کوشت، نۆرە هاتە سەر کـابرای "چلـێس" کاتێـک داستانی خۆی گێرایەوە خەلیفە کەوتە کەنین و بەرەڵڵای کرد.

## مەئموون و کۆڕی گفتوگۆ

بەسەر ئەوانەشدا دەکـرێ بوترێـت، مەئمـوون و سـەردەمەکەی نەرمنیانتر بووە دەربارەی بیروڕا جۆراوجۆرەکان و کۆڕ و کۆمەڵـی جۆراوجـۆرە، دەیـانتوانی بیـروڕای خۆیـان تـا ڕادەیەک بە ئـازادی دەربڕن، زۆرتر ئەو شەڕەقسانە دەبـرانە پـێش خـودی خەلـیفە و لەوێـڕا ئەنجـام دەدرا، بەتـایبەت موبەدەکـانی ئـازادکرد، تـا بە ئـازادی لە ئـایینی زەردەشـت بـدوێن، زۆر لە ترسـی سـێوروتیژی شمشـێر نەک تەنهـا موبەدەکـان بەڵکـی زۆر لە رۆشـنبیران و ئەوانەی ئاگاداری فەلسەفەی عیرفانی و یۆنانی و ئێرانی و هیندی بـوون، ئیتـر بیـروڕای "مـوخەیەر و موسـەیەر" ئایـا قورئـان دروستکراوە یا خود "مونەزەلە"؟.. یـان دەربـارەی ئایینەکـان کە تا چ رادەیەک لەگەڵ بیر وبۆچوونی تازەدا گونجاو و سازکارن.



.........................................................................

مەئمـــوون، ئـــالەو باســـانە بەولاوە گەلێــک شـــیاو و شـــیرین هـــاتووەتە بەرچـــاو، بـــۆیە شمشـــێری خســـتبووە کـــیلانەوە تـــا لەبیروڕایان تێبگات و زمانی لوژیک و مەنتیق زاڵکاتە سەر زمـانی کوشتن و بڕین، بۆیە ڕۆژانی سێ شەممەی بۆ ئەو جـۆرە لێـدوانە تەرخـان کـردەوە لەنێـوان چاوسـاغانی ئایینەکـان و بیروبۆچـونە فەلسەفیەکاندا، وە لەو کۆڕانەدا کەسانێکی وەک: ئازەر فرینسـوغ پێشەوای زەردەشتیەکان و یەزدان بەخت پێشەوای مانەویەکـان و ئیمامی شیعەکان عەلی کوڕی موسا ڕەزاش بەشداریان دەکرد.

ئەو گفت و گۆیانە، لە زۆر کتاودا نووسراون.. هەر ئەو ئازادی بەیانە بووبە هۆی ئەوەی پەیڕەوانی زەردەشتی دەربارەی ئـایینی ئیسلام بدوێن.. دەڵێن: گفت و گـۆیەک کەوتە نێـوان ئیمـام ڕەزاو یەکێـک لە هیربودەکـانەوە بەنـاوی "مـیهن"، ئیمـام ڕەزا پرسـی: بەڵگەت چییە زەردەشت بە پەیامبەر دەزانی؟!

هیربـود، لە وەڵامـدا وتـی: زەردەشـت شـتێکی بـۆ ئـێمە هێنـا لەپێش ئەودا کەس نەیهێنابوو، شتێکی بۆ ئێمە کردە ڕەواو ئەرک جگە لەو کەس پێشتر نەیکردووە.."

ئیمـام لە وەلامیـدا دەڵێـت: پەیامبەرانێـک لە کۆنـدا هەبـوونەو پەیـامبەرانی دوای ئەوان بیروڕاکانیـان قەبـووڵ کـردووە، بەچـی مەعنا تۆ لەپێش زەردەشت بە هیچ جۆرێک قەبول نیە؟!

هیربود، نەیتوانی وەڵام بداتەوە..

تـا ڕۆژێـک زانـایەکی بـواری ئـایینی دووفلیقـانە هـاتە دیـوانی مەئمـوون و لە بەرانبەریـدا چاوسـاغانی ئیسـلامی کـۆ کـردەوە، کابرای زەردەشتی وتـی: جیهانێـک دەبیـنم پـڕە لە شـەڕو خێـر و ڕۆشنایی و تاریکی، چاک و خراپ، گومـان لەوەیـدا نـیە و نـاکرێ ئەوی چاکە بکات، خراپەی لێ دەوەشـێتەوە، کـاری خـراپ بکـات چاکەی پێ ناکرێت..

یەکێک لە دانیشتوانی موسـڵمان بە دەنـگ هـاواری کـرد "ئەی ئەمیری موئمنین، وەڵامـی ئـاوا کـابرایەک تەنهـا شمشـێرەو بەس، "مەئمـوون بـۆ سـاتێک بێـدەنگ بـوو، ئەودەم لە کـابرای پرسـی: "بەلای تۆووە، مەزهەب چییە؟"

- مەزهەب دروسـتکەری دەرمـانە، یەکیـک دەرمـانی شـەڕ دروسـت دەکـات، ئەویتـر دەرمـان بـۆ خێـر کـاری ئەوانە لەیەک جیایە ناتوانن کاری یەکتر ئەنجام بدەن..

مەئموون پرسی: ئایا ئەو دەوانە لەکاری خۆیاندا بەتوانان؟

- بەدڵنیـاییەوە، وە بە توانـاوە ئەو کـارە دەکەن! مەئمـوون وتـی: کەواتە زاڵن بەسەر کارەکەیانداو لە هیچ بوارێکدا بێ توانانین؟

- بێگومان، بێ توانا نین...

- کەوانە دروسـتکەری شـەڕ بەرانـبەر خێـر بـێ توانـایەو

هەروەها دروستکەری خێریش..؟

- بەڵێ هیچ کامیان لەویتریان بێهێزتر نیە..

- کەواتە، هەر دووکیان تەواو نین و ناتوانن بگەنە پلەو پایەی پەروەردگاری..؟

مەئموون فەرمانیدا کابرا بکوژن...


برێک لە زانایان، ئەم داستانەیان یاداشت کردووە، لایان وایە کابرای کوژراو پەیڕەوی ئایینی مانی بووە، وە برێک لایان وابووەو، ئەو کوژراوە "یەزدانبەخت" بووە... بەڵام ئەوی راستەو بە دەستەوەیە، مەئموون لەمێژدا ئەمانی بە یەزدان بەخت دابوو، وە وادیارە ئەم داستانە لەرووی دەمارگرژیەوە دروستکراوەو دەست هەڵبەستە...

**<u>هەواڵی راستەقینە</u>**

لە کتێبی پەهلەوی [شکند گمانیک و چار] دیارە لەدوای سەردەمی مەئموونەوە نووسراوە، تیایدا ڕوونکراوەتەوە، کە موبەدەکان چەندە دووچاری گومان و دوودڵی بوونە، کە کاری نەشیاو و ناپەسەند بدەنە پاڵی خوای چاکە و خێر، بەلایانەوە گونجاوە کە خوای خێر خراپەی لێ بووەشێتەوە.. ئەگەر خودایەک ئەم جیهانەی دروستکردووە کاروکردەوەی نەشیاوی و

ناپەسەندی و خراپە بێت، بێگومـان بۆخۆشـی خـوایەکی خـراپ و ناپەسەندە، لە خوایەکی وا لە چ ڕوویەکەوە بەتەمای چاکە و خێر بیـت؟ خـودایەکی وا گەورە و تەواوی بـێ کەموکـوڕی "نەقـس" خێـری لـێ ناوەشـێتەوە.. ئەم خـاڵە بـووەتە هـۆی ئەوەی زەردەشتیەکان بە دژوار بتوانن ئایینی موسڵمانی قەبووڵ بکەن و بە زمانێکیتر دەیان وت: ئەگەر خودایەک وا گەورەو بـێ هاوتـا و خێرخواز و پەخشندە بێت، ناگونجێت ماوەو مەودای شـەڕو کـاری نەشـیاو ڕێـگە بـدات... ئەگەر وایە [رەحمـانولرەحیمە] ناگونجێـت ئەم هەموو دەردەسەری و دڵ ڕەقی لێ بوەشێتەوە...

سـەرئەنجام، ئەم جـۆرە باسـانە دەکرێـت بە شـەڕێکی سەرپۆشدار بژمێردرێت لە نێوان ئێرانی و عارەبـدا، هەر کـاتێ بـۆ ئێرانییەکان لواو بـوو بێـت بێـدەنگ نەبـوونە.. بەتـایبەت مـوبەدە زەردەشتیەکان، وەنەبێت تەنهـا بەرانـبەر ئیسـلامیەکان راوەسـتاو بـوونە، بەڵکـی دژ بە مەسـیحیەت و جولەکەکـان و مانەوییەکـان هەتاوەکو دەهریەکان و ڕۆشنبیرانیش دژایەتیان کردووە، نمـونەی ئەو شەڕە قۆچ و دەمەقاڵیانەی نێوان گفتوگۆ و دەمەقاڵەی نێوان گەورە مـوبەدی زەردەشـتی [ئـازەرفرینبوغ] و [کجسـتەک ئەبالیش]ی گەورەی مانەوییەمان بـووە، ئەو دەمەقـاڵەیەی نیـوان ئەو دوو غەیـرە دیـنە، لەسـەردەمی خەلـیفە مەئموونـدا ئەوە دەگەیەنێت کە چەندە خەڵکەکە ئازاد بوونە، لە بیروڕای ئایینیدا، کەم کەم شێرگیربوونە و کەوتنەتە تانە لێدان لە قورئان... ئەوی



به دەســـــتەوەیە و حاشـــــاهەڵنەگرە پەیڕەوانـــــی مەزدەک بە نــاقوڵاترین، بیزیــاوترین ئــایین لە قەڵەم دراون، بەڵام توانییــان شۆرشێکی چەکدارانەی خوێناوی هەڵگیرسێنن بەناوی خــورەمی و خورەمدینانەوە، زیاتر لە چل ساڵ ئـازادنە بە ســەرداری بــابەک و مازیار دژ بە دەسەڵاتی عەباسی راوەستن...


## شعوبییەکان

لە ئاوا ململانیەکی بیروڕایی و ئایینییدا، بڕێـک بیــروڕای دیـکە هاتبووە ئاراوەو میللەتە بە ئیسـلامبووەکان لە خۆیـان دەپرسـی: ئایا ئەو عارەبانەی بەهۆی ئایینەوە بووبوون بە فەرمـانڕەوا، ئایـا عارەب لە میللەتە بە ئیسلام بووەکـان شـایانتر و شـیاوترن؟ ئەو پرسـیارانە میللەتـانی غەیـرە عـارەبی لە خۆیـان دەکـرد و ئەگەر گوێت لەوەڵامی عارەبەکان بووایە، بێ دوودڵی وەڵامیان دەدایەوە، بەڵــێ، ئـێمە بەرز و بـاڵاترین... بەڵــێ، ئـێمە مـایەی شــەرەف و شــانازی و جــوامێری و میوانــدارین.. ئـێمە، ئەو مــیللەتەین کەوا خــودا پەیــامبەری لەنــاو ئـێمەدا هەڵبــژاردووە، بـۆیە بــووین بە خــاوەنی مــاف و بەرپرســیاری ئــایینی ئیســلام، لەوانە گوزەشــتە خــودی قورئــانی پیــرۆز بە زمــانی عەرەبــی هــاتووەتە خــوارەوە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمەی عارەب لە هەرکەس و میللەتێکـی دیکە زۆرتر خاوەن مافین، ئەو بیروبۆچونانە زۆرتر لە ســەردەمی

دەسەڵاتی ئەمەویەکاندا لە ئێران و میللەتانی ناو ئێراندا بوو بووە باو.. وردە وردە میللەتانی غەیری عارەب کەوتنە بیرەوە، ئەوەی عارەب دەیکاو ئەو خۆ بە زلزانینە و خۆ هەڵکێشانەی بەسەر میللەتی بە موسڵمان بووی غەیرە عارەبدا دەیکەن، نە لە قورئاندا هاتووە و نە لەگەڵ کاکڵەی ئیسلامدا دەگونجێت.. لە قورئاندا راستەوخۆ هاتووە کەوا: تەواوی موسڵمانەکان یەکسانن، مەگەر لە پاریزگاریدا نەبێت، لە قورئاندا هاتووە: [ئەی خەڵکی ئێمە، ئیوەمان لە ژن و پیاو پێکهێناوە لەخێل و میللەتان تا یەکتر بناسن]..

خودی پەیامبەریش وتوویەتی: هیچ عارەبێ لە عەجەمێک بالاتر نییە، مەگەر لە پارێزگاریدا نەبێ.." کەواتە ئەو خۆ بەزلزانینە و خۆهەڵکێشانەی عارەب لەراستیەوە دوورە و بێبنەمایە.. بۆیە موسڵمانەکان هاتنە قسە و دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە، کەوا عارەب هیچ پێگە و جێگەیەکی لە موسڵمانەکانی یەک گەوهەرن و هیچ رەگەزێک لەویتر شایانتر نییە.. ئەگەر هەشبێت لەناو کەسانێکدا هەیە کەوا توانیویانە پارێزگاربن، لەناو تەواوی میللەتاندا چاک و خراپ و پاک و پیس هەیە، ئەوە گۆیاو بە پێگەی میللەتان ناژمێرین..

کاتێک خەڵکی ئێراق هەرهەموویان خۆیان بە نەوەی کیسراو قوباد دەزانی، شاعیریکی شعوبی دەیپرسی: باشە ئەی نەبتیەکان



بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟

زۆربەی زۆری عارەبەکـان ئەوەیـان نەدەسـەلماند و سـوربوون لەسەر بەرزباڵا بوونی خۆیـان و نـاوی داواکـانی یەکسـانیان نـا بە شعوبیەکان. کار بەوەوە ڕانەوەستاو شـعوبییەکان کەوتـنە ڕەخـنە و پەلار و بەرانبەرەکیە و بەڵـگە رووکـردن کەوا عـارەب نەک بەرز و باڵاترن بەڵکـی پـلەو پـایەی تێگەیشـتنیان لە ئـێمەی شـعووبی کەمترن نەکارێ نەبارێ نە هونەرێک نە پیشەسازیەک زانستێکیان لە باردا نەبـووەو نە هەیە، جـگە لە تـاڵانکردن و خەڵـک کوشـتن زیـاتر، هێنــدە هەژار و نەدار بــوونە لەتــاودا منــداڵانی خۆیــان کوشتوەو زندەچاڵ کردوە..

ئەوانەی داوای یەکســانی و بەرانبەریــان دەکــرد و بڕێــک لە خودی عارەبەکانیش بـوونە پاڵپشـتی داواکـارانی غەیـری عـارەب. بە تەواوی ئەو داواکـــارانە بە شـــعووبی نـــاوبران.. بەو شـــێوە ململانییەکی تازە هاتە کـایەوە و لە هەردوولا چاوسـاغان کەوتـنە کــار و تەقەللاکــردن بــۆ وەدەرخســتنی راســتیەکان و بنەمــای حەقیقەت، هەروەها گەیشتە رادەیەک شعووبیەکان کەوتنە ڕەخـنە و ڕەدکـردنەوەی خـودی قورئـان و کـاکڵەی ئیسـلام، وەنەبێـت بیروڕای شعووبی تەنها لە ئێـران و نـاو مەجـووس و زەندیقەکانـدا ڕەراجــی بــوو بێــت، بەڵکــوو ئەو بیروبۆچــوونە لەنــاو تەواوی میللەتانی غەیری عـارەبی بە ئیسـلام بـوودا پەرەی سـەند و بـوو

بەتایبەت لەناو چینی هەژاران و جووتیاراندا، هەرچەندە زۆرتـر لە ژێر زوڵم و زۆری عارەبدا بوون، زۆرتر لەناو ئەواندا رۆحـی دژ بە عارەب بوون پەرەی سەند بوو..

"ئیبنولقوتەیبە" دەڵێت: وازانراوە کاتێـک میللەتێـک دەکەوێـتە بەرشاڵاوی داگیرکەر لەپێش هەمووان‌دا چینی دەوڵەمەند...

ناسراوانی میللەتی ژێر دەستە لەگەڵ داگیرکەراند دەسـازێن و زووتر کەلتوری دوژمنان دەکەنە پیشەی ڕۆژانەیان.

لە ئێراندا دیسان چینی دەهەقانەکان و میرزادەکان وردە توانیان لەدام و دەزگای داگیرکەراندا جێ پێی خۆیـان بـکەنەوە و کەمتــر لە راپەڕینەکــانی دژ بە عــارەب بەشــداری بــکەن.. ئەوە حاشاهەڵنەگرە دڵڕەقی و تونـدوتیژی دەسـەڵاتی ئەمەوییەکـان دژ بە میللەتـانی غەیـری عـارەب گەلێـک لە دەسـەڵاتی عەباسـیەکان زۆرتر بووە. لە سەردەمی هیشـام کـوڕی عەبـدولمەلیک خەلـیفەی ئەمەوی، شــاعیرێکی ئێرانــی لە دیوانیــدا شــیعری خوێنــدۆتەوە، شانازی بە رابوردووی باووباپیرانی ئێرانی خۆیەوە کردبوو بەناوی [ئیسماعیل کوڕی یەسار] بە تایبەت لە خەلیفەگەری [مەئمـوون و موعتەسەم]دا هێزو بـاوی ئێرانــی و تـورک بە ئەنـدازەیەک پەرەی سـەندووە، بەرز و بـاڵا بـوونی رەگەزی عـارەب بـوو بە خەیـاڵ و ئەفسانە، وەزیرەکان زۆرتر ئێرانی بوون، یان سەردارانی لەشکر و سوپا، هەروەها تورکەکان هاتبوونە مەیدانەوەو زۆربەی دەسەڵاتی

ناو لەشکرو پارێزەرانی تایبەتی خەلیفە لە تورکـان هەڵـدەبژێران، وە زۆربەی زۆری چاوساغانی بەیتـولحیکمەی سـەردەمی مەئمـوون لە زانیاری ئێرانی پێکهاتبوون

## - ١٠ -
# پایانی شەوێک


**دوا ساڵەکان**

ئەو ساڵانەی وا بەغداو دانیشتوانی تەماشاکەری کوشتن و پەلپەلکردنی [بابەک و مازیار و ئەفشین] بوون، دوو سەد ساڵ لە بێدەنگی و ململانیی ئێرانیەکان گوزەرا بوو، لە شەڕی نەهاوەندەوە تا کوژرانی بابەک دوو سەد ساڵ تێپەڕی بوو، ئەو ماوە درێژە وەک شەوێکی پڕ لە ئارەزوو لە فکری ئێرانییەکاندا گوزەرا بوو، شەوێکی تاریکی پڕ لە دەردەسەر و تۆفانی بێ ئامان لە ژیانی ئێرانییدا تێپەڕی بوو، دوو سەد ساڵ دەردەسەری و تاریکی و بگرە و بەردەی نێوان عارەب و ئێرانی، دوو میللەتی رق لە دڵ ململانیەکی سەربازی و سیاسی بێ ئامان بۆ یەکتر لە هەل و فرسەتدا بوون.. راستە لەناو شاری بەغدادا شورشگێڕانی ئێرانی هەڵواسراو بوون، بەڵام بەدوا شەوەکانی دەبدەبە و دەسەڵاتی عارەب دەژمێردرا... ئیتر عارەب بە چاوی "فاتح"

سەیر نەدەکران، ئیتر سێبەری شمشێری رەحمی ئەمەوی هەتـاوی ئێرانی دانەپۆشـیبو. دوای دوو سـەدە ئیتـر عـارەب بە [فـاتیح]ی ئێـران نەدەزانـرا، ئیتـر کشوفشـی سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەمەوی دامرکـابوویەوە، هەتـا وەکـو لە دەربـاری خەلیفەکـانی عەباسـیدا دەسـەڵاتی ئێرانـی بە باشـی خـۆی دەنوانـد هێـز و شـکۆمەندی فەرهەنگی ئێرانی خەلیفەکانی سەرسام و گێژوویـژ کردبـوو، ئیتـر خانەدانە کۆنەکانی ناو ئێران باوەڕ بەخۆ بوونیان بۆ گێڕابوویەوە، ئەوی لەداگیرکردنی مەدائین و نەهاوەند لە دەستیان دابوو، بۆیان گەڕابـووەوە دوو سـەدە ژێـر دەسـتەیی، دووسـەد سـاڵ تـامووڵ کردن، دووسەد ساڵ لەڕۆژێکدا سەدجار مردن، لە ئاسـۆی ئـازادی و بـاوەڕ بەخۆبوونـدا هەتـاوی ئـازادی وەدەرکەوتبـوو.. دەوڵەتە خۆماڵیەکان بەدەست خۆیانەوە کاروباریان دەگوزەرا..

## تورک هاتە مەیدانەوە

خەلـیفە لە دەسـەڵاتی بەربـڵاوی عـارەب تـرس و تۆقیـان دایگرتبـوو، عـارەب لە پەراوێـزدا بـوون بـوو تەرازووی کاروبـار تورکەکـانی هێنـابووە مەیـدانەوە، وە بـۆ رازیکردنیـان ئیـرادە و توانایەکی بێسنووری پێ بەخشی بـوون. تـا بە ئـارەزووی خۆیـان دەستدرێژی بکەنە سەر ماڵ و حاڵی خەڵکی، ئیتر دزی و تاڵان و رشوەت پێشکەشـی لەنـاو تەواوی وڵاتـدا پەرەی سـەندبوو، لەنـاو



شــاری بەغــدادا ســەربازی تــورک بــێ مەبــادا ئەوەی بویســتایە دەیکرد، ئەوەی لای پەسەند بوایە دەیبرد، خەلیفەش تەماشـاکەر بوو لە دوادوایی دەسەڵاتی مەعتەسەمدا دەربـاری خەلـیفە لەلایەن تورکەوە بەڕێوە دەبرا، وە ئەو تورکانە کوێلەی موعتەسەم بـوون، تــا موعتەســەم مــابوو فەرمانیــان بەڕێــوە دەبــرد، کە ئەو مــرد، فەرمانی هیچ خەلیفەیەکی دیکەی عەباسیان گـوێ لـێ نەدەگـرت، بە ئارەزووی خۆیان مامەلەیان لەگەڵ خەلـیفەو خەڵکیـدا دەکـرد، کەس نەیــدەتوانی ســنووریان بــۆ دانــا. لە ولایەتەکانــدا گەلێــک خراوتــر لە بەغــدا رەفتــار و مامەلەیــان لەگەڵ خەڵکیــدا دەکــرد. کارمەندانی خەلیفە چ عــارەب و چ تــورک لە زوڵــم و زۆر درێغیــان نەدەکردو ئەوی بەلایانەوە گرنگ بووە سوودجوئی پول و پارە کۆ کــردنەوە بــووەو بەس.. وە هــیچ کاربەدەســتێک کاروبــاری پــێ نەدەســپێردرا ئەگەر لەپێشــدا بــڕە پــارەی پێشــکەش وەزیــر یــا کاربەدەســتە گەورەکــان نەکردبــا، ئەو کــارەی پــێ نەدەدرا، ئەو پێشکەشــیەو مانگــانە بــوو وەک ســەرقوفڵی ئەو کاروبــارەی دەژمێردرا.. وە نەبێت خەلیفە لەو کەیـن و بەیـنە بـێ ئاگـا بێـت، بەوردەکاریەوە پیاداچونەوەی بۆ تەواوی ئەو دامەزراوانە دەکـرد و پشـکی خـۆی وەردەگـرت.. ئەو هەمـوو [هەبە و هـانێ]یە تەواوی دەکەوتە ئەستۆی خەڵکە موسڵمان بووەکان.. والـیەک بەو شـێوە واڵیتـیەی بەدەسـت دەهێنـا، بـۆ بـاخ و خـاوەو خەراج وەرگـرتن، ئاگری لەسەر پشتی خەڵکی دەکردەوە، داستانی [مەعەنی کوڕی


زائیدە] کە لە سـەردەمی مەنسووری عەباسـیدا دەژیـا، ناوبـانگی زۆری بـۆ بەخشـندەگی و تەخشـان و پەخشـانی هەبـووە، بە فەرمـانی خەلـیفە دەکـرێتە والـی سیسـتان، ئەو بە سـەخاوەت و بەخشـندەگی دەناسـرا، دەبـوا سـەرمایە و سـەرچاوەی بەخشـندەگیەکەی بەردەوام بیـت و دارایـی لەبـن نەیەت. بـۆ ئەو مەبەستە کەوتە راو و رووت و داگیرکردنی دارایی خەڵکی، یەکێک بە نـاوی [عەبـدوڵڵای کـوڕی عەلا] نـامەیەکی شـکایەت ئـامێزی گەیاندە مەنسووری خەلیفە، تا بگاتە هـاواریەوەو دادی بپرسـێت، خەلـیفە هەمـان نـامەی شـکایەتی نـاردەوە بـۆلای مەعەنـی والـی بڕیاریدا چوارسەد جەڵدەی لی بدرێت، وە ئەو جەڵـدانە بێگومـان دەبـووە هـۆی مردنـی.. ناچـار ژیـانی خـۆی بە پـارەیەکی زۆر وەرگـرتەوە تـا نەکوژرێـت.. بەوشـێوە نـاڵەو هـاواری خەڵـکەکە نەدەگەیشـتە هـیچ لایەک، لە خەلـیفەوە بەشـداری ئەو زوڵـم و زۆرەی بۆتاسـەر وەزیـرو والـی و سـەرکارو کاربەدەسـتانی ورد و هەراش.. پێگەی وەزیرەکان بەلای خەلیفەوە وەک سـەرچاوەیەکی پولوپارە و دارایی سەیر دەکـرا، کە نیـازی بە پـارە پەیـدا کردبـا دارایی وەزیرەکەی داگیردەکردو لەسەرکار لایدەبرد و یەکێکیتـری دەخستەوە جێگەکەی ئەو شـێوە لابردنـی و دامەزرانـدنی وەزیـری تازەیە بوو بووە رەسم و رەواڵێکی ناسـراوی ئەو کـات و زەمـانە. ئیتر لە خەلیفەوە بۆ وەزیر و لە وەزیـرەوە بـۆ والـی و لەویشـەوە بۆ چاوساغانی خزمی والی. جارەوبار وەزیرێک لادەبراو پـارەیەکی

زۆر دەخـــرایە ئەســـتۆی و پێـــی نەدەدرا، دووبـــارە دەخـــرایەوە سەرکاروبار تا ئەو برە پارەیە ببژێریت، دەوڵەمەنـدی وەزیرەکـانی سەردەمی عەباسی لە سەرچاوەکاندا نووسراوە و شایی شـوکردنی کچی حەسەنی کوری سوهەیل بۆ مەئموونی خەلیفە، تا بە ئەمـڕۆ لەسەر زمانـانە.. خـۆ ئەو دارایـی و مولـّک و مـاڵە لە ئاسـمانەوە دانەباری بۆ ئەوە لە ئاکـامی عەرەقـی ناوچـاوانی خەڵـکە ڕەش و ڕووتەکەوە کۆ دەکرایەوە و خەڕاج و خاوەی سـاڵانەش سـەرباقی، شـــەحنە و زرتە زەلامەکـــانی کـــۆ کـــردنەوەی [خەراج و جەزیە] ڕووبارێک خوێنی بە دوواوە بووە، ئیتـر خـاوەنی زەوی و سـەرانە لە خەڵکی ناموسـڵمان وەرگـرتن، هـاوڕای ئەشـکەنجەو کوشـتن و بـڕین بـووە، بە تـایبەت دوو دەڤەرو وڵات کە زۆرتـر بە لانـکەی خەراج دەژمێردران، خوراسان و دەڤەری سـەواد بـووە کە پربـووە لە خێروپیت و بەرەکەت بـووە نیـوەی دارایـی دەوڵەتـی عەباسـی لەو دوو دەڤەرەدا کـۆ دەکـرایەوە، وتەی سـەعیدی کـوڕی عـاس، والــی ئێــراق لە ســەردەمی دەســەڵاتی ئەمەویــدا بەناوبــانگە کە وتوویەتی: [السـواد بسـتان القریشـی، مـا شـئنا اخـذنا مـنە و مـا شئنا ترکناە]

سەواد بە بۆیسـانی قـورەیش دەژمێردرێـت، ئەوی ویسـتوومانە بردومانەو ئەوەی نەمان ویسـتووە بەجێمـان هـێلاوە].. ئەو وتەیە لەســـەردەمی مەئمـــوون و موعتەسەمیشـــدا بە گونجـــاە دراوە لە قەڵەم. ئآش هەمان ئاش بووە.. بەڵام ڕووداوی دیکەش روویداوە،

"داودی کوری عەباس" لە ساڵی ٢٢٣ کۆچی والی بەڵخ بووە، دیارە خانمەکەی دەستی لە کاروباری ڕۆژانەی "والی" میردیدا وەرداوە، ناوەختە لە دارولخەلافەتەوە هاتن و بۆ وەرگرتنی خەراجی ساڵانە، یەشتا خەراج کۆنەکرابوویەوە، خانمی والی کراسە لە جەواهیر چنراوەکەی خۆی لەبری خەراجدا نارد بۆ دارولخەلافە.. باسەکە گەیشتە لای خەلیفە، ئەو لێزانی و خانمی ئەو خاتوونەی بەلاوە پەسەند و شیاو هاتە بەرچاو، خەراجی ئەو ساڵەی بەخشی و کراسەکەشی ناردەوە، بۆ خانمی والی.. بەڵام وە نەبێت هەمیشە خەلیفە بەو شێوەیە رەفتاری کردبێت، لەسەردەمی هارونەرەشیددا، ساڵێک خەراجی ئەسفەهان دواکەوتووە خەلیفە فەرمانی داوە، ئەوی ئەسپ لەو شارو دەورو بەرەدا هەبووە بفرۆشرێت، تا خەرجی ساڵانەی پێ بدرێت..

جاروبار خاوەن زەوی و زارەکان ناچار دەبوون فێڵ و حیلە شەرعی بەکار ببەن، زەوی زار و موڵکەکانیان دەکردە ناوی کابرایەکی دەسەڵاتداری دارولخەلیفەوە، تا نەکەونە بەر شاڵاوی گورزو قامچی شەحنەکانی خەراجەوە. ئەو زەوی و زارو موڵکە دوای ماوەیەک لەدەستی خاوەنەکەی دەردەهێنراو دەبووە موڵکی کابرای دەستڕۆیشوو. وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک کە والی سەواد بووە، لە سەردەمی ئەمەویدا، بەو شێوەیە بووە بە خاوەنی سەرتاسەری زەوی و زاری سەواد، کاتێک دەسەڵاتی ئەمەوی لەناوبرا، زەوی و زاری سەواد وەک موڵک، عەباسیەکان بوونە




خــاوەنی. ئیتــر ئەو بــێ دادپەروەریە هەر وەک جــاران بەردەوام بــووە، ســـەرئەنجام بــووەتە هــۆی شــۆرش و راپەڕیـــن دژ بە دەســـەڵاتی خەلــیفە و چاوســاغانی خەلــیفە، تــاڵان و چەپــاو و گەردەنەگێـــڕی و دزی و رێگـــری لە سەرتاســـەری دەڤەرەکانـــدا بووبـووە کـاری ڕۆژانەوە فەرمانـدەی لەشـکرو سـەربازەکان لەگەڵ دزو جەردەو رێگرەکانـــدا بووبـــوون بە شـــەریک و ئەوی زەوار و کـاروانی بازرگـانی هـات و چۆکەران بـووە رووتیـان دەکـردەوە و پشکی فەرماندەی لەشـکری دەڤەرەکەشـی لـێ دەدرا. هەتـاوەکوو لەسەردەمی خەلافەتی کەم تەمەنی "ئەمین"دا شاری بەغدا لەنـاو ملهوڕان و خاوسینەکاندا وەک گەڕەک دابەشکرابوو، لە سـەردەمی دەسەڵاتی مەئمـوونی عەباسـیدا، تـا رادەیەک تەفروتونـا کرابـوون بەڵام دوای دەســـەڵاتی موعتەســـەمی عەباســی کـوێلە تورکەکـان دووبارە رەواجیان دایەوە تاڵان و برۆی ناو شارەکان، بەوە تێریان نەخوارد روویان لە دەڤەرەکانی کرد و ئەوی بیانویستایە دەیانکرد و کەس نەیـــدەویرا بەرهەڵســـتیان بکــات.. هەتـــاوەکو خـــودی خەلــیفەش نەیــدەتوانی بەرهەڵســتیان بکــات.. شــاری بەغــدا، ئەوشـارە رازاوەیە پـڕ لە تـاوان و گونـاحە کە بە شـاری [هەزار و یەک شەوە] ناوی دەرکردبوو، ئیتر تارمایی سـادەگی و سـەرەتای ئیســلامی پێــوە نەدەبینــرا، خەلــیفە جــێگە و پــێگەی شــاکانی ســەردەمی ساســانیان گردبــوویەوە، هێڵێکـی رەشـیان کێشـابووە ســـەر کــاکڵەی ئیســـلام و رۆحـــی ئیســـلامیدا و لە ســـەردەمی


دەسەڵاتی تیسفون و دەرباری کیسرا زۆرتر نغروبووبوون، لە شەهوەتڕانی و خۆشگوزەرانیدا..

هەر والیەک جێگەی والیەکی‌تری پڕ کردباوە یەکەمین کاری ئەوە دەبوو، ئەوی دارایی والی و کەسوکار و خزم و خوێشی هەیە دەستی بەسەردا دەگرت و لە زیندانیان دەئاخنی.. دەگێڕنەوە: کاتێک [عومەری کوڕی عەبدولعەزیز] بووە بە خەلیفەی ئەمەوی [یەزیدی کوڕی موهەلەب] والی خوراسان لادەباو داوای یەک ملیۆن دیناری لێ دەکات، کە لە نامەیەکدا بۆ سلیمانی خەلیفەی نووسیوە، کە بەلایەوەیە، یەزید دەڵێت: "لێم گەڕێن با بگەڕێمەوە بۆ خوراسان تا ئەو پارەیە بهێنم"

خەلیفە دەڵێت: تا بڕۆیت و دووبارە ئەو پارەیە لە خەڵک و خوای هەژار وەربگری.. نا نەشیاوە.. تۆ بگەڕێیتەوە بۆ خوراسان.. ئەو زوڵم و زۆرە چ لە سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی وە هەروەها عەباسیەکاندا بەردەوام بووە، تا بێدەسەڵاتی خەلیفەکانی عەباسی دەستی پێکردوە. خەلیفە تەواوی هێز و توانای لەدەست دابووە، تورکەکان دەستیان بەسەر سوپاو لەشکردا کێشابوو، عارەب توانا و گوڕو دەسەڵاتێکی وایان نەبووە تا پاڵپشتی خەلیفە بکەن. بەو شێوە بەردەوام بووە، تا دەسەڵات لە ئێراندا کەوتووەتە دەستی تاهیریەکان و سەفەویەکان کە سەربەخۆیی خۆیان و ئێرانیان پاراستووە.. یەشتا بە تەواوی دوو



سـەد سـاڵ لە لەنـاوچونی دەسـەڵاتی ساسـانی تێـنەپەڕی بـوو، دەوڵەتی عـارەب جـگە لە نـاوەکەی هیچـی بەدەسـتەوە نەمـابوو، دەڤەرەکانی سیستان، خوراسان، ئەودیو ڕووبار، ساڵەها پڕ بوونە لە شـۆڕش و ململانـێ و راپەڕینـیش لەم دوا دوایـیەدا ئامـادەی سـەربەخۆیی بـوون. دوو سـەد سـاڵ بـی دەنگـی لەدوای شـەڕی "قادسـیە"وە لە وڵاتەکـانی ئێرانـدا ئیتـر پڕبووبـوو لە بـانگەوازی ئازادی، دوو سەد ساڵ لە تۆفانی قادسیە گوزەرا بوو، دەستەڵاتی ساسانی ژێر و ژور کرابوو لەو ماوە دووروودرێـژەدا گەلانـی ئێرانـی لەپێنـــاوی ئازادیـــدا چەنـــدین ڕووبـــار خوێنیـــان رژانـــدبوو، ئەبوموسـلیم، مـوقەفەع لە خوراسـان، جاویـدان و بـایەک لە ئازەربایجـان، سـوپەهبود و خورشـید و مازیـار لە تەبرسـتان، هاتبوونە دەنگی ئازادیەوە و لەو رێگەشدا خۆیان بەخت کـردووەو خوێنی رژاویان بووە بە هۆی شکاندنی پشت و کەمەری داگیرکەر بەو شـێوە دەسـەڵاتی داگیـرکەری عـارەب تەنهـا وەک خەیـاڵ مایەوە، ئەوەی لە تۆفانێکدا لەدەستچوبوو، لەبەرەبەیانی ئازادیـدا بەدەست هاتەوە و بۆ هەمیشـە دوو سـەد سـاڵی پـڕ لە خـوێن و فرمێسک بەسەرچوو.



سەرچاوەکان

## ئەلیف: سەرچاوەی عەرەبی


١- الآثار الباقيه عن القرن الخاليه، ابوريحان البيروني. "ئەم کتێبە لەلایەن مامۆستا ئەکبەری دانا سروشتەوە کراوەتە فارسی"

٢- ابواب في الصين و الترک و الهند، منتخب من كتاب "طبائع الحيوان" للطبيب شرف الزمان طاهر المزوري.

٣- احسن التقاسيم في معرفة الأقاليم

٤- الاخبار الطوال.. ابن حنيفه احمد بن داود الدينوري

٥- ادب الكتاب، ابوبكر محمدبن يحى الصولي

٦- الأغانى، ابو الفرج الاصفهانى

٧- الامامة و السياسة، الامام النقيه ابي محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة الدينوري

٨- الاموال، الامام ابى عبيد القاسم بن سلام

٩- اهل الذمة في الاسلام، ا.س.ترتون

١٠- البدء و التاريخ، المطهر بن طاهر المقدسي

١١- بيان الأديان، ابو المعالي محمدحسين العلوي

١٢- البيان و التيبيين، جاحظ

١٣- تاريخ ابي جعفر محمدبن جرير الطبري

١٤- تاريخ التمدن الاسلامي، جرجي زيدان

١٥- تاريخ الخلفاء، جلال الدين السيوطي

١٦- تاريخ العرب قبل الاسلام، الدكتور جواد علي

١٧- تاريخ بغداد، ابي بكر احمد بن علي الخطيب

١٨- التنبيه و الاشراف، ابي الحسن بن الحسين المسعودي

١٩- جوامع الحكايات و لوامع الروايات، نورالدين محمد عوفي

٢٠- الخوارج في الاسلام، عمر أبوالنصر

٢١- ديوان ابي نواس

٢٢- رسائل البلغاء، محمد كرد علي

٢٣- رسالة الغفران، ابي علاد المعري

٢٤- زهر الآداب و شمر الالباب، اسحاق الحصري القيرواني

٢٥- السيرة النبوية، ابوو هشام

٢٦- شذرات الذهب في اخبار من الذهب، ابن عماد الحيلي


٢٧- شرح نهج البلاغة، ابن ابي الحديد

٢٨- العقد الفريد، ابن عبد ربة

٢٩- عمدة الطالب في اسناب آل ابي طالب، جمال‌الدين احمد ابن علي بن الحسين الداودى الحسيني

٣٠- عيون الأخبار، ابوو محمد عبدالله مسلم بن قتيبة الدينوري

٣١- فتوح البلدان، بلاذري




٣٢- فخرالاسلام، احمد امين

٣٣- الفخري في الآداب السلطانية و الدول الاسلامية، محمد بن علوو طباطبائي المعروف بابن الطقطقي

٣٤- الفرق بين الفرق، ابى منصور البغدادي

٣٥- الفصل في الملل و الاهواء و النحل، الامام ابن حزم الطاهري الاندلسى

٣٦- الفهرست، ابن النديم

٣٧- كتاب البلدان، ابن الفقيه

٣٨- كتاب الخراج، قاضي ابي يوسف

٣٩- كتاب العبر، ابن خلدون

٤٠- كتاب الوزراء و الكتاب، ابي عبدالله محمدبن عبدوس الجهشيارى

٤١- مروج الذهب و معادن الجوهر، ابي الحسن علي بن الحسين المسعودي

٤٢- مسالك الممالك، ابوو اسحاق ابراهيم محمد الفارسى الاصطخري

٤٣- المعارف، ابن القتيبه الدينوري

٤٤- معالم القرية في احكام الحسبه، محمدبن احمد القرشي

٤٥- معجم البلدان، ياقوت الحموي

٤٦- مفاتيح العلوم، ابى عبدالله محمدبن احمد بن يوسف الكاتب الخوارزمي

٤٧- مقاتل الطالبين ا اخبارهم، فخرالدين احمد النجفي

٤٨- مقالات الاسلاميين و آختلاف المصلين، ابي الحسن على بن اسماعيل الاشعري

٤٩- مقدمة ابن خلدون

٥٠- وفيات الاعيان، ابن خلكان

## بێ: سەرچاوەی فارسی


١- احوال و اشعار، ابوعبدالله جعفر بن محمد رودکی سمرقندی

٢- بابک خرم دین، سعید نفیسی

٣- بحار الانوار، محمد باقر مجلسی

٤- برهان قاطع، محمدحسین بن خلف

٥- بیست مقاله قزوینی

٦- تاریخ ادبی ایران، پروفسور ادوار براون

٧- تاریخ اسلام، دکتر علی اکبر فیاضی

٨- تاریخ بخارا، ابوبکر فرشخی

٩- تاریخ سیستان، ملک الشعراء بهار

١٠- تاریخ طبرستان، بهاءالدین محمدبن حسین بن اسفندیار

١١- تاریخ طبرستان و رویان مازندران، سیدعلم الدین دن سید نصیرالدین مرعشی

١٢- تاریخ گزیده، حمدالله مستوفی

١٣- تجارب السلف در تواریخ خلفا و زراری دیشان، هندوشاه ابن سخر بن عبدالله نخجوانی

١٤- چهار مقاله، احمدبن عمر بن علی النظامی العروضی السمرقندی

١٥- حماسه های ایران، وه رگیران، بزرگ علوی

١٦- خاندان نوبختی، عباس اقبال

١٧- خرده اوستا، پورداود

١٨- دستور الوزراء، غیاث الدین خواندمیر

١٩- روضه الصفاء، خواندمیر

٢٠- تاریخ گردیزی، ابوسعید عبدالحی بن الضحاک بن محمود گردیزی

٢١- سبک شناسی، محمدتقی بهار ملک الشعراء

٢٢- سیاست نامه، ابوعلی حسن بن علی نظام الملک

٢٣- عیون اخبار الرضا، ابن بابویه

٢٤- فارسنامه، ابن بلخی

٢٥- فتوح البلدان، بلاذری

٢٦- فرهنگ ابران باستان، پورداود

٢٧- گاتها بسرودهای زردشت، پورداود

٢٨- گچستک ابالیش، صادق هدایت

٢٩- مازیار، مجتبی مینوی و صادق هدایت

٣٠- مانی و دیت او، حسن تقی زاده

٣١- مزدیسنا و تاثیر آن در ادبیات پارسی، دکتر معین

٣٢- مسالک الممالک، ابی اسحاق ابن محمدالنارس الاصطخری

٣٣- یسنا، پورداود

٣٤- یشتها، پورداود